# پێشەکی

ئەکرێ بێژین، ئەگەر ژیان قوتابخانە بێ و مرۆڤیش قوتابی و فێرخواز، بێ گومان سەفەریش یەکێ لە گرینگترین مامۆستاکانی ئەو قوتابخانە و فێرخوازەکانیەتی.
سەفەرەکان جۆراوجۆرن، ئەکرێ بەپێی ئامانج و ئەرکەکانیان پۆلێن و پێناسە بکرێن. بە کورتییەکەی ئەوەی ئێمە دەبێتە سەفەری کۆچ و ئێمەش لەو سەفەرەدا دەوری کۆچەر یان کۆچبەرمان هەیە، هەڵبەت بە پەنابەر، پەناهندە و پەناخوازیش ناو ئەبرێین.
کۆچ ئەو چەمک و وشەیەی کە خەڵکان، گەلان و نەتەوە بێ وڵات و دەوڵەتەکان زیاتر پێی ئاشنان و ئازارە رۆحی، جەستەییەکانیان دەرک و هەست پێکردووە و ئەکەن، یان ئەو وشەیەی کە هاوڕێی شەڕ ، وێرانی، کاولکاری، کوشتن، گرتن، ئەشکنجە، خەفەقان، سەرکوت، دەمکوت و نائەمنییە.
بەکورتی لەو شەڕ و کاولکاری و کوشتار و شێوانشێوەی عێراق و سوریەدا و هاوکات لەگەڵ دەرکەوتنی دیاردەی داعش دا، دەروازەکانی ئۆرووپا هەتا ئەگاتە سنوورەکانی تورکیا لەژێر ناوی هاوکاریی کۆچبەران و پەناخوازان دا کرابوونەوە ئێمەش وەک

زۆر خەڵکی دیکە بڕیارمان دا بەرەو ئۆرووپا سەفەر بکەین.
لەم سەفەرەدا هەتا گەییشتینە جێ، وەک چاوەڕێیمان ئەکرد، زۆر ناخۆشیمان بینی، زۆر کۆسپ و ئاستەنگمان هاتەڕێ، بە زۆر هەورازا سەرکەوتین و زۆرمان ساردی و سۆڵی بینی. لەگەڵ چاوەڕوانکراوییەکانیشمانا دیسان بەرەوڕووی زۆر شتی چاوەڕوان نەکراو بووینەوە.
هەمووومان تا ئەوکاتە لە تەجرۆبەی سەفەرێکی ئاوا بێبەش بووین. گوشاری جەستەییمان زۆر لەسەر بوو و ئەو گوشارە جەستەییەش زۆر جار نەک تەنیا قووڵایی رۆح بەڵکوو ئەگەییشتە مۆخی ئێسکەکانیشمان. ئەمەش رۆح و جیسمی هەمووومانی خستبووە ژێر مەنگەنەوە و ئەیگووشی، بەچەشنێ کە بێتاقەتی و دڵەڕاوکێ و برسێتی و بێ ئیسراحەتی و پشوونەدانی چەندین شەو و رۆژی و مانەوەی زۆر لە ناو سەفی دوور و درێژ لە بەر سەرمادا زۆر جار نەک تەنیا لە یەکتری و دەوروبەرمان، بەڵکوو تەنانەت لە خۆشمانی بێزار کردبووین.
ئەمەش کە لێرەدا ئەیخوێننەوە، تەنیا رەهەند و گۆشەنیگای منە بۆ ئەم سەفەرەمان کە لە باشووری کوردستانەوە دەست پێدەکات و لە ئاڵمان کۆتایی دێ.
هیوامە دۆستان، هاوڕێیان، هاوسەفەرەکان لە

کەموکۆڕی، لەقەڵەم کەوتنی شتێ، یان باسی خاڵێ کە لای ئەوان وانیە و بەدڵیان نەبووبێ بمبوورن. چونکی بێگومان ناکرێ چاوەڕوان بین نووسینەوەی بەسەرهاتی لەم چەشنە بێ کەموکوڕی بێ.
لێرەشدە پێمخۆشە بەجێی درێژکردنەوەی زیاتری پێشەکییەکە، دەست بە خوێندنەوەی بەسەرهاتەکە بکەن و پێموایە بەم چەشنەش ئەبنە هاوسەفەرمان و ئێوەش تا دوا وێستگە لەگەڵمان ئەبن.
لەگەڵ سپاس و رێزم دا
نووسەر

## سەربردەی کۆچی ئێمە لە هەولێرەوە تا ئاڵمان

لە کۆتاییەکانی مانگی ١٠ی ٢٠١٥ بوو کە وەک زۆرێکی تری بێزار لە کەشی نالەباری باشووری کوردستان، بڕیاری کۆچ بەرەو ئورووپام دابوو.

لە ماوەی هەفتەیەک دا ئۆتۆمۆبیل و خڕ ناوماڵ و کەلوپەل و شتومەکمان بە هەرزان و تاڵان فرۆشت و گسکمان لە ژیانی باشووردا و تۆشەبەرەی خۆمان بۆ سەفەر ئامادە کرد. منیش وەک زۆربەی هەرە زۆری ئەو کوردە خەباتکارانەی دیکەی نیشتەجێی باشوور، بێ شوناسنامە و پاسپۆرت بووم. گەرچی لە یاسای عیراقدا هاتووە هەر کەس ١٠ ساڵ لە عیراق بێ شوناسنامەی عیراقی ئەدرێتێ، بەڵام ئەوە راست نیە،

چونکی ئێمە هەمانە زیاتر لە سی ساڵە لە عیراق و هەرێمی کوردستانە و کە داوای شوناسنامەش ئەکات، گاڵتەی پێ ئەکەن. ئەوەش لە حاڵێکدایە شیعەکان بە ملیۆنان خەڵکی شیعەی ئێرانیان هێناو شوناسنامەی عێراقییان پێ بەخشین و لە هەڵبژاردنەکانیشا بەکاریان ئەهێنان!

بەهەر حاڵ با لەسەر ئەمە نەڕۆین. من بەو حاڵە دەبووا لە رێگای قاچاخ یانێ بە رێگای سنووری و چۆم و چیای نێوان کوردستانی تورکیەو عێراقدا تێپەڕم و لەوێوە بۆ وان و لە وانەوە بۆ ئێستانبوڵ و دواتر بۆ کەنارئاوەکانی ئێزمیر و لەوێشەوە بە ئاودا لەگەڵ بەقیە بۆ یۆنان بپەڕێنەوە.

ئەوە من بڕیارم داوە دووسبەی بکەومە رێگا و دۆستانی قاچاخچی بە ٥٠٠ دۆلار بمگەیەننە ئیستانبوڵ. ئامادەکارییەکان کرابوون، راپۆرت و هەواڵەکان هەر هەموو ئەیانگوت هوشیار پەلە بکە و هەتا ١٥ مانگی ١١ی ساڵی٢٠١٥ سنوورەکان بۆ کاروانی پەنابەریی کراوەن و پاشان دادەخرێن و تۆش بە لاقێکی لەجێ چووەوە و بێ ماڵ و حاڵ و ماشین و ژیان، وەک بەردی چەقیو لە جێ خۆت دەمێنیەوە!

ئێوارە بوو، ماڵمان نەمابوو، هەموو شتمان فرۆشتبوو و بۆ چەند شەوێ رووومان کردبووە "خەزوورئاوا"

واتە ماڵی مامۆستا محمد بابی ئەرخەوان خانی هاوسەرم.

بەڵام خزمێکیان مناڵی دەبوو و لە نەخۆشخانە بوو. بە مۆدێلی خۆیان هەر هەموو بنەماڵە لەگەڵی رۆیشتبوون.

ماڵەوەیان هەندێ مشەوەش ببوون، کلیلیان بۆ جێنەهێشتبووین، ئەبووا من بە مۆدلی دزی کردن بەسەر دیواری حەوشەکەیانا سەرکەوتبام و درگای حەوشەم کردبایاتەوە، ئیدی درگاکەی دیکە کراوە بوو.

گەرچی لە بەختی رەشی خۆم شارەزای ئەو مۆدیلەش نەبووم، بەڵام هەر وام ئەزانی کەڵەبابەکەی جارانم و لە چاوتروکانێکا بە داروبەردا سەرئەکەوم و بە خەیاڵی خاوی ١٠ ساڵ لەمەوبەر کە ٧٠ کیلو ئەبووم، بە ٩٥ کیلو وەزنەوە لە دیواری زیاتر لە دوو میتری حەوشە سەرکەوتم.

دیوارەکە بەرز و باریک بوو، ئەوانیتر(خوشک و برایەکی ئەرخەوان خان) وەک ئەوەی چاوەڕێی رووداوی کۆمێدی کەوتنەخوارەوەی من بن، ماق ببوونەوە پێما و لە خوارەوە سەێریان ئەکردم.
سەرکەوتن ئاسان بوو، بەڵام سەرکەوتن هەمان و قەوانچەبوون و کەوتنەخوار هەمان!

کەوتنە خواری من هاوکات بوو لە گەڵ اللە...اللەی ئەرخەوان و ئەوانا. لاقم کەوتە ژێر لەشی ٩٥ کیلوم و قرپەی هات،چاوتان رۆژی خراپ نەبینێ و ئەوی بەسەری من هات بەسەری دوژمنەکەشتان نەیێ و کافر بە حاڵم نەکا.

باڵی راستم لە دیوارەکە گیر کرد، بەڵام لە بەر کێشی زۆرم، ئاخر(٩٥ کیلو) بە دەستێ راناگیرێ، کەمێ لە گوشاری کەوتنەخوارەکە کەم بووەوە بەڵام باسکیشم شین و رەش هەڵگەڕاو رووشا.

رمبەی بەربوونەوەی من و اللە اللەی جەماعەتی تماشاکەر بە لایەک و بەرچاو رەش بوونی من لە تاوی ئازاری لاقم بە لایەکیتر.

ئەوان واقیان وڕما بوون، چاویان لە من ئەکرد و منیش لەو کاتەدا وەک فلاش بەکی فیلمی سینەمایی، فرۆشتنی هەرزان و تاڵانی کالوپەلی ناوماڵ و ماشین و بێ تاقەتی و بێزاری ئەرخەوان بۆ سەفەر و دوورکەوتنەوە لە خێزان و بە تاڵان چوونی ناو ماڵەکە و ئەو شتانەی کە بە دڵی خۆمان کڕیبوومان و هەروەها سەفەری ناڕوون و نادیارمان و زۆر شتیتر ئازاری لاقی تەسکین ئەدام و ئازاری دڵی رۆحی بەژانتر ئەکردم.

بۆ چەن چرکەیەک نەم ئەزانی لە خەودام یان لە واقێعێکی پڕ لە تاڵاو، حەزم ئەکرد خەو بێ، بەڵام دەنگی هاواری چیت لێ هات؟ ئەتۆ باشی؟ داهەستەوە؟ مەگەر نەموت مەچۆسەرەوە؟و لێپرسین و مەنع و لۆمەی ئەرخەوان و جەماعەت، خەیاڵ و خەوەکەم لێ زڕا و بووە واقێع و زانیم راستە و تەواو. ئەوجا بیرم کەوتەوە باشە خۆ من بە ناخێری سەرم، دوو رۆژیتر سەفەرم لەپێشە، باشە بەڕاست ئەبێ چیبکەم!؟

خڕپاک سەرم لێ شێوابوو، هەوڵم دا بجووڵێم و هەستم غیرەتێ بەرخۆ بدەم و وانیشان بدەم کە باشم و سەفەرەکەم دواناخەم، بەڵام کار لەو شتانە ترازابوو، لاقم لە ئەژنۆمەوە خوار لەگەڵم نەدەهات!

بەوحاڵەشەوە ئاخرەکەی هەم گەرم بووم و هەمیش غیرەتم بەرخۆدا و هەستامەوە. بتبینییبام، کەواپانتۆڵی کوردیم لەبەر کردبوو، هەر ئەتوت کوێخای گوندم و بۆ زەماوەن و پڵاوخۆری رۆیشتووم.

کەمێ خۆم تەکاند و هەستامەوە، بە نیوە شەلی و شەلییەکی ناشیرین خۆم کێشایە ناو حەوشەکەیان، باشی؟ چیت لێ هاتووە؟ چۆنی؟ درێژەی هەبوو....

تا دەهات ئازارم زیاتر ئەبوو و هیوا بە سەفەر لە دوو رۆژی دیکەدا بۆ تورکیە، کەمتر دەبووەوە. کار لە

شێلان و بە ئاوی گەرم ماڵین دا نەبوو. کەمێ ساردەو بوومەوە ئازارەکەم گەیشتە ئێسکم.

ئەرخەوان و جەماعەت پەرێشان ببوون، ئەرخەوان زۆر بێتاقەت دیار بوو، نیگای چاوی کز و بێتاقەتی ئەو ئازارەکەی بیر دەبردمەوە.

چونکی لە راستیدا هیوای ژیانی نیسبەتەن سەرلێشێواوم لە باشوور بە تەواوی لە ریشەوە هەڵکەندبوو و تەنیا ئەویش باش ئەیزانی لە دڵی منا چە خەبەر و بەزم و هەرایەکە.

بە بێ تاقەتی و پەرێشانیەوە، هەر لە دەورم ئەهات و ئەچوو، نەیئەزانی چی بکات، ئەوانی دیکەش بە هاوخەمی و هاودەردیەوە لە تەنێشتم دانیشتبوون و بە زارییەوە چاویان تێ بریبووم و تاوێ چاویان لە دەموچاوی بێ تاقەتی خۆم ئەکرد، تاوێ لە لاقم. منیش زوو زوو ئەموت هیچ نیە، بێخەم بن، کەمێ ئێشم پێ گەییشتووە، چی نیە ئەمشەو چاک دەبم. لە راستیدا خۆشم باوڕم بەو قسانەم نەبوو و ئەوانیش هەروا!

ئەرخەوان خان هاوسەرێکی کەم وێنەیە، بە تەواوی هەستم ئەکرد کە ژان و ئازارەکەی من بە زیادەوە سەراپای رۆح و جیسمی ئەوی داگرتووە، تاو ناتاوێ بە دەم بێزارییەکی قووڵەوە ئەیگوت:

بریا من بووایام لە جێی تۆ. ئەمە زیاتر لە ئازاری پا و ژانی رۆحم بێتاقەتی ئەکردم. تەلەفۆن کرا بۆ ئەوانیتر. وردە وردە هەموو هاتنەوە. پەرێشانییەکە ئەوانیشی گرتبووەوە. رووداوەکە تراژدیک کۆمێدی بوو.
مامۆستا محمد.ی بابی ئەرخەوان خان، نەک لەبەر ئەوەی خەزوورمە، بەراستی پیاوێکی هەتا بڵێی بەڕێز و مەوقێفە(خاوەن هەڵویست)ە. هەر کە لە دەرگاکە هاتە ژوورەوە منی بەو وەزعەوە بینی، خۆی پێ نەگیرا، بە دەم بزەو پێکەنینەوە ئەحواڵپرسیی کردم. بەڵام پێکەنین بە سەر ئەحواڵپرسیەکەیا زاڵ بوو.

منیش ویڕای ئەو پێکەنین و بێتاقەتیم تێکەڵ کردبوو.

نەزیرە خانی دایکی ئەرخەوان خان لە میهرەبانیا کەم وێنەیە،ئەمانە ماستاو بۆ خەسو خەزوور نین، بەڵکوو هەر بەڕاستی لەو ٥ساڵەی کە تێکەڵیان بووم، زیاتر لە زاوایەک، وەکوو کوڕێکی گەورەی بنەماڵەکەیان هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کردووم.

نەزیرە خان هێندە میهرەبانە کە بەناو بانگە بەوەی وەک بلوتۆس بە منداڵەکان و ئازیزانیەوە رەبتە و ئەگەر لەو پەڕی دونیاشەوە بێ، شتێکیان لێ بقەومێ، ئەم لەجێی خۆی یان بەردەبێتەوە و ئەکەوێ، یان بەهەر حاڵ و بە وتەی خۆیان، دڵی خەبەری ئەدا.

نەزیرەخان ناوبەناوێ دەیگوت هەرئێستا ئەیگرینە هەویرو خێ و رۆن، یەکێتر لەولاوە ئەیگوت با بتبەینە تەواری(اورژانس).

بە هەرحاڵ ئەوانەش کە شتێکیان بە خەیاڵدا نەدەهات، هاتبوونە دەورم و ئەیانگوت چی بکەین؟ چیمان پێ ئەکرێ، با وابکەین؟ لە دڵەوە هەستم بە نیگەرانییان ئەکردو ئەمزانی هەرکامە هەوڵ ئەدەن هیچ نەبێ تۆزقاڵێ لە ئازارەکەم کەم کەنەوە.

منیش بە جێی سپاس و سپاسگوزاری، هێندە لە خۆم و ئەو دۆخە تووڕە بووم، وەک وتم ژانی لاقم لە ئاست ژانەکانی دیکە و بیرو تێکچوونی بەرنامەکانی دیکەم هیچ نەبوو. بەم ئازارانەوە هەر وەڵامم ئەدایەوە ئەمگوت: سپاس، دەستت خۆش، نا پێویست ناکات، باشتردەبم و جارێ هیچم ناوێ، دەستخۆش پێویست بە هیچ نیە و...، تا ئاخرەکەی بێتاقەت بووم و وتم ئەگەر لێم ناگەڕێن، با بڕۆمەدەرێ!؟

منیش بۆ خۆم کەسێکی تەبێعەت تووڕەم، بەقسەی ئەرخەوان هەموو شتێکم باشە بەس تووڕەییەکەم نەبێ! خۆتان ئەزانن ژنان کەیفیان بە پیاوی تووڕە نایێ و حەز بە نەرمونیانێ ئەکەن و زۆربەی ژنان گلەیی لە تووڕەیی پیەوان ئەکەن.

نازانم هەورازو نشێو و ساردۆ گەرمیی رۆژگار و سەختییەکانی ژیانم وایلێکردووم یان هەر لە گەڵ شیری دایکما چووەتە وجوودمەوە نازانم.

بەڵام هەست ئەکەم رەوتی ژیان لەم پێوەندییەدا کاریگەریی لەسەرم زیاتر بووە. چونکی تەمەنم ٣٧ ساڵە، بەڵام هێندەی ٣ دانە ٣٧ ساڵ تاڵی و سوێری و خۆشی و ناخۆشیم لە گەردوون بینیووە و چێشتووە. با لەم تەحلیلە گەڕێین، بە قەولی هەندۆکان، حەقایەتەکە خۆشترە...

کە ئەوەیان لێم بینی ئەوجا کەمێ هێورتر بوونەوە، منیش کە هەندێ شتەکان ئاسایی بوونەوە ئەوجا سەێرم ئەکردن و شەرمم لەخۆم کردەوە!

لەبەر خۆمەوە پێکەنینم بەخۆم ئەهات و ئەمگوت: ئەرێ من لەگەڵ پا شکان و لەجێ جوونێ شێت بووم؟! ئەگەر شێت نەبووم بەراست ئەو کارە چی بوو کردم!؟ خۆ فەقیرانە کوفریان نەکردبوو، بەس ویستیان بە مشوورەوە یارمەتییەکم بدەن!

چاوم لێیان ئەکردو ئەوجا هەندێ شەرمم لەخۆ کردەوە و نەختێ خۆم کۆکردوەو سەری قسەم بە ئارامی و بە جۆرێکیتر کردەوە!

ماموٚستا محمد که پرسیاری لیٚ ئەکردم و چاوی لیٚ ئەکردم، هەر له ژیٚر سمیٚڵەوه بزەی ئەهات. وتم بەخوا خوٚم نەختیٚ کوٚ نەکەمەوه خەریکه وەک شیٚت چاوم لیٚ ئەکات هههههه! تا ئاخرەکەی بوٚچوونەکەشم وەڕاست گەڕا، دواتر هەر بەو بزەو پیٚکەنینەوه پیٚی وتم: کاک هوشیار ئەزانی تیٚکچووبوویت!؟

تا دەهات لاقم له قولەپیٚمەوه بەرەوخوار، وەک فوودانه هەڵدەماسی، منیش هەر جاره چاوم لیٚ دەکرد و وەک شەڕی قەدەر بکەم، هەڕەشەم ئەکردو ئەمگوت، هەر له کاتی خوٚیا دەچم، بەخوا لاقیشم پیٚوه نەبیٚ هەر دەبیٚ خوٚ دوانەخەم و بڕوٚم! ئەوه سوور سوور ئەشمزانی که خەریکم گاڵته به خوٚم ئەکەم و ئیٚحساسم خەریکه کورتان له ئەقڵم بکات و سواری بیٚ، بەڵام ئەقڵم جار جار ئه ئیٚحساسی ئەوتم بەسه بەس، کەر خوٚتی! من له نیٚو شەڕی ئەقڵ و ئیٚحساسما سەرم لیٚشیٚوابوو و نەزیرەخانیش بەردەوام جەختی ئەکردەوه که هەویر و خویٚ و روٚن بوٚ ئەو حاڵەتانه باشترین دەرمانه.

بەهەر حاڵ پاش نیشتنەوەی ئاوەکان له ئاشەکه، پاش دامرکانەوەی کەفوکوڵی بابەتەکه، هەر هەمووان تەسلیمی هەویر به خیٚ و روٚنەکەی نەزیرەخان بووین.

هەویر بە خێ و رۆنەکەی نەزیرە خان کۆلێ داستان و بە قسەی خۆیان، حەقایەتی سەیرو سەمەرەی هەیە و بەکورتیەکەی کەشکۆلێکی تایبەت بۆخۆی لەگەڵە!

هەرکەس دەستی نەزیرە خانی پێ گەییشتبێ، گومانت نەبێ گەر هەویریشی لەگەڵ نەبووبێ، هەر خێ و رۆنێکی شیفابەخشی بە شوێنێ کەوتووە!

ماوەیەکی درێژ، جەماعەتی ژنان بزر بوون، هەر هەمووان بە سەرپەرستی نەزیرەخان خەریکی ئامادەکردنی گیراوەی شیفابەخشی هەویر بە خێ و رۆن بوون!

بەتەواوی دیار نەمان، ئەگەر لێیان دڵنیا نەبایام ترسم لێ ئەنیشت، وام ئەزانی ئەبێ بۆمبی ئەتۆمێ شتی لە رێگا بێ. ئاخر لە خۆت ئەپرسی ئاخۆ چیم بۆ بێنن!

بەهەرحاڵ هەویر بە خێ و رۆن حازر و بازر بوو، وەستا هاتەپێش و من بە خاترجەمییەوە لاقی خۆم بە دەستانی شیفابەخش و گیراوەی هەویر بە خێ و رۆنی نەزیرە خان سپارد.

هەویر هەر هەویرە ئاردەکەی خۆمانەو خوێ تێ ئەکەن و بە رۆنی گەرم ئەیشێلن و دواتر بە گەرمی پانی ئەکەنەوە و لە شوێنی ئازار یان هەڵنووسان و شین بووی دەگرن و دەیبەستن و تەقریبەن دەبێ شەوێ

تا بەیانی پێوە بمێنێتەوە و ڕۆژانە وەک باندپێچی بگۆڕدرێ.

هەڵبەتە بەجێی ئەمە لای ئێمە، لە ناوچەی مەریوان، وەستا وردەڵە(هەوراميیە و بە لەجێ چوونی جمگەی دەست و لاق) گیرەوەکان هەویر بە هێلکەی خۆماڵی(هێلکە کوردی!) بەکار دێنن و جارجاریش هەویر بە خۆێ کە پێی دەڵێن "نیمە نمەک" و هەر بەو چەشنە ئەیگرنە شوێنی وردەڵەکان(لەجێ چوونەکان).

باسی هێلکە کوردی کرا ، شتێکی خۆشم بیرهاتەوە، کاتی خۆی دوو کەس لە مەریوانەوە سواری مینی بۆسێ ئەبن بڕۆنەوە بۆ ناوچەی ژاوەرۆ، دانەیەکیان کە هەورامی ئەبێ، لە یەکێ ئەپرسێ ئەرێ کاکە ئەوە چیە ناو ئەو دەسماڵلا!؟ ئەویتر کە سۆرانی ئەبێ، جواب ئەداتەوە و ئەڵێ:"هێلکە کوردی"یە! کابرای هەورامی دەست ئەکاتە پێ کەنین و گاڵتەکردن و ئەڵێ یانێ کورد کردوویەتی!؟

ئاخر لە هەندێ ناوچەکان بە غەڵەت جێکەوتووە ئەڵێن هەورامی و کورد. کابرای سۆرانی دوو سێ جار تکا ئەکا ئەڵێ عەیبە با منیش قسە نەکەم، هەورامیەکە ئەڵێ قسە بکە، مەگەر چیە، خۆ ئێمە هیلکە ناکەین!؟

سۆرانیەکە ئەڵێ ئاخر تووڕە نابی بیڵێم!؟ هەورامیەکە ئەڵێ ناوەڵلە، من دڵفرەم وەک تۆ نیم ناڕاحەت بم! ئەڵێ

ئەدی کە ئەڵێن "کورتان هەورامی" یانێ هەورامییەکان لە خۆی دەکەن!؟ (کورتان هەورامی کورتان جلێکە کە پشت و پێشەکەی وەک پشتی وشتر بڵیندە و ناوەڕاستەکەی قووڵە، ئەمەش تایبەت بۆ ناوچە شاخاوییەکان درووست کراوە کە منداڵ سواری وڵاغ بکرێ، نەکەوێتەخوار.)

کاکە کابرای هەورامی تووڕە دەبێ و لە ناو مینی بۆسا ئەبێتە شەڕ و فەرتەنە و بە سەرو بەچکی هەردووکیان ئەشکێ و بە چ مسیبەتێ لێکیان ئەکەنەوە و سوڵحیان لە سوڵحەکەی ئەم دواییانەی قەبیلە و عەشیرەکانی باڵەکایەتی قورستر ئەبێ!

دەی با زۆر لە باسەکە دوور نەکەوینەوە و حەقایەتەکەی خۆمان خۆشترە.

وەستا گیراوەی لە لاقم گرت و ماڵی ئاوەدان بە گەرماو نەرماکەی هەنێ حەسامەوە و هەر کەسەو بۆ ماڵی خۆی، منیش لە حاڵ و هەوا مۆڕو مڕەکەی پێشتر هاتبوومە دەرێ. بەڵام هەر سەرم مەشغوڵی حەساب و کێتابی چۆن چوون و کەی چوون و لەگەڵ کێ چوون و ئەو شتانە بوو لە پەناشەوە لاچاوێکم لێ بوو کە کەس بەسەر لاقم نەکەوێ.

پاش ئەوەی کە گەرمیی رووداوەکە کۆتایی پێ هات، ئینجا هەستم بە ژان و ئازارەکەی زیاتر ئەبوو، هەموو

پێیانوابوو باشتر وایە سبەی بە زووترین کات بڕۆینە نەخۆشخانەی تەواری(اورژانس) ، واباشترە دوکتۆر لاقم ببینێ.

لاقم بێجگە لە ئێش و ئازارەکەی کە هەستم ئەکرد هەتا کەمەرمی داگرتبوو، هەستم بە قورساییەکی زۆر لە پێم دا ئەکرد.

دیارە نزیک بە کیلویەک زیاتر هەویرو خێ و رۆنی پێوە بوو، بەڵام بەو رادەیەش قورس نەبوو، بە دڵنیاییەوە قورساییەکە هی هەڵنووسانی ماسولکە و گۆشتەکە بوو.

هەرچۆنێ بێ ئەو شەوە گەیشتە کاتی نووستن. جێگایان بۆ راخستم و بە بێزارییەوە چوومە ژووری و درێژ بووم. گڵۆپ کوژایەوە. لەگەڵ کوژانەوەی گڵۆپەکەدا راست وەک سێکانسی فیلمی سینەمایی، دەیان پارچە فیلمی دێکۆمێنتاریی ژیانم هاتنەوە سەر پەردەی خەیاڵ!

لە هەموویان زیاتر بەو تۆزقاڵە لاق ئێشەی خۆما بیری بابم کەوتمەوە کە چۆن بەو دۆخەوە ژیانێکی مەرگەسات بار بەڕێ ئەکا، ژیانێ کە هەر جارە و بیری لێ ئەکەمەوە مەرگی خۆم دێتە پێش چاو، لە ژیان بێزار ئەبم، ژیان وەک کەکرە مارە لە زاری

چرکەکانی تەمەنم تاڵی تاڵ ئەبێ. بەهەرحاڵ لە وەسف نایێ.

ئەزانم بە سەرنجەوە راماون بزانن بابم چیەتی؟ بۆ وا بە ئازارو ژانەوە باسی ئەکەم؟ لەوانەیە بە گێڕانەوەی ئێوەش بێزار و وەڕەز بکەم، بەڵام دەی قەیدی ناکا، با ئێوەش هاوژان و ئازارییەکم لەگەڵ بکەن، نەختێ پێکەنین و خۆشیم بەسەردا بەشینەوە، با هەندێکیش بە حوزنەوە گوێ لە ئاوازی حەزین و ئاهەنگی غەریبی سازی ناسازی ژیانی پڕمەینەتم بگرن.

من کوڕی ستاری حاجی سالارم، کە خەڵکی ئاواییەکی نیشتمانپەروەری لای مەریوانین، ئاواییەک کە نزیک بە ٥٠٠ ماڵ ئەبێ و بە مەکۆی شۆڕشگێڕی و نیشتمانپەروەری ناسراوە و دەیان شەهیدمان بۆ شۆڕش داوە و هەمیشەش پێشمەرگەمان لە خزمەت بەرژەوەندی گەل و لە ریزەکانی شۆڕش لە ناو حیزبەکان بەتایبەت حیزبی دیمۆکرات دا هەبووە.

بابم ژیانی بە دەردیسەری دەست پێ کرد، هەڵبەت ئەمە بەشی تەنیا ستاری حاجی سالار نەبووە، بەڵکوو رەواڵ و رەوتی ژیانی بەشمەینەتانەی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەت تر خەڵکی گوندنشین بووە و ئێستاکەش کەم تا کورتی هەر ئاوایە.

زۆر لە قووڵایی بابەتەکان رۆناچم، چونکی ژیانی باوکم و بنەماڵەم لە دووتۆیی چەند بەشی کورتە چیرۆکێ دا قەتیس ناکرێ، ئاخر گەر بشیکەم ئەوە هەم غەدرم لە چیرۆکەکە کردووە و هەمیش لە خوێنەری چیرۆکەکە!

هاوینی ساڵی ۲۰۰۳ بوو، من لە رادیۆ دەنگی کوردستان لە حیزبی دیمۆکرات ، لە شاری کۆیە و لە بەشی بڵاوکردنەوە بووم کە پێی دەوترا بنکەی رادیۆ، فرستەندەی ۲ و بە تەلەفۆنە سەحراییەکان(سەربازی) پێوەندییەکمان بۆ هات، هاوڕێیەکەم هەڵیگرت. لە قەڵاێ دیمۆکراتەوە و لە کۆمیسیۆنی رادیۆەوە بوو، وتیان بە هوشیار بڵێن با بێ بۆ قەڵا و بڕواتە لای مام ئەسعەد، کاری پێییەتی.

هاوڕێیەکەم پەیامەکەی پێ گەیاندم، منیش سەرم سووڕمابوو، نەمدەزانی چی روویداوە!؟ بەسەرهاتی سەفەری ئێمە بۆ ئورووپا(بەشی 6)

هەستام و گورج پێڵاوم لە پێ کردن و بەپەلە بەڕێ کەوتم بەرەو لای قەڵا. لای بنکەی رادیۆەوە تا قەڵا دەبووا بە پێ بڕۆم، تەقریبەن زیاتر لە ۱۵_۲۰ دەقیقەم پێ دەچوو. سەرم داخست و بە دەم رێگاوە ئەڕۆیشتم و

بیرم ئەکردەوە. لەوانەیە شارەزای دەشتی کۆیەش بن، هاوێنانی زۆر گەرمە، خێراش هەنگاوم هەڵدەگرتن، لە ئارەقەدا خووسابووم. ئەمزانی هەواڵێکی گرینگ هەیە یان ئەبێ شتێ روویدابێ، بەڵام خەیاڵم بۆ هیچ شتێ نەدەچوو.

گەییشتمە قەڵاو مام ئەسعەد کە لە کادرە رێبەرییەکانی حیزبی دیمۆکراتە و ئەویش خەڵکی بۆڕیەرە، رۆیشتمە لای و پاش چاکی چۆنی و ئەحواڵپرسی، بە لەسەرەخۆیی و نەرم و نیانییەکەی خۆیەوە وتی با پیاسەیەک بکەین. رۆیشتینەدەرەوە و من چاوەڕێی قسەکردنی ئەو بووم و ئەویش زۆری نەگنخاند و راست چووە سەر بابەتەکەو وتی هەواڵێکی ناخۆشم پێیە و ئەبێ خۆڕاگر بی.

کورد وتەنی قسەکەی بۆنی مەرگ و خوێنی لێ ئەهات. منیش بە مانای تەئید، سەرم بۆ لەقاندۆ چاوم تێ بڕیبوو و چاوەڕوانی هەواڵەکە بووم.

ئەویش چاوەڕێی دڵنیابوونی من لە خۆڕاگری بۆ ئەو هەواڵە ناخۆشە بوو. وتم ئێمە پێشمەرگەین و ئەبێ خۆڕاگر بین. لێرەوە پێشم ناخۆش بێ و زۆریش قورس بێ بۆم، ئەبێ بزانم چیم پێ ئەکرێ و چیم لە دەست دێ. تکایە چی روویداوە، بە بێ شاردنەوە هەموویم پێ بڵێ.

وتی زۆر باشه، ئەزانی چی؟ باوکت تەسادۆف(رووداوی سەیارە)ی کردووە و ئێستا لە بەشی "ئای.سی.یۆ"(انعاش)ی نەخۆشخانەی سنەیە، بەڵام تا ئێستاش زیندووە.

وتم دڵنیای نەمردووە!؟ ئەگەر مردووە هەر بەرگەی هەواڵەکەی ئەگرم، تکایە راستیەکەم پێ بڵێ! وتی راستیەکە ئەوەیە، زیندووە بە وەزعی زۆر خراپەوە نازانرێ چی بەسەر دێ!

من مات و بێدەنگ بووم، هەموو شت وەک ئەشباحی رەش بە سەر سەفحەی خەیاڵما تێئەپەڕین، مێشکم لە تێفکرین و کۆنترۆڵی ئەو هەموو خەیاڵ و وێنایە عاجز و ناتەوان بوو! لە شەترەنجی ژیان دا، ئەو جارە ماتی مات ببووم، نازانم چەن چرکە بوو، سەریشم داخستبوو و نەمئەزانی چاو لە کوێ ئەکەم.

هیچ شتێ بە مێشکم دا نەدەهات. نەمئەزانی ئەو دۆخە دۆزەخییەی تێیدام راستە یان خەون و خەیاڵە!

کە ئەڵێن مەرگەسات، هەر بەراستی من لە مەرگەساتێکدا بووم. مام ئەسعەد کۆنترۆڵی هەڵسوکەوتی ئەو چرکانەی منی ئەکرد، سەرم هەڵهێناوە، چاوم لێی کرد بزانم هیچ زانیاریی دیکەی پێیە یان نا! ئەویش بە ئارامی وتی: بڕیارت چیە!؟ بە تەمای چی بکەی!؟ ئەو دۆخە سەختەو ناخۆشە، بە

دڵنیاییەوە لای حیزب هەر بڕیارێکت رێزی لێ ئەگیرێ! تەنانەت گەر بڕیاری چوونەوە و خزمەت کردنی باوکت و بنەماڵەکەشت بێ!

زۆر مات و مەلوول بووم. کەوتمە بنی گۆمی خەم و خەیاڵ. خەریک بوو نوقم دەبووم کە مام ئەسعەد وتی، ئەبێ خۆڕاگر بی. ئەوە پێشهاتی ژیانەو ئێمەی خەباتکاریش بەشی تاڵیمان زۆرتر بەر ئەکەوێ.

وتیشی هەوڵ بدە پێوەندییان پێوە بکە. سەرم لێ شێوابوو. هەواڵەکە زۆر ناخۆش بوو. بەڵام راستە، لە پێشمەرگایەتیدا مرۆڤ دەبێ زۆر بەهێزتر بێ لە ژیانی ئاسایی. پێشمەرگە ئەبێ بەرگەی زۆر شتی قورستر لەوە بگرێ. وتم بە مام ئەسعەد ، من دەڕۆمەوە بۆ بنکەی رادیۆ. وتی ئێوارە وەرەوە بۆ لامان. ماڵاواییم کردو رۆیشتم.

هەست و سۆزم مێشکیان خستبوومە ژێر گوشارەوە و ئەیانگوت دەبێ بڕۆیەوە و عەڵقم ئەیگوت نابێ.

چوومە بەر قەڵا، وتم دەبێ راست بڕۆم بۆ سەنتەری تەلەفۆن بۆ ناو شاری کۆیە. ئاخر ئەو کاتە زۆر کەم خەڵکی مۆبایلیان هەبوو. بۆ نمونە لە هەموو حیزبی دیمۆکراتدا ، بێجگە لە سکرتاریای حیزب، تەنیا کاک حوسەین مەدەنی و کاک حەمەنەزیف قادری موبایلی سورەیایان هەبوو و دەنگی دابووەوە و کاک (ح

مەلا _ز)یش تەلەفۆنێکی موبایلی کڕیبوو، وەک سەنتەری تەلەفۆنیی لێ هاتبوو، ئەوەی زەنگی بدابایا و ئەوەش زەنگیان بۆ دابا، هەر وەک یەک حەسابی لەگەڵ ئەکرد، یانێ حەسابی موبایلی سورەیای ئەکرد! دەفتەرچەیەکم پێ بوو کە پڕ بوو لە ژمارە تەلەفۆنی ئاوایی خۆمان.

ژمارە تەلەفۆنی زۆر کەسم لێ دا لە ئاوایی خۆمان، کەس هەڵی نەئەگرت. وابزانم لە شمارە خارجیەکەی ئەترسان و زۆریشیان خزم و دۆست بوون، هەستیان ئەکرد من زەنگ ئەدەم. لەبەر دوورەبەڵا بوون نەیاندەوێرا جواب بدەنەوە و منیش لای خۆمەوە هەقم پێ ئەدان. ئاخرەکەی ماڵی ئاوا، خزمێ جوابی دایەوە و وتی لە نەخۆشخانەی سنەیە و خەبەرمان هەیە ئەڵێن ئیستە باشە.

زۆر ناخۆش بوو، دۆخێکی تا بڵێی ئازاردەر کە ئەو کاتانە نەدەڕۆیشتن و نە بە هیچ تەسکین و سوکناییم دەهات. بەرچاوم رەش و تاریک دەبوو. ئازارێکی زۆرم لە رۆح و دڵدا بوو. ئاخر باوکم بۆ من تەنیا باوک نەبوو، بەڵکوو لە گەڵ ئەوەیدا بە مناڵی شەڕی زۆر لەگەڵ ئەکردم و زۆری لێ ئەدام ، وەک رەفێق و هاوڕێ بووین. وابزانم نێوانی تەمەنمان نەئەگەییشتە بیست ساڵ.

به یەکەو ئەچووینە زەماوەند، بەیەکەو بۆ دەعوەتی دۆستانە و شتی وا ئەچووین، بەیەکەو هەڵدەپەڕین، زۆر جار ڕەفێقانە و هاوڕێیانە دائەنشتین و دەردە دڵمان پێکەوە ئەکرد.

ئەویش وەک زۆرێکیتر لە هاوتەمەنەکانی لە خوێندن بێبەش بووە، واتە گەرچی خوێندەواری نیە بەڵام لە زۆر خوێندەوار و خوێندەوان تێگەیشتووترە. بە من مامۆستای ئەدەب و ئەخلاق و فەرهەنگ بوو، پاڵپشتێکی قاییمتر لە ڕەوەز و گابەرد، جاری وابوو پێی ئەوتم ئەگەر لە شوێنی غەریب دەعوەت بووین و لێتیان پرسی تۆ چی کا ستاری، هەتیو ئاگات لێ بێ نەڵێی کوڕیم، بڵێ برای بچووکیم، ئەگینا لەگەڵ خۆمت نابەم بۆ هیچکوێ! منیش بە گاڵتەوە قەولم ئەدا، بەڵام هەر ئەموت کوڕی گەورەیم!

لە بەژن و باڵا و سەرو پرچیشا زۆر بە باوکم نەئەچوو، وەک برام وابوو. ئاخر خەمو خەفەتی ئەم دواییانە ئیگجار شکاندی و کوێستانی سەرو ریشی سپی پۆش کرد.

دۆستیمان زۆر تایبەت بوو. تەنانەت یەکەم جاری مەی خواردنەوەم هەر لەگەڵ ئەو بوو و خۆشترین دانیشتنی مەشروب خواردنەوەشم هەر لەگەڵ ئەو بووە.

خۆش بوو، زۆر جار شەرابی دەستدرووستی خۆیمان پێکەوە ئەخواردەوە، دواتر هەڵئەستا ئەچوو دەمو دانی ئەشۆرد و دەستنوێژی ئەگرت و نوێژەکەی ئەکرد. ئەموت ئاخر چۆن ئەبێ، خۆ بە قسەی شەرع تا چل شەو عیبادەتت قەبوڵ نیە! ئەیوت قسەی قۆڕ مەکە، دەخاڵەت لە کاری خوا مەکە، ئەویان ئەچێتە گیرفانی چەپم، ئەمیان گیرفانی راستم. ئەمزانی مەبەستی ئەوە بوو، نەکا قیامەتێ هەبێ!

هاوڕێیەتیمان سەرەڕای شەڕو فەرتەنەی باوکو فرزەندیمان زۆر گەرم و سەمیمی بوو و هەر بۆیە دابڕانمان لەیەک بەتایبەت بۆ باوکم شتێکی قورس بوو.

چوومەوە رادیۆ، بە هاوکارەکەمم وت من ئەمڕۆ ناتوانم بەرنامە بڵاو بکەمەوە، تکایە تۆ بیکە. وتی باشە و من چوومەوە ژوور. یادی بەخێر "مام قاسم" یەکساڵ هاوژووریمان بوو، هەر دەتگوت پەپولەیە، هێندە ئارام و بێ ئازار بوو. وتی بابەکەم چی بووە، زویر دیاری! وتم هەندێ بێتاقەتم و پێویستە پشوویەک بدەم.

هەزار خەیاڵ تێکەڵ ببوون. سەرم دێشا، ئارەقەیەکی زۆرم کردبوو، پلەی گەرما لە سەرەوەی چلو پێنج بوو، رەشەبایەکی گەرم و سووتێنەریشی ئەهات. نە تەپەدۆرە(فیبر)ەکەمان سەهۆڵی تێدا بوو ئاوێکی سارد بخۆمەوە و نە کارەباش هەبوو کولێرەکەی هەڵ بکەم.

مام قاسمیش لەوەتەی هاتبووە پێشمەرگایەتی هەوڵی خوێندن و نووسینی ئەدا و هێشتا توانای ئاسایی خوێندنەوەی نەبوو. بەڵام رۆژنامەیەکی دەست بکەوتبا هەر لە ئەلفەوە هەتا ی-کۆتاری هەمووی پیت بە پیت حنجی ئەکرد و ئەخوێندەوە.

هەموو جارێ تەواو رۆژنامەی کوردستانی ئەخوێندەوە بەڵام لێت پرسیبا ئەو برگە چی ئەڵێ؟ ماناکەی بۆ کۆنەدەکرایەوە. خراپەکەش ئەوە بوو کە بە دەنگی بەرز ئەیخوێندەوە و راست هەستت ئەکرد بە مەبەستی ئەزیەت کردنی تۆ ئەیخوێنێتەوە.

ئەو رۆژە بێتاقەتی و فیکر مەشغوڵییەکەم هێندە زۆر بوو کە ئەو ستایلە خوێندنەوەیەی مام قاسمی رەحمەتی کاری تێنەدەکردم.

سبەینێیەکەی چوومەوە زەنگم بۆ کەسانی خۆمان داوە وەڵامیان داوە و هەر باشەو باشترەیان ئەکرد. ئەنجام ئەوە بوو کە چووبوون بۆ خەرمانی گەنم کوتان بە تراکتۆر، لە قەدپاڵێکەوە تراکتۆر وەرگەڕابوو و باوکم فریا نەکەوتبوو دەرچێ و بەداخەوە ببوو بەژێر تراکتۆرەکەوە و چوار مۆرەی ستوونی فەقەراتی پرێس ببوون و دەنەیەکیتریشیان شکابوو.

هەمووان گوشاریان بۆ هێنابووم بە بابیشمەوە کە دەبێ بێیەوە، بەڵام من بە چەندین هۆکاری جیاجیا

نەچوونەوەم هەڵبژارد. کە یادی بەخێر داپیرەم حاجی عەیناش هاتە کۆیە بۆ لام و وتی باوکەکەم ئامان سەد ئامان نەیتەوە، هەر کاتێ، هەرچییەکت پێویست بوو بەس خەبەرم بۆ بنێرە، بە دوو رۆژ خۆم ئەگەیەنمە لات بەس نەیتەوە.

بە داخەوە پاش دەیان عەمەلیاتی جەڕاحی و دەیان دوکتۆر و سەدان جۆر دەرزی و دەرمان، ئێستاش هەر لەسەر ویلچەیرە و قەتعە نوخاعە. پیاوێ کە پیشتر وەک پڵنگ بوو، ماندوویەتی نەدەناسی، لە هیچ سەختی و ناخۆشییەک نەدەسڵەمایەوە، ئێستا لە دۆخێکی ئاوا ناخۆش دایە و هێشتاش هەر شوکرە.

ئازاری رۆح مرۆڤ ناکوژێ، بەلام رۆح ئەکرۆژی، هێزو بڕست لە ئینسان ئەبڕێ. ئەو ئازارانە زۆر جار ئەتگەیەننە سەرسنووری عەدەم، هەست بە بۆشی و بەتاڵی ئەکەی. ئەتگەیەننە ئاستێ لە ئازار و مەینەت کە مەودایەک لە نێوان نرخی ژیان و مردندا نامێنێتەوە بۆت.

بەڵام لە ئەنجام دا تروسکاییەک لە هیوا ناچارت ئەکات پشت راست بکەیەوە، بەرگەی هەر هەمووی بگری، رووبەڕووی هەرهەموو ناخۆشیەکان ببیەوە و لە هەمووشی کاریگەرتر رادەچڵەکام و دەمگوت باشە من کە ئیدیعای سەندنی مافی گەلێ ئەکەم، من کە دەمهەوێ

بۆ ژیانی گەلی بجەنگم، چۆن دەبێ ئاوا ئاسان تەسلیمی قەدەرێکی گەرچی تاڵی ژیان ببم؟!

نزیک بە هەڤدە ساڵە بابم، هاوڕێم، دۆستم و....ناتوانێ لاق بجووڵێنێ و ویلچەیر(عاربانە) بووە بە بەشێ لە جیسمی. کاتێ لەگەڵی قسە ئەکەم ئەزانم چەندە دڵی پڕە، چەندە ئازاری رۆح ئەکێشێ. پیاوێکی قورس و بە ئیرادەیە، وەک لای ژاوەرۆی مەریوان ئەڵێن: لێرە سەختە.

بەهەر حاڵ، ئەو شەوە تا درەنگانێ بیرم لە ئازارەکانی ئەو ماوە درێژەی باوکم ئەکردەوە و پێکەنینم بە خۆم ئەهات. لەم خەیاڵانەدا بووم کە بێ ئاگا پام سووڕاند و بە ئازارەوە راچڵەکام.

بە هیوای شیفابەخشی هەویر بە خێ و رۆنەکەی نەزیرەخان، خەوم لێ کەوت. بەیانی هەستام وتیان باشی، هەستم بە گۆڕانێکی زۆر نەئەکرد. هەویر بەخێ و رۆنم کردەوە دیتم رەشایی و شینایی تەنێشت پامی داگرتووە! خەسوم وتی بە شەوێ چاک نابێ ئەبێ چەند شەوێ لەسەری دانێین.

ئەرخەوان خان و مامۆستا شاخەوانی برای وتیان دەبێ بڕۆین بۆ لای دوکتۆر. (مامۆستا شاخەوان کوڕێکی زۆر مەند و لەسەرخۆ و ئارامە، هەر لە ناسینی

ئەرخەوان خانەوە وەک هاوڕێیەکی نزیکتر لە برا بووە بۆ من.

دیارە ئەزانم ئەوە هەستی ئەویشە بۆ من و لەو ماوەیەدا کە تێکەڵی بنەماڵەیان بووم، هەم زۆر لێک و پێکەوە نزیک بووین و هەمیش جێگای رێزو متمانەی یەک.)

منیش وتم: بەڵێ بەچاوان، باشە با بڕۆین بۆ لای دوکتۆر. رۆیشتینە نەخۆشخانە رزگاری، بەشی تەواری(اورژانس). لەوێ زۆرێ چاوەڕێ بووین ئاخرەکەی نۆبەمان کەوت و چووینە ژوورەوە. ناردمانیان بۆ بەشی رادیۆلۆژی بۆ رزگاری و لەوێ نیگاتیڤەکەیان پێ داینەوە و هێنامەوە لای دوکتۆر. دوکتۆر چاوی لە وێنەکە کرد و وتی: شانست هەیە شکانی تێدا نیە، بەڵام بەقوربانی شکان بووە!

وتم دوکتۆر چۆن بەقوربانی شکان بووە!؟ وتی کاکە زەبرێکی قورس بە لاقت کەوتووە و هەم لای ئەژنۆت هەندێ سووڕاوە و هەمیش لای قولەپێتەوە دوو ماسوولکە دڕاون و تەقیون و ئەو شینایی و رەشەییەش ئەوەیە کە خوێن لە ناوەوە بەر بووە.

ئێ بەڵێ دوکتۆر گیان چیبکەین، چیتان پێ دەکرێ بۆم!؟ دوکتۆر: بەڕێز دەبێ هەر ئەمڕۆ تا لای ئەژنۆت بگرینە گێچ و بۆ ماوەی پازدە تا بیست رۆژ لە ماڵێ

پشوو بدەی و نەجووڵێی. چونکی نابێ کەمترین قورسایی بکەوێتەسەر و ئەزیەت بخوات تە تەواو چاک دەبیەوە.

من: دوکتۆر ئەوە باسی چی ئەکەی، کاکە نەتوانم شتی وابکەم، من دوو رۆژیتر سەفەرێکی گرینگم لەپێشە و پێویستە ئەو لاقە یارمەتیم بدات! ناتوانم لە گێچی بگرم، تکایە یارمەتیم بدە و رێگایەکی خێراتر بۆ زووتر چاکبوونەوەی بدۆزەوە. وتی هیچ رێگایەک نیە و من بە پێویست ئەزانم وابکەی کە پێم وتی، گەر واش ناکەی، ئەتوانی بڕۆی و خۆت بەرپرسایەتیی لەئەستۆ بگری.

وتم باشە شتێکم بۆ بنووسە، چونکی چار نیە و دەبێ ئەو سەفەرە بکەم، وتی باشە، نوسخەیەکی نووسی و وتی بڕۆ ئەوانە وەرگرە و لانیکەم هەفتەیەک پشوو بدە.

بەڵێ بەچاوان، چووینە بەشی دەرمانخانەی تەواری، وابزانم هیچکام لە دەرمانەکانی نەبوو و رۆیشتینە دەرێ کڕیمان.

چووینەوە ماڵ و مەرهەمێکیان پێ دابووین، بەردەوام بەوە دەممالّی و بە بەردەوامیش گیراوەکەی دوکتۆر نەزیرەم بەکار دێنا. گیراوەکەی دوکتۆر نەزیرە

یارمەتی باشی دام، لە نیشتنەوەی هەڵنووسانەکەی دا زۆر کاریگەر بوو و ئازارەکەیشی دەشکاند.

دەوروبەریش پێیانوابوو هەر دەبێ بەقسەی دوکتۆر بکەم، بەڵام ئەنجامی درووست ئەوە بوو کە بە قسەی خۆم بکەم. دەبووە خۆم ئامادە بکەم بۆ سەفەرەکەم. کۆمەڵێ هاوسەفەرم هەبوون لە ئێستانبول بوون، دەبوە بەوان بگەمەوە، بەڵام دۆخەکە وانەبوو کە لەگەڵ ئەوان بڕۆم.

دەبووا لە هاوسەفەری نوێ بگەڕێم. بە بەردەوامی لە قاچاخچی ئەگەڕام، پێوەندیم بە هەر دۆستێکەوە ئەکرد کە لە ئێژە پەڕیبووەوە، هەر دۆستێ کە پێیا ئەپەرمیم، دەیان قاچاخچیم ناسی، هەڵبەت گەر بکرێ پێیان بوترێ قاچاخچی، ئاخر بەڕاستی هەر هەموویان تەنیا دەلاڵ و رابێت بوون، نەفەریان ئەدۆزیەوە و بە قاچاخچیە بڕیاردەرەکانیان ئەناساند، یان باشترە بڵێین ئەفرۆشت! سەدان ژمارە تەلەفۆنم لە کوردستانەوە تا تورکیا و ئورووپا پەیدا کردبوو. لەگەڵ زۆربەیان قسەم کردبوو. لەو ماوەیەدا لە قسەی زێدو نەقیزی ئەوان کۆڵێ تەجرۆبەی چاک و خراپم پەیدا کردبوو.

ئەکرێ بڵێین قاچاخچی مرۆڤێکی جیاوازە لە مرۆڤەکانیتر. بازرگانێکە، بازرگانی گیان، بازرگانی

ژیان. بە ئاسانی ئەتوانن درۆ بکەن، مرۆڤەکان وەک کاڵایەک بە سادەیی لە نێوان خۆیانا بە پارە بگۆڕنەوە.

پاکترین مرۆڤ کە بوو بە قاچاخچی، ئیدی ئەو مرۆڤەی جاران نامێنێ، لە زۆرێ لە بەها مرۆییەکان دادەماڵرێ. هەموو هێزی قەناعەت پێ هێنان و هەموو هونەری زمانی بەکار دێنێ کە تۆ بکێشێتە نێو تۆرە مافیاییەکەی، تۆ بکێشێتە لێواری ئاوەکەی ئێژە، ناو دارستەنەکانی بۆلغارستان.

من تا رادەیەکی زۆر ئەو شتانەم لەو لێکۆڵینەوانەم دا دەستکەوت. دیارە پێشتریش لێکۆڵیبوومەوە بەڵام نەک ئاوا بەوردی. تا دەهات متمانەم بەقاچاخچی و رێگاکانیان کەمتر دەبووەوە. قاچاخچی هەبوو لەگەڵی پێک دەهاتی کە پارەی زیاتری پێ بدەی و دڵنیاتر بتگەیەنێتەجێ. کاتێ ئەتپرسی بەچی دەمپەڕێنیەوە؟ وێنەی لێنچ کەشتی و یەختێکی توریستی بۆ ئەناردی، ئەیگوت بەوە دەڕۆین و خۆشم لەگەڵتان دێم و ٢٥ کەس زیاتریشی لێ نادەم. هێندەش بەخۆشی دەیگوت: ئەمن بۆ پارە ویژدانم نافرۆشم!

بەڵام کاتێ لێیت ئەکۆڵیەوە، بۆت دەرئەکەوت کە وێنەکە ئینتێرنێتییەو لە گوگڵی دەرهێناوە و فڕی بەسەر راستییەوە نیە و دەیان کەسیتر کە لەگەڵ ئەو رۆیشتوون هەڕەشەی لێ ئەکەن و جنێوی پێ ئەدەن و

به درۆزن و بێ ویژدان و شەرەفی ناو دەبەن و ئەڵێن ئاوای قەول بە ئێمەش دا، وێنەی ئاواشی بۆ ئێمە نارد، کەچی لەسەر ئاوەکە دیتمان کەشتی بادی(تیوب)یان داناوە و وتیان سوار بن. هەرچی هەرامان کرد سوودی نەبوو، قاچاخچی بە گۆپاڵ و زەبری چەک سواریان کردین.

کابرا دەیگوت نەفەر لەناو کەشتییە تیوبەکەدا لەگەڵم بوو، لێم پرسی چەندەت داوە پێیان؟ ئەیگوت بەنرخی قایەقی گەشتیاری گەورە، ٨٥٠٠ دۆلاریان لێ وەرگرتووم. لەحاڵێکدا کە من هەر بۆ ئەو رێگایە قەولی پێنسەد دۆلارم دابوو و پارەکەشم هەر لەسەر ئاوەکە بە یەکێ لەوانەدا کە نەفەرەکانی سوار ئەکرد. دیارە ئەوەش پەیوەندی بە زیرەکی و گێلایەتی نەفەراتەوە هەیە. کەم کەس پێشەکی پارە ئەدات.

بەشێکی هەرە زۆری قاچاخچییەکان پیاوی قاچاخچییە تورک و کوردەکانی تورکیا بوون. وەک وتم ئەوان بەس بە تەلەفۆن نەفەریان کۆئەکردەوە و ئەیانگەیاندنە تورکیا، ئیستانبول و لەوێ ئەیانفرۆشتن بە قاچاخچییە گەورەکان و ئەوانیش هەر لە ئیستانبولەوە هەتا بەرێ کردنی نەفەرەکان بە قایەق بۆ جەزیرەکانی یونان یان بە دارستانەکانی بولغارستان(بولگاریا) دا، پێوەندییەکی بازرگانیانەیان بە پۆلیس و دەزگای میتی تورکیاوە بوو.

له سنووری تورکیاش تێدەپەڕین زەنجیری پێوەندییەکان درێژ دەبوونەوە. جا بە گوێرەی گەورەیی و بچووکی قاچاخچییەکان، پێوەندییەکان و لایەنی پێوەندییەکانیش قەبارەیان ئەگۆڕا.

بڕیار بوو من و ئەرخەوان و کوڕی کاک سەید عێزەتی هاو گوندیمان بڕۆینە تورکیا و لەوێ لەگەڵ جەماعەتێ دۆست و رەفێقی دیکەی حیزبی و پێشمەرگایەتیم یەکبگرینەوە و گرووپێ پێک بێنین.

بەڵام وا رێککەوت لە پێوەندی لەگەڵ دۆستێکم بە ناوی فەرهاد قەرەگۆلی دا کە تازە خۆی گەیشتبووە ئوورووپا و لە نۆرویژ گیرسابووەوە و کۆڵێ توورەیی و نارەزایەتی لەسەر هەڵسوکەوتی قاچاخچییەکان لەسەر ئەکاونتی فەیسبۆکەکەی خۆی دانابوو، کورێکی مهابادی نیشتەجێی هەولێری بە ناوی "وەستا هادی شەهرستانی" پێ ناساندم و وتی ئەوانیش چەند کەسێکن و ئەیانهەوێ بێن.

قسەم لەگەڵ هادی کرد و هات بۆ شوێنەکەی من و لە دەفتەری کارەکەم یەکتریمان بینی وباسی دۆستانی دیکەی کرد، هەر هەموو دۆست و هاوڕێ حیزبی و کاری بوون. کاک ساسان و هاوسەرەکەی دیمەن خان، کاک ئۆمێد بەرین و هاوسەرەکەی و کچێکی دیکە بەناوی هاوار خان.

ئەوان هێشتا کارەکانیان تەواو نەببوو، منیش بەپەلە بووم و دەبووا لەبەر ئەخبارەکان کە باسم کرد و ئەیانگوت لە ١٥ ی مانگی یازدە دا سنوورەکانی ئورووپا دادەخرێن و توندتر ئەکرێنەوە، هەرچی زووتر بەرێ بکەوم و هیچ نەبێ لەگەڵ هاوڕێیانی چاوەڕێ لە تورکیا یەکبگرینەوە.

لاقم چاک ببووەوە، ماڵو حاڵ و ماشینم فرۆشتبوو، جانتاو پێداویستی سەفەرو ڕێگام کڕیبوو، ئاخر من و ساسان و هادی و ژنەکەی پاسپۆرتمان نەبوو و دەبووا بە ڕێگای قاچاخ و لەگەڵ چەند دەستی جیاجیای قاچاخچی دا خۆمان گەیاندبایە ئیستانبوڵ و جەماعەتی دیکە، ئۆمید و هاوسەرەکەی و دیمەن و هاوار پاسپۆرتی ئێرانییان هەبوو و ئەرخەوان و ئەشکانیش بە پاسپۆرتی عیراقی  بە فڕۆکە لە هەولێرەوە دەبووا بگەیشتبانە ئیستانبول.

بە بوونی ئەو کۆمەڵە کەسە دڵخۆشتر بووم. سەفەری ئەو ڕێگایە کە زۆر جار من بە ڕێگای مەرگی ناو دەبەم، بە گرووپی باشترە، ئەویش نابێ گرووپەکە زۆر گەورە بێ، بەڵام بەهەرحاڵ گرووپەکەی ئێمە کە پێشتر لە ٥پێنج کەس تێنەدەپەڕین، ئێستا ببوو بە ٩ کەس و دواتریش بوو بە ١٥ و گەڕایەوە بۆ ١١ کەس.

ساسان هەندێ ئەشیاو کەلوپەلی ناوماڵی مابوو بیفرۆشێ، ئۆمید هەندێ کاروباری مابوو خۆرێک بخات، هادیش هەروا تەواو ئامادە نەبوو.

ئەوەی تەنیا ئامادە بوو، من بووم.

منیش چرکەم ئەژمارد زووتر بەڕێ بکەوم. بڕیارمان دا سبەی ئێوارە لە فاملی مۆڵی هەولێر یەکتر ببینرن و دەمەتەقێیەک بکەین. رۆیشتینە ئەوێ. ساسان و ئۆمید و نیشتمان خانی خوشکی وەستا هادی و من بووین.

ئەوان لە سەر قاچاخچییەکی خۆیی رێککەوتبوون و قسەیان لەگەڵ کردبوو و تەقریبەن لەگەڵیشی پێکهاتبوون، بەڵام منیش رای جیاوازم هەبوو، لەو بڕوایەدا بووم کە پێویستە بڕۆینە ئەوێ و لە ئیستانێول بڕیار بدەین. چونکی لە چۆنیەتی چوونەکە و لە درۆ و راستی قاچاخچیەکان دڵنیا نەبووم و گومانیشم زۆر بوو. بەڵام بەگشتی ئەو شەوە بیروڕای ژیرانەی زۆر ئاڵوگۆڕ کران و باسی چەندین ئەگەرمان کرد.

تەقریبەن هەمووان لەهەوڵ دا بووین خەتەری رێگا بە کەمترین ئاست بگەیەنین. دڵەکوتەو دڵەڕاوکێ بە گاڵتەکردنەکانمان، قسەکردنەکانمان، نیگاکانمان، بێدەنگییەکانمان و جارجارە جگەرەکێشانەکانمانەوە دیار بوو.

هەرچی زیاتر قسەمان ئەکرد، زیاتر دەروونی یەکتری و هەستەکانی یەکتریمان ئەناسی و ئاستی لێک نزیکبوونەوە و متمانە پێک کردنمان زیاتر دەبوو. جارجارێکیش خۆمان لێ ببوو بە دۆنکشوت و پێمان وابوو چاودێری دەکرێین و ئەبێ بەوریایی زیاترەوە قسەبکەین.

زۆرمان لەسەر پێوەندی نێتۆرکی و جی پی ئێسی قسە کرد، چۆن پێکەوە ببەسترێینەوە و ئەگەر لەڕێگادا لێک دابڕیان یەک بگرینەوە و لێک بزر نەبین، چۆن مەودای ئەمبەرو ئەوبەری ئاوەکە بزانین و چۆن لە ناوەڕاستی ئاوەکەدا و لەناو بەلەمەکەدا رێگای درووست بپێوین. پسپۆڕی ئەم بوارەشمان کاک ساسان بوو، وتی بە من دا ئەو مۆبایلەتم بدەرێ، دامێ و باترییەکەی دەرهێناو شتێکی چەسپی بە پشتیەوە بوو خشتی لێی کردەوە! و وتی ئەوە جۆرێکە لە رادار و ئیدی تەواو ئێستا کەس ناتبینێتەوە. دواتر موبایلمان بۆ هەڵنەدەبووەوە بەڵام شتێکی وانەبوو و موبایل بەکار کەوتەوە.

بریار وابوو بەقیە زووتر کاروبارەکانیان تەواو بکەن و ئامادەی سەفەر بن. وەک وتم سەفەری جەماعەتی خاوەن پاسپۆرتمان ئاسانتر و خۆشتر دیار بوو، بەڵام

سەفەری جەماعەتی بێ پاسپۆرتمان شتێک لە چەشنی سەفەرەکانی عەزیز نەسین، بەڵام کورتتر بوو.

کۆبوونەوە تەواو بوو، تەلەفۆن و شتمان کۆریەوە، بڕیارمان وابوو ئاگامان لێک بێ و رەوتی کارەکان خێراتر بکەین. ئارەزووخان ماشینی پێ بوو و لەگەڵ هادی منیان گەیاندەوە ماڵ خەزوورم. ئاخر ئیدی من بە لاق شکانەکەوە ببوومە "داماد سرخونە". من بۆ خۆم پیاوێکی تاڕادەیەک رۆح زل و لوتبەرزم، گەرچی ئەوان وەک کوڕەگەورەی ماڵ هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئەکردم و هەموو هەوڵی خۆیان ئەدا کە هەست بە غەریبی و سەرباربوون نەکەم، بەڵام من هەر بەو حاڵ و وەزعە زۆر بێتاقەت بووم.

بەهەرحاڵ خێراییمان بە رەوتی کارەکان بەخشی و ناوماڵی ساسان فرۆشراو کاروباری ئۆمید جێبەجێ بوون و هادی پارە قەرزەکەی وەرگرت و ئەشکانی سەی عێزەتیش ئامادەکرا بۆ سەفەر.

رۆژەکان تێپەڕین و رۆژی سەفەری من و ساسان و هادی و ژن و منالی بە رێگای زەوی و بە سنووریی دا بۆ ناو خاکی کوردستانی تورکیە هێواش هێواش گەییشت. ئێمە دەبووا دوو رۆژ پێشتر بەڕێ بکەوین، ئاخر ئەو رێگایە و بەو شێوازەی ئێمە دوو رۆژی دەخایاند. رۆژی سەفەر سبەینێ بوو، لەگەڵ قاچەخچی

تا ئیستانبول قسە کرابوو، بریار بوو نەفەرێ بە پێنسەد دۆلار بمانگەیەننە جێ.

من لاقم بە گیراوەکەی دوکتۆر خەسووم زۆر باشتر ببوو. بەڵام هێشتا هەندێ هەڵنووسانی مابوو، بەناچار چووبووم پێڵاوێکی دوو ژمارە گەورەترم هێنابوو تاکوو لاقی راستم لە پێڵاودا جێگەی ببێتەوە. جانتای سەفەر شەو ئامادە کرا، پێشتر لەگەڵ ئەرخەوان چووین هەندێ خواردنی پڕوزەمان بۆ رێگا کڕیبوو، بۆیە جانتا پڕ کرابوو لە مێوژ و گوێز و هەنجیری وشک و ئەوشتانە. دەموچاوەکان شەو بێتاقەتییان پێوە دیار بوو، سەفەرێکی نەروون و نەدیار بوو، هەستەکان شایی بخش نەبوون، زیاتر نیگەرانییان لێ ئەباری. بەڵام بە متمانەو بڕوایەک بە منیان هەبوو، هەستە ناخۆشەکانیان لێ دەشاردمەوە.

هەتا ئەو کاتە هەر قسە ئەوە بوو کە دەبێ بە یەخت، واتە لێنچ بڕۆین و قسەی من ئەوە بوو کە تا بکرێ ئەبێ خۆ لە قایەق تیوبی بپارێزین.

لەلایەکیتریش لەوە دلنیا نەبووم کە قایەقی گەورە هەبێ و متمانەی پێ بکرێ. چونکی وەک وتم لەوانەبوو بتبەنە لێوار بەحر بەناوی قایەقی گەورە و دواتر تیۆب بێ و بە زۆری چەک سوار بکرێی! یان نەخێر سواری قایەقی گەورە بکرێی و بەجێی ٣٥ کەس کە زەرفیەتی

خۆیەتی، ٧٥ تا ٩٠ کەسی لێبدەن کە ئەوەش لە قایەق تیوبەکە کوشەندەتر و ترسناکتر بوو.

زۆربەی هەرە زۆری دۆستەکانمان کە پەڕیبوونەوە هەر بە قایەق تیۆب پەڕیبوونەوە و بە سەلامەتی گەیشتبوونە جێ و گەرچی هەبوو لەناو ئاودا تووشی بەڵاو موسیبەت بوو و هەبوون بە چەندین سەعات قایەقیان لێ کوژابووەوە و لە ناو ئاودا و لەبەر باران و سەرما مابوونەوە و ئاخرکەی رزگار کران، یان هەبوون چەندین جار لە ئیستانبولەوە برانە کەنار ئاوەکانی ئیزمیر و...بەڵام گیران و پۆلیس گەڕاندنیەوە ئیستانبول و ئەو رێگایەش خۆی لە ناخۆشترین رێگاکان بوو و نزیک بە ١٢ سەعات دەبوو و دەیان کێشەی دیکەیان بۆ درووست ببوو بەڵام بەخۆشیەوە هیچ رەفێقێکم نەمرد و نەخنکا.

یەکێ لە کێشەکان ئەوە بوو کە من هەمیشە حەزم لە راشکاوی و وتنی راستییەکانە. لەو نێوانەدا مابوومەوە ئەم سەفەرە کە سەفەرێکی ترسناکە و مەودای مەرگ و ژیان تێیدا زۆر کەمە، نابێ لە بنەماڵەی ئەرخەوان بشاردرێتەوە. چونکی کچەکەیان گەرچی هاوژینی منە، لەگەڵ دێ و دەبێ لەگەڵ ئەوانیش راشکاوانە بابەتەکە باس کرابا. ئەوە لەگەڵ ئەوەشدا بوو کە هەر دەبێ بڕۆین. دوو رێگامان لەپێش بوو، یان دەبێ ئەرخەوان

بمێنێتەوە و چاوەڕێی گەیشتنی من و هەروەها ئێقامە وەرگرتنی من، ئەگەر وەرم گرتبا و دواتر راکێشانی لە رێگای یاساییەوە بووایاین کە بە مەزەندەی خۆمان دامانئابوو تا ٣ ساڵ درێژە بکێشێ، یان دەبووا بە هەر رێگایەکدا پیمان دەکرا خۆ بگەیەنینە مەقسەد. لێرەدا کێشەیەک ئەهاتەپێش کە ئەویش دڵنیگەرانی بنەماڵەی ئەرخەوان لەو چەشنە رۆیشتنە واتە بە قایەقی تیوب بوو.

وەک وتم متمانەی ئەوان بە من وایکردبوو کە من نەتوانم شاردنەوەی ئەو خاڵەیان لێ بەئاسایی وەرگرم، بۆیە لە هێنان و بردەیەکی زۆردا بەو ئەنجامە گەییشتم کە لای براکانی باسی ئەگەری رۆیشتن بە قایەق تیوب بکەم و هەرواش بوو. ئەوانیش هەر وەک تەواوی بنەماڵەیان، بە متمانەوە شتەکانیان وەرگرت و ئەوانیش هەر لەو بڕوایەدا بوون کە پێویست ناکات لای هەمووان باسی بکەین.

ئەو شەوە رۆیشتم بخەوم، بەڵام تا درەنگانێ خەوم لێ نەکەوت. دەبووا زووش هەستم و لە گاراژی نێودەوڵەتیی هەولێر یەکبگرینەوە. بەیانی هەستام، دڵم نەدەهات کەس بەخەبەر بێنم، بەڵام دیار بوو ویڕای من، ئەرخەوان خان و دیاری خان نەخەوتبوون. دیاری خوشکی بچووکی ئەرخەوانە. ئەو سلێمانی وتەنی

قەوقیافەی گەورە نیە بەڵام دڵێکی زۆر گەورەی هەیە، دڵێکی دەریایی. جارجار تووڕەو زویر دەبێ بەڵام هەر لەو کاتەشدا مرۆڤ ناتوانێ رقی لێ بێت.

دیاری خەمی هەموو دنیا بەکۆڵ ئەکێشێ و هەرچییەکی هەبێ بە دوو قسەی خۆش و میهرەبانییەکی ئینسانانەی ئەبەخشێ. ئەویش دیار بوو ئەو شەوە تا بەیانی نەخەوتبوو. هاتم بڕۆمە دەرەوە ئەویش کە لە هۆڵەکە درێژ ببوو هەستا. دایکی بنەماڵەم لە ئامێز گرت و مالاوایيم لێ کرد، بەڵام نایشارمەوە دڵم تەنگ و پڕ بوو، ئەو رۆژەم قەت بیرناچێ، ئەو رۆژە وەک ئەو رۆژە بوو کە لە تاران بە دزییەوە ماڵاواییم لە پەیمانی برام کرد و بەرەو پێشمەرگایەتی بەجێم هێشت، وەک ئەو رۆژە بوو کە دواهەمین جار بە تەلەفۆن ماڵاواییم لە بابم کرد و هاتم بۆ پێشمەرگایەتی، دڵم پڕبوو، بۆغزێکی قورس و گەرووگیر ناخی پڕتر کردبووم و ئاخرەکەی لە چاوانمەوە بە چەن دڵۆپە فرمێسکێ تەقاندی دایەدەرەوە.

بە هەموو هێزمەوە ئەوانەی بەخەبەر بوونم لە ئامێز گرت. هۆدا یان دایکی بنەماڵە، واتە دوکتۆرە نەزیرە و دیاری خان و ئەرخەوان خان، ئەو سێیانەم بەجێی هەموو ئەوانەی نووستبوون و بە جێی هەموو ئەوانەیش کە لە رۆژهەڵات بوون و لەو ساتەوەختەدا

دەستی مالاوابیم نەدەگەییشتە گەردەنیان و نەم دەتوانی چاوی پڕتاسەو فرمێسکاویم بۆ ساتەکانی ماڵاوایی ببڕمە نێو چاوانیان، توندی توندم لە ئامێز گرتن.

لە بەر دڵپڕیی زۆر، راست جانتاکەم هەڵگرت و بە زەردەخەنەیەکی پڕ لە قوڵپی گریانەوە بە دەست تەکان دان و دەنگێکی حەزینەوە ماڵاواییم لێ کردن و چوومە ناو ماشینەکەی مامۆستا محمد و وتم بابڕۆین.

کەمێ دوور کەوتینەوە مامۆستا کارێکی گرینگی بۆ هاتەپێش، بۆیە نەمهێشت بمگەیەنێ و تاکسییەکمان راگرت و بەرەو گاراژی نێودەوڵەتی هەولێر لەنزیک فاملی مۆڵ بەڕێکەوتین، بە درێژایی جادەی کەرکووک و پەیمانگای تەکنیکی و زانکۆکان و رێستۆرانتی دووبەدوو و کۆمپانیای جیهان و کافتریای زیویە و بەنزینخانەی ئاکار و هەتا دەگەییشتە لەنگەو نەخۆشخانەی رزگاری و شەقامی کۆیە و کاتب عەدلی یەک و... لەدڵی خۆما ماڵاواییم لە هەولێر کرد.
گەییشتینە گاراژ و وردە وردە هاوسەفەرەکان خڕبوونەوە. هادی و خێزانی لەگەڵ هێژا سەرسوور و چەن کەسی بەڕێکەر لەگەڵیانا گەییشتنە ئەوێ، دواتر خاڵە ساسان گەییشت، کاکی دەلاڵ قاچاخچی بۆخۆشی هات و دیتمان ژن و پیاوێکی دیکەش هاتن. تەمەنیان لە چل ساڵ بۆ سەر دەبوو. وامانزانی هەردووکیان

هاوسەفەرمانن، بەڵام زانیمان کە تەنیا پیاوەکە سەفەر ئەکات. ئەو بەڕێزەش ناوی هوشیار بوو. سواری ریمە ١٤ کەسیەکان بووین و یاللە دیانا خۆ بگرە و هاتین، تێمان تەقاند و ئاوڕی دواوەشمان نەدایەوە. جەوێکی باراناوی بوو، ئاسمان پڕی هەوری رەش بوو، بە چەشنێ هەستت ئەکرد لەوانەیە بەو زووانە رۆژ نەیەتەوە دەر.

ماشین بەڕێکەوت، کەسمان زۆری تاقەتی قسەکردن نەبوو. مەگەر لێکمان پرسیبا، ئەویش وەڵامەکە لانی زۆری هەوڵ ئەدرا کورت بکرێتەوە لە چەند وشەیەک دا. هەستت دەکرد ئاسمانی دڵی هەموانیش هەوری رەش دایپۆشیووە، لە دەروونی هەمووماناا هەورەشرێخە بوو، بەڵام دەنگی نەدەهاتەدەرەوە، بێجگە لە هێژای چکۆلە کە تازە ١١ مانگ بوو. ئەوە لە نێوچاوانەکانا ئەخوێنرایەوە.

نەمانزانی چۆن گەییشتینە دیانا، بەڵام زانیمان کە کاک هوشیارەکەیتر ئەندامی پارتی ئازادی کوردستان بوو. لە مەیدانێکی سەرەکی دیانا دابەزین، باران بە رێژنە ئەهاتەخوار، بەکوفر نەبێ ئەتگوت ئاسمان کون بووە و دڕاوە. چاومان لێکرد بەرامبەرمان مزگەوتێکی خنجیلانە دیارە ، هەموومان بە دیتنی ئەو مزگەوتە دڵخۆش بووین و سەرنجی راکێشاین. هەر هەموومان

پێویستییەکی زۆرمان بە مزگەوتێ بوو، هەڵبەتە نەک بۆ عیبادەت، ئاخر لەو کاتەیا لەبەر گوشاری میز کەسمان بیرمان بۆ عیبادەت نەدەچوو.

خۆمان کردبە مزگەوتا، لەوێ کەمێ وەحەساین ، ئاخر لە سەیارەکەدا لە بەر تەنگەبەریی جێگا و زۆری نەفەرات خەریک بوو دەخنکاین و پشوو ببووین کە لە مزگەوتەکەدا پشوویەکمان هاتەوەبەر.

تەلەفۆنمان بۆ ئەو ژمارەیە کرد کە پێمان درابوو. وتی ماشینێکی ئاوام پێیەو دێمە دواتان. گەروبەری نیوەڕۆ بوو کە برادەری راسپێردراومان گەیەشتێ. بردینیەوە ماڵی خۆیان. کەوتبوونە پەڕی شارەوە، چەند ماڵە نیوەکارەو تەواو نەکراوێ جیرانیان بوون، جادەی قیرتاویان نەگەیشتبوویێ، بەردرگاکەیان قوڕێکی سووری خەست بوو، کەری تێکەوتبا دەبووا دەکەس بانگ کەی و بڵێی دەوەرن با ئەو کەرە لەو قوڕەی دەرێنین!

کەری ناو دڵی ئێمەو برادەرانیش کە تازە خۆی بۆ لەقوڕچەقین ئامادە کردبوو، بەبینینی ئەو قوڕەسوورەی بەردرگای ماڵی قاچاخچی خرابتر تێی چەقی.

مڕومۆچی و چرچولۆچی تەوێڵ و نێوچاوانەکان گوزارشیان لە دڵخۆشی و ورە نەدەکرد. ماڵەکەی ئەوانیش هەر ناتەواو بوو،

، هێشتا بۆنی نم و شۆی گێچ و خاکەکەی لێ دەهات، ناوماڵێکی سادەو ساکار، بەڵام بنەماڵەیەکی هێور و هێمن  و بە خوڵک و خو. ئێمە چاوەڕوان بووین قەسرێ ببینین، ئاخر قاچاخچی ئینسان ئەبێ زەنگین و دەوڵەمەند و بەڕووالەت شکۆدار بێ، بەڵام ئەوان قاچاخچی نەبوون، بەڵکوو لە تێکشکانێکی دارایی و کارو کاسبی و قەرزاریدا کەوتبوونە ئەو بازاڕ و بازنەوە.

ئاوەدانی زۆر بە ناوماڵەکەوە دیار نەبوو، واتە مۆبلێمان و پەردەی گران و درگا و پەنجەرەی گوڵدارو...یان نەبوو،  بەڵام ماڵی دڵیان هەتا بڵێی ئاوەدان و گەرموگوڕ بوو. برسیمان بوو، ئاخر وا نوێنرابوو کە رێگایەکی پڕ هەڵات هەڵات و لەوانەیە برسی و تینوویەتیمان لەبەردەما بێ.

ماوەیەک دانیشتین، سینییە چای یەک لەدوای یەک ئەهات، چاییەکان پاش ئەو باران و هەورەشرێخە ئەچەسپان. دیار بوو برسیەتی ئیدی تینی هێنابوو و خەریک بوو بەتاییەتی بڕست لە کاک هوشیار ببڕێ کە بە کزی و لارەملییەکەوە بە پیاوی ماڵەکەی وت: ئەرێ پارچە نانێکی ویشک هەبێ سپاستان ئەکەم، بەردڵم نەخستووە، خەریکە دڵم زاف ئەکات!

پیاوی ماڵ بە پێکەنینێکی مێوان نەوازانەوە وتی: کاکە نانی ویشکی چی، وا خەریکن چێشت و نان حازر ئەکەن، کەمێکی تر ئەگاتێ. هوشیاری فەقیر رەنگو رووی هاتەوەبەر، من و برادەرانی دیکەش هەروا. زۆری پێ نەچوو سفرەیان راخست، خواردنێکی باش و موشەممەریان هێنا، برینج و خۆرشت و ئەو شتانە. تێروپڕمان خوارد. هەستمان ئەکرد لەوانەیە بەم زوانە ئەو خواردنە خۆماڵییانە نەبینینەوە، بۆیە تەمەننای کەوهانی وشترمان ئەکرد کە هەندێکمان بۆ رێگا خەیاڵییەکەمان تێدا ئەنبار کردبا.

دوو دەوری دیکە چای هات، جگەرە کێشرا و ئامادەی سەفەر بووینەوە. بانگی کابرایەکی دیکە کرا، کوڕێکی قوتە خڕە داکوتاوەیەکی خەڵکی لای مێرگەسوور بوو، تۆیتا دەبڵکابینێکی بڵیندی پێ بوو، بەرەو مێرگەسوور ملمان لێنا. لە ناو رێگا وتی لەو سەیتەرانە مەترسی نیە، بەڵام گەر پرسییان بۆ کوێ ئەچن، بڵێن خزم و کەسمان لەو گوندانەیە و دەچینە سەردان.

سەیتەرەیەکمان تێپەڕاند، بۆ ئەویتریان هەندێ سڵی کرد، وتی با لەو پشتەوە بڕۆین، واتە سەیتەرە لەبەر گوند بوو، گوندێکی بچووک. لە جادەکە لایدا و رۆیشتە پشت ماڵەکان، باران باریبوو، جادەکەی پشتەوە کە زیاتر بە جادە قاچاخ ئەچوو، ببوو بە قوڕو لیتە.

ئەمجارە وەک کەرەکەی بەختی ئێمە تۆیتای مامە خڕە لەقوڕێ چەقی و بەلادا کەوت. شوێنەکەی ناخۆش بوو، خەریک بوو بەلای راستدا وەرگەڕێ کە ماڵێکی لە تەنێشت بوو، لەوانەیە ماڵی کابراشی وێران کردبا.

دابەزین و لە ئێمە زۆر و نق و لە ئەو گازدان و ڤیڕ و ڤیڕ، تایەکانی وەک تفەنگی ساچمەزەن زیخ و چەویان فڕێ ئەدا، ئاخرەکەی کاکە خڕە و تۆیتاکەیمان لەقوڕێ دەرهێنا و سوار بووین و لێماندا و ملی رێگامان گرت و درێژمان کردەوە بۆ لای مێرگەسوور.

بارانیش هەروا شۆڕەی ئەهات. چای خواردنی زۆریش بەڵای ناگەهانی بەدواوەیە. کاک هوشیار وتی ئەرێ کاکێ ئەتوانی لە شوێنێ کەمێ لادەی، پێویستییمان هەیە! من و ساسان و هادیش هەر ئەو پێویستییەمان هەبوو، بەڵام لەبەر زووتر دەرباز بوون باسمان نەئەکرد، گەرچی هەموو پێمان خۆش بوو و لامان دا و بە دەم مژی جگەرەوە لەو دەشت و دۆڵە میزی خۆمان کردو هاتین سوار بووینەوە و زۆری پێ نەچوو گەییشتینە مێرگەسوور.

شۆفێرەکان و ماشینەکان گۆڕان. گوندێکی هەشت، نۆ، دە ماڵی بوو، ژنێک و دوو پیاو وەستابوون، شوێنەواری مانگاو مەڕو ماڵات دیار بوو، ئەتزانی ئەوانیش هەر راکێشراونەتە ناو بازنەی قاچاخی

مرۆڤ و پێشیان بڵێی تۆ مرۆڤ قاچاخ ئەکەی لەوانەیە تووشی شەڕ ببی لەگەڵیان. ئەوان ئەڵێن ئێمە بەس نەفەرەکان ئەگەیەنینە جێ و ئەیانپەڕێنینەوە.

کاکە خڕە هەندێ قسەی لەگەڵ کابرایەکی باڵابەرز و کزی دەموچاو ئێسکاوی مایلەو رەشتاڵە کرد و هاتەوە لامان و وتی دابەزن و لەگەڵ ئەو بڕۆن. هەندێ کارت و شتمان بە کاکە خڕەدا ناردەوە بۆ دیانا بۆ قاچاخچی یەکەم کە رۆژهەڵاتی بوو و دۆستانی ئێمەی دەناسی و ئیدی ماڵاواییمان لێ کرد.

کابرا باڵابەرزە رەقەکە پاترۆڵێکی کۆنی پێ بوو. ئەوان چوونە پشتەوە، من لە پێشەوە لای شۆفێر بووم، ساسان و هادی و ژنەکەی لە ناوەڕاست بوون و هوشیاریش لە پشتەوە لای جانتاکان. شۆفێرەکە جگەرەیەکی داگیرساند، مژێکی توندی لە جگەرەکەی دا و لە جامی ماشینەکەوە فووی کردەدەر و بەڕێکەوتین. ئەو رێگایە بۆ ئەو ئاسایی بوو، بەڵام بۆ ئێمە نا. پێی نەوتین ئاوا ناخۆشە و لانیکەم نەیگوت قاییم خۆتان بگرن.

هەندێکی کەم لەسەر جادە رۆیشتین و لایدا، ئیدی دوای ئەوە شتێک بەناوی جادە مانای نەما! ئەو شێوە شۆفێرییە و ئەو توانابیەم لە پاترۆڵ دا تەنانەت لە

تاقیکردنەوە و ركابەرێی ماشین لە فیلمەکانیشا نەدەیتبوو.

رێگا تەنیا رێگا نەبوو، پاترۆڵ زیاتر بە کەڵەکیوی دەچوو و شۆفێر بە گەمەکەری ئاتاری. من توند دەستگیرەی دەرکەکەم گرتبوو و جاروبارە هێند بە شیپەوە بەڕوودا ئەکەوتین دەبووا قاییم دەست بنێمە سەر داشبۆردەکە ئەگینا بە سەرەوە ئەچوومە ناو جامەکەی پێشەوەدا. ئەوە تازە پشتوێنی سەلامەتیشمان بەستبوو!

لامکردەوە دواوە دیتم هەمووان بێدەنگن و هەندێ چاویان زق کردبووەوە و نەختێکیش دەمیان داپچڕاندبوو. لە هەمووان خۆشتر هێژای ١١ مانگە بوو کە بە باوشی بابیەوە توند لە ترسا قامکی بابی گرتبوو و چاوانی زاق کردبووەوە و لەگەڵ هەستان و نشستەکانی پاترۆڵەکە لە ناو شیو ودۆڵەکاندا، ئەویش چرچ و کرکی نێوچاوانی کەم و زیاد و لار و لوێر ئەبوون!

لە هەندێ شوێن شیپی قەدپاڵەکان هیندە تیژ بوون کە هەستت ئەکرد پاترۆڵەکە وەردەگەڕێ، لە دڵی خۆتا ئەتگوت ئەهاااااها کەوت، یان لە هەوراز و نشێوەکانا بڕوات نەئەکرد دەرباز بێ، لە دڵ خۆتا ئەتگوت ئەها بەخوا بە پشتا وەرگەڕاین.

بەگشتی هەمووان بێدەنگ بووین و هەوڵمان ئەدا شۆفێرەکە ئاگای لە شۆفێرییەکەی بێ، ئەویش راستەکەی گاڵتەی بە وەزعەکە ئەهات، زوو زوو جگەرەی هەڵدەکرد و کە ئەیدا بە نێو چاڵ و قووڵییەکاناو هەڵتەک و مەڵتەکی ئەکرد، درۆ نیە گەر بڵێم شڵقەو شڵپەی ناوزگمان لای تەنێشتەکەمانەوە ئەبیسترا. هەستمان بە ئازار لە مۆرەکانی مل و فەقەراتمانا ئەکرد.

پاش نزیکەی سەعاتێ چیاو شیو و دۆڵ و هەورازو نشێوە قوڕاو و شاخ و هەردە گابەردی و هەڵدێرو رەوەزییەکانمان بڕی وگەییشتینە لێواری رووبارێ، رووبارێکی لێڵ بە باراناو و لافاو و تاڕادەیەکیش پڕئاو. ئەمبەرو ئەوبەری رووبار گابەردو رەوەزی بڵیند و سرووشتی داتاشراو بوون، سەرو تەنێشتی گابەردەکان بە وردە دارو دەوەن داپۆشرابوون. بارانێکی بێ وچان و بڕانەوە لێی دابوون، ئەو سرووشتە وەک شێرێکی بەسام و شکۆی تەڕ دەچوو، کاتێ شۆڕە و چۆڕەی باراناوی سەر گابەرد و خوڕەی دۆڵەکانت سەیر ئەکرد، هەستت ئەکرد شێرەتەرەکە شان و یاڵ و ملی خۆی ئەشەکێنێتەوە و پژگەپژگ ئاو دەپرژێنێ. هەر هەموو بە تێگڕا تابلۆیەکی سرووشیی دڵفرێنیان لەو دۆخە ناخۆشەدا بۆ ئێمە خولقاندبوو.

چووینە کەنار رووبار، پاترۆڵەکە وەک دۆست و ناسیاوێ رووی کردە رووبارەکە، کابرای شۆفێر وتی دەڕۆین، ئەگەر بکوژێتەوە دەبێ دابەزن و بەپێ بڕۆن بەرەوژوو، تا هۆۆۆۆوێ.

وتمان هەولْبدە نەکوژێتەوە ئەگینا ئەو ژن و منالْە ناکرێ دابەزێنین. بەڵام ئەو تەجرۆبەی هەبوو، ئەیزانی ناکوژێتەوە بۆیە ئازایانە لێی دا.

چووینە ناوەڕاستی رووبار، ئاو تەقریبەن تا سەر کاپووت(بۆیینت)ی پاترۆڵەکە ئەهات، لەبن دەرکەکانەوە ئاو هاتەژوورێ، ئێمە پامان بەرز کردبووەوە کە ئاو نەچێتە ناو پێڵاوەکانمان! شۆفێر پووتینی سەربازی لەپێ بوو، بەڵام تا لای قولەپێی لە ئەودا بوو، تێپەڕین و لەو بەشەی رزگارمان بوو.

بەڵام دەبووا بگەیینە ئەو بەر رووبارەکەوە، بۆ لای باکووری کوردستان و سنووری شەمزینان کە دەیکردە گوندێ بە ناوی "بەڕۆژییا". شۆفێرەکە هەندێ چاوی گێڕا، دیار بوو بۆ قاچاخچییەکەی ئەوبەر ئەگەڕا، کوردی باکوور بوو و بە "هەڤاڵ" ناسیمان. یەک دوو کەس دیار کەوتن وامانزانی ئەوانن، بەڵام دوو کوردی رۆژئاوا بوون کە لە رێگای ویشکاییدا بەرەو ئورووپا تووشی تەنگو چەڵەمە هاتبوون و دەست لە گونان درێژتر، دۆش داماو گەڕابوونەوە یەکیان ئەیگوت

"بستێ ئاخا کوردستانێ بە حەمی ئەورووپایێ نەدەم. ڤەدەگەڕێم هەڤلێرێ و لەوێدەرێ مرم چێترە لەوی رەزالەتێ کوومە دیتێیە."  بە ئێمەشی ئەوت نەڕۆن باشترە تا بڕۆن و پەشیمان بێنەوە. باسی مەترسییەکانی رێگایان ئەکرد، باسی هەڵسوکەوتی تورکەکان و سەربازو پۆلیسەکانیان، وەک دڕندەیەکی خوێنمژ وەسف ئەکرد. باسی سەرباز و پۆلیسەکانی سنووریی بولگارییا و یۆنانی ئەکرد، وەک رۆباتێکی بێ هەست و سۆزو عاتیفەی وەسف ئەکردن کە سووتەمەنییەکەیان تەنیا پارەو راو ڕووت و چەتەییە، باسی بێ ئەخلاقی و بێ شەرەفی قاچاخچییەکانی ئەکرد و وەک مەڕدارو چێواری وەسف ئەکردن و هەڵسوکەوتیانی بە مەڕدار و قەساب دەشوبهاند.

شۆفێرە کەمان وتی باشە ئیدی من دەڕۆم، ئێوە چاوەڕێ بکەن ها ئێستا هەڤاڵ دێ و هەڵتان دەگرێ. من بە نوێنەرایەتی ئەوانەوە وتم دەبێ راوەستی و تا هەڤاڵ نەیێ و نەیبینین، تۆ لێرە نابێ بڕۆی. زانی قسەمان جیددییە، چار نەما بە تڕەو بۆڵە وەستا. هەڤاڵ هات، کێشەمان کردنە ئەوبەر ئاوەکە بوو کە بێجگە لەوەی تا سەر کاپوتی پاترۆڵ ئەهات، زۆریش سارد و بەخوڕ بوو. وتمان پێویستە بە پاترۆڵەکە نزیکمان کەیتەوە لەو گابەردەی ئەوبەر. هەڤاڵیش لەوەیدا لەگەڵمان بوو، پاش هەندێ مشتومڕ ئاخرەکەی بە

پشتاوپشت پاترۆڵەکەی بردە بن تاشەبەردەکەی ئەوبەر، بەڵام بە زۆری ڕاگرتبوو. جانتا و نەفەرەکانمان کردە ئەوبەرەوە، بیرم ناچێ کە هێژام بەدەستەوە بوو، لاقێکم لەسەر بەردەکە بوو و لاقێکم لە ناو پاترۆڵەکە، میترێ زیاتر بۆشایی لە بن پێم بوو کە قووڵاییەکی خوڕ و توندیی ئاوەکە بوو، پاترۆڵەکەش جووڵەجووڵی ئەکرد، توند پێ لە بەنزین و ستۆپ نابوو تا لەو شوێنەی ڕاگرێ، ئەگەر هەندێ بڕۆیشتبا، لەگەڵ هێژا هەردووکمان قلّپ ئەبووینە ناو ئاوەکە و نازانم لە کوێ ئەوەستاینەوە!

ئێمە هەموو کردمانە ئەوبەرەوە، پاترۆڵیش بۆی تێ تەقاند و بە شوێنی خۆیا گەڕایەوە، بەڵام لە هەمووی خۆشتر ئەوەبوو کە ساسان بە مشەوەشیەوە وتی ئای باوکەڕۆ، بەشەرەف ساکەکەم، ساکەکەم دیار نیە، ئێمەش؛ لەکوێیە، لەکوێت بەجێ هێشتووە!؟ بیربکەوە. وتی دڵنیام لەوبەرم جێ هێشتووە، ئەهاااها لە بن ئەو بەردە. کاکە هەڤاڵ کە هەتا بینەقاقای تەڕ ببوو وتی من دەڕۆم بزانم دەیبینمەوە!

لە ڕووبارەکەی دا، کوڕی ئەو ڕووبارو چۆمە بوو و لەگەڵ ئەو سرووشتە تەواو دۆستانە گونجا بوو، لەوانەیە بست بە بست قووڵایی و تەنکایی ئاوەکەشی ئەناسی! گەییشتە ئەوبەر و لەبن بەردەکە ساکەکەی

هەڵکرت و نیشانی داین و کردیە ملی، ئێمە دڵخۆش بووین کە ئەو خەمەشمان لە کۆڵ بووەوە و لە ئاوە ساردە بەخوڕەکەی دایەوە، تا لای شان و ملی لەناو ئاوا بوو و ئاخرەکەی هاتەوە ئەمبەر لامان.

وتی با بڕۆین لە سەرەوە دۆڵمیشەکەم راگرتووە. رۆیشتینە سەرەوە، پێڵاوەکانمان هەمووی قوڕ بوون، رێگاکە باریکە رێگایەکەی شاخاوی و چیایی بوو. لە قەدپاڵێکەوە دەرۆیشتین، هەندێ بەتیژی بەرەو سەر سەرکەوتین، لە سەرەژوورەکەدا دەبووا دەستی یەکمان گرتبایە. دارو دەوەن زۆر بوو، جارجار پێمان دەخلیسکا ۆ بە چیڵکە دارێ خۆمان ئەگرتەوە.

جێی دڵخۆشی بوو لەو دۆخە ، واتە لە پەترۆڵەکەو رێگاکەی و رووبارەکە رزگارمان ببوو. زۆر نەمانپەردەژایەوە سەر قسەکردن، بەس دەرۆیشتین. جارجار هەڤاڵ بە زووبن زووبن نەقیزێکی ئەداین. گەییشتینە نزیک دۆڵمیشەکە(ریم یان مینی پاسی نزمی چواردە کەسی) تەقریبەن تاریک داهاتبوو، خۆر تەواو نیشتبوو، ئەو شیو و دۆڵە بەسامە تاریکاییەک وەک زوڵفی قەترانی کچە هیندیەکان داپپۆشیبوو. کورد وتەنی شەو شەوی کوڕەکان(پێشمەرگە) بوو.

وتی ئێستا دەبێ خێراتر لێرە دەرباز بین ئەگینا لەوانەیە جەندرمە بمانگەنێ و کێشەمان بۆ ساز دەبێ.

پێڵاوەکانمان بە پارچە پەتوویەک کە لەوێ کەوتبوو خاوێن کردەوە و سەرو جگەرەیەکمان کێشا، هوشیار و هادی بە رەسمی جگەرەکێش بوون، ئەوان مەرکەز دۆخانیاتی سەفەر بوون، من و ساسانیش بە قەولی مام هەژار جارجارە "لامژ"ییەکمان ئەکرد. سواری دوڵمیشەکە بووین، رێگامان گرتەبەر، هەڤاڵ وتی ئەمشەو ئەچینەوە ماڵی ئێمە، ئەوان خواردنیان ساز کردووە، لەوێ ئیستراحەت ئەکەن و بەیانی زوو بۆ درێژەی سەفەر بەرێ ئەکەونەوە. وتیشی بەڵام ئیستە دەبێ بڕۆین هەندێ کێشەی ماشینەکەم هەیە جێبەجێ بکەین و دواتر راست بڕۆینەوە بۆ ماڵ.

بەرەو شارۆچکەیەکی ئەو نزیکانە کە ناوەکەیم لەبیر نیە کەوتینەڕێ، شەو قەترانی تر، بە قسەی موسڵمانان زوڵمانی تر ببوو، جادە زۆرتری خۆڵ بوو، جادەیەکی پڕ لە خۆڵەپۆت و تەپوتۆز، هەستت ئەکرد ناوچەیەکی تازە داگیرکراوی سەربازی بیە، دوورە راستی نیە گەر بێژم زیاتر بە جادە خۆڵ و تەپوتۆزاوییەکانی ئەفریقا دەچوو کە جارجار لە فیلمە دیکۆمێنتارییەکانا ئەیانبینین.

هەر کەمێ ئەڕۆیشتین ماشینێکی سەربازیمان ئەبینی، گڤ ئەیدابەلامانا. هەستت ئەکرد جموجوڵێکی سەربازی جیددی لەو ناوچەیە هەیە و هەم هەڤاڵ و

هەم خەڵکەکەش دیار بوو بە لایانەوە ئەو دۆخە ئاسایی ببووەوە، ببووە بەشێ لە ژیانی رۆژانەیان، دیمەنەکانیان لا ئاسایی بوو، ئەوەش گوزارش لەوە بوو کە ساڵانێکی زۆرە ، لەوانەیە زۆر لە پێش نەسڵی باپیرانیانەوە ئەو دۆخە ئاوا بووبێ و تەنانەت چووبێتە چیرۆک و وانەکانیانەوە.

ئەمانزانی هەر لەو هەفتەیەدا لەو ناوچەیە شەڕ ببوو، پ.ک.ک لەو ناوچانە باندۆرێکی زۆری هەبوو. هەڵسوکەوت و شێوازی قسەکردن و کولتووری خەڵکەکە پ.ک.کەیی بوونی پێوە دیار بوو.

هەڤاڵ کارەکەی خۆی تەواو کرد و گەڕاینەوە بۆ ئاوایی"بەڕۆژیا". رێگای ئاوایی هەر هەمووی رێگای خاکی بوو. راست بە رێگای نیزامی بنکە سەربازییەکانی سەر چیاکان ئەچوو، ئەو رێگایانەی داگیرکەران تەنیا بۆ گواستنەوەی پێداویستی و گەیاندنی خێرای یارمەتی سەربازی درووستیان کردبوون.

بەڕۆژیا ئاواییەکی زۆر گەورە نەبوو. بەقسەی هەولێری گۆندێکی قشتۆکە بوو، سادە و ساکار، دەرەوەی ماڵەکانی سادە و بێ زرق و برق و تەجەمۆل بوون. ناوەوەش لە دەرەوە سادەتر. رۆیشتینە ناو حەوشەیەک، هەڤاڵ رێنوێنی کردین بۆ نهۆمی سەرەوە. ژوورێکیان پیشاندااین و وتیان لەوێ کەمێ پشوو بدەن

و وتیشیان ئەوەش ئاودەست و حەمام و ئێمە کەمێ خۆمان لە قوڕو بۆن پا خاوێن کردەوە. ئێمە هاتینەوە سەرخۆ و ئەوانیش هاتنەسەرێ و وتیان فەرموون وەرنە خوارێ کاتی خواردنە.

وامان ئەزانی کولتووری ئەوانیش وەک کولتووری کۆمەڵایەتی باشووری کوردستانە، واتە لە کاتی دانیشتنە سەر سفرە و خوانی میۆانداری دا، وەک عیبادت و تازیە و شایی، ژن و پیاو لێک جودا ئەکرێنەوە.

شارەزاییمان لە کولتووری کۆمەڵایەتی باکوور نەبوو. دەرکەیەکمان کردەوە دیتمان ژن و کچانی ماڵ و کچێکی جیرانیشیان بە جلێکی سادە بەڵام ئاڵ و واڵایێ کوردەواری باکوورەوە لەبەرمان هەستانەوە و لەو سەرماو زوقم و زێقەتەدا بە خوڵک و خۆییەکی گەرم و میهرەبانانەی لادێی یەوە فەرموو و خێرهاتنێکی گەرمیان کردین و گەرمیان داهێناین.

دیتمان سفرە راخراوە، چەندجۆر خواردنی سادە بەڵام پڕ سەفاو میهریان دانابوو، هێلکەو تەماتەشی بە سەوزەو پیاز و دۆی خۆماڵیەوە لەگەڵ بوو، بەگشتی هەست ئەکرا هەرچییەکیان هەیە دایانناوەتە سەر سفرەکەیان.

بیرم نەچێ ئەو ئاواییە زۆر سەرسنوور بوو، لەگەڵ خەڵکی مێرگەسوور و دیانا تێکەڵاوییان زۆر بوو. بە چەشنێ کە هەستیان بە سنووری دەستکرد نەدەکرد، هەڤاڵ ئاشقی کچێکی دیانایی ببوو، خواستبووی و هاوسەری بوو. لە چاولێک کردن و قسەکردنڕان پێیاهەڵدانیان بەیەکدا، بەرقی ئەشق و خۆشەویستی لە نێوچاوانیانا ئەبریسکایەوە و پێکەنینە بە زەردەخەنە و قاقاکانیان ئێشتیهای میوانی ئەکردەوە.

لە خواردن و خواردنەوەکانا، لە هەمووی گرینگتر چاییەکەیان و ماستاوەکەیان بوو. چاییەکەیان وەک چاییەکانی باشوور بە کوڵاندنی شێلم ئاسا ئەشکنجە نەدرابوو. هەر راست بە شێوازی رۆژهەڵات سادە دێم کرابوو و تامی نەگۆڕابوو. هەقیقەت بێژم، حەزم نەئەکرد ئەو شەوە تەواو بێ. کەیفم بەو سەمیمیەت و میهرەبانی و سرووشت و... ئەکرد.

با ئەوەش بێژم، هەر بەراستی لەوێ زستان هاتبوو، تەنکە بەفرێ باریبوو و ئەو چیا بێ ناز بەڵام بریندار بە تۆپ و سارۆخانەی کوردستانم راست وەک ئەو کچۆڵە ناسکۆڵانەی نیشتمانەکەم هاتە پێش چاو کە هێشتا دەموچاویان لە ناسکۆڵەییا بەرگەی دەرمانی مەکیاژو ئارایش ناگرێ بەڵام بە زۆرەملێ بەمێرد ئەدرێن، ئەو سرووشتەش وەک رۆژی بووکێنی ئەوان

تەنکەتارایەکی سپیی لە شەختەی بەسەردا درابوو، سەرما کزەی ئەهات. هەناسە وەک هەڵمی جگەرە بوو.

ئەو کاتە رۆح و جیسممان داوای چاییەکی گەرمی ئەکرد. کەتنی چاییەکەی دیانامان لەبیرچوو بوو، وەک لەمێژ بێ چاییمان نەخواردبێ، بە تامەزرۆییەوە داوای چاییمان کرد، دەورە چاییەکیان بۆ تێکردین، پێش دەست بۆ چێشت و نان ببەین، پڕی چاییمان دا.

نان و چای مەیل کرا، وتمان چۆن پێوەندییەک بە کەسوکارمانەوە بکەین، ئیستا نیگەرانن، ئەبێ خەبەریان بدەینێ. برایەکی هەڤاڵ هەبوو وتی لێرە کوڕەک تێلیکۆم کار دەکات، دیتمان وایە، پێویستمان بە کارتی شارژ هەبوو، براکەی وتی ئەتوانم بۆتان بێنم. پارەمان پێدا کارتی بۆ هێناین.

پێوەندیمان کردو خەبەری سەلامەتی خۆمان داوە و وتمان بۆ سبەی زوو بەڕێ ئەکەوین. بڕیار بوو تاریکو لێڵ بڕۆین. هاتینەوە نهۆمی سەرەوە. لەتەک ساسانا چووینەدەر، قەنەفە شکاوێکی چەندکەسییان هەبوو، لەسەری دانیشتین، بەڵام بە کۆت و جلی گەرمەوە، چونکی زۆر سارد بوو.

ئاوایی بێدەنگ، تاریکایی وەک زوڵفی قەترانی روومەتی جوانی ئەو سرووشتەی داپۆشیبوو. جارجار

تەنیا دەنگی سووسەی کزەبایەکی کوێستانی ئەهاتەگوێ. دانیشتبووین جگەرەمان ئەکێشا، وتم کاکە ئێرە بەرزە و ئەو چیاو شاخ و دۆڵەش هەر هەموو شکۆمەندانە ئالێرەوە دەرئەکەون. هەندێ تەلەفۆن و پێوەندیمان گرت و وتمان بابڕۆین بخەوین. کاتمان زۆر بەدەستەوە نەبوو. دەبووا بەیانی سەعات دەوروبەری ٥ بەڕێکەوتباین تاکوو لە بەڵای جەندرمەی تورک پارێزراو بین.

زوو چووین هەر هەموومان لە ژووری خەوتین. من زۆر بە پرخەپرخ حەساسم، لە پێشمەرگایەتی و دەورانی خوێندکاریشدا هەروا بووم، زۆر جار تا بەیانی دەیانجار هاوژوورییەکانمم بەخەبەر دێنا. بەڵام ئەو شەوە هوشیار و هادی برخەیان ئەتگوت نەڕەی شێرە، بەڵام من ئەتگوت سواری حەزرەتی جبرەئیل بووم و لەسەر باڵەکانی خەوتووم و لە سەر ئاسمانەکان سەما ئەکەم، تا بەیانی تەخت بۆی نووستم.

بەیان ئەنگەوت و شەو رابورد

هاوڕێیانمان هەر لەخەودابوون

تێرو پڕ ئیسراحەتمان کرد و هەستاین و چووینە ئاودەست و شتی وا. چاوتان رۆژی خراپ نەبینێ و بەسەری دوژمنەکەشتان نەیێ، ناخۆشترین شتی ئەو

بەیانییە چوونە ئاودەست و دەموچاو شووشتنەکەمان بوو.

ناهەقم مەگرن کاکە، ئاو وەک شەختەی لێ هاتبوو، چاونەترسی و ئازایەتی رۆستەمی زاڵی دەویست مشتە ئاو بۆ شوێنی مەبەست هەڵدەی! دەبووا هەر مشتە ئاو هەڵدەی و خێراش هەورامی ئاسا هاوار بکەی"حەزرەتو غەوسی نەپێکۆش" حەزرەتی غەوس نەیپێکێ!

بەهەر حاڵ خۆمان گورجەو کردەوە، خەریک بوو پێڵاو لەپێ بکەین، دیتم تەرمی بێ گیانی بیچووە مشکێ لە ناو پێڵاوەکەما کەوتووە. بیچووە مشکێ کە یان لەوانە بوو وەک ئێمە پەناهندە بێ، یان ئێمە ژوورەکەمان لێ داگیرکردبێ.

وتم ئاگاتان لێ بێ چاو لە ناو پێڵاوەکانتان بکەن شتی تێدا نەبێ. هەژارە دیار بوو لە سەرمادا پەنای بۆ پێڵاوەکانی من هێنابوو بەڵام رزگاری نەببوو. جا هەولێری وتەنی لۆ خۆ تێبگەن چەندە سارد بوو!

هاتینە بەرهەیوان، حەزت ئەکرد چاو لەو سرووشتە بەهەیبەتە بکەی. پێت ناهەق نەبوو ئەگەر چەنگیزخان وتەنی، نیوەی گەلەکەشتی بۆ بەکوشت بچێ بەڵام رزگار بکرێ.

هەڤاڵ بە دۆلمیشەکەی خۆی بردینی. بڕیار بوو تا ناوشاری شەمزینان بمانگەیەنێ. بەڵام وەک وتم لە بەر شەڕی پ.ک.ک ئەو ناوچانە سەرتاسەر تا لە سنووری شەمزینان دەردەچووی بە ناوشاری شەمزینانیشەوە، هەر هەمووی ملیتاریزە کرابوون.

لە یەکەم سەیتەرەدا دیتمان ماشینێکی سەربازی وەک هامەر ناو جادەکەی بەستووە، پاش پشکنین رێگای بۆ رۆیشتن ئەکردەوە، بە هێمای ستۆپەکەی دەستی ئاماژەی کرد راوەستن، خاڵی پشکنین بێجگە لە سەگی تایبەت، پڕ بوو لە جەندرمە، هەڤاڵ دابەزی و چووە لای جەندرمەکان، هەندێ قسەی کرد، بەڵام ئیزنیان نەداین بڕۆین. وتبووی بە هەڤاڵ هەویەکانیان بێنە، ئەمیش وتبووی ئاوارەی سورین و هیچیان پێ نیە. بەڵام فەرماندەکە وتبووی ناتوانین متمانەیان پێ بکەین، لەوانەیە ئاپۆچی بن، واتە گریلای پ.ک.ک.

هەڤاڵ هات بۆ ئێمەی گێرایەوە، ساسان ئاپۆچی بە ئاپاچی تێگەیشتبوو، ئەیگوت کاکە ئاپاچی چی و شتی چی بۆخاتر خوا! جا توخوا ئەوە قسەیە!؟ وتمان کاکە ئاپاچی جیایە، مەبەستی ئاپۆچیە یانێ لایەنگرانی ئاپۆ و پ.ک.ک.

گەڕایندینیەوە، هەر کەمێ لەولاترەوە و تەقریبەن هەر لە پێش چاوی ئەوانەوە وەستاو وتی ئا لێرەوە بڕۆنە

خوارەوە ، یەک دوو جەوان لەوێوە دەڕۆیشتن، دیاربوو هاوڕێگای ئێمە بوون و هەڤاڵ دەیناسین، وتی ئا ئەوانەم لەگەڵ خۆ بۆ بگەیەننە خوارێ لای چاخانەکە پێنج ملیۆنتان ئەدەمێ، ئێمەش سەرمان سووڕمابوو ئەو هەموو پارەیە تا ئەوێ! دیارە دەبێ گرینگییەکی زۆری پێدابین.

بەڵام دواتر زانیمان کە ئەو پێنج ملیۆنەی ئەو باسی کرد و ئێمەیان پێ گەیاندە خوارێ، لە تورکیە پارەی پێنج جاران چوونە ئاودەست بوو! من لاقم هێشتا چاک نەببووەوە، جانتاکەشم قورس بوو، ساسان و هوشیاریش بە زۆر جانتای خۆیان پێ هەڵدەگیرا، جانتایەکی قورسی هادیم لە شانێکم و هی خۆم لە شانەکەی دیکەم و هادیش بەس هێژای هەڵگرتبوو و ئەژینیش جانتایەکی مناڵەکەی پێ بوو، جا وەرە شەلەشەل هەڵێ بەو رێگا قوڕاوی و بارانەویەدا بەرەو خوار، وابزانم کیلومەترێ دەبوو.

گەییشتینە لای چایخانەیەکی سەرجادە، کۆمەڵێ پیرەمێردو جەوانی لێ بوو، سۆپایەکی داریی هەڵکرابوو و هورپە هورپ ئەگڕا، کتری چای و ئاوی لەسەر بوو، دەنگی هورپە هورپی سۆپا و گیزە گیزەی موسیقای کتری و ورتە ورتی قسەکردنی ئێمەو ئەوانەی لەوێ بوون تێکەڵەیەکی نەشاز بوو.

پارەمان دا و سەرو چاییەکی خۆشی سەر سۆپامان باشووری وتەنی بە دیشلەمە(بە قەنەوە) لەخوڕێنی نووش کردو خۆمان لە چایی دووهەم خۆش کردبوو کە هەڤاڵ گەیشتێ و لەگەڵی سەرکەوتین.

بەڵام ئەمجار ئیدی تین و هیوامان وەبەر هاتبووەوە.

هەڤاڵ وتی ئیدی ترستان نەبێ، لەمەو بەولای ئاسان دەبێتەوە. هەر دەڕۆیشتین و ماشین و هێزی سەربازی و جەندرمە بە لامانا گڤ گڤ تێدەپەڕین. ئێمەش بە متمانەکەی هەڤاڵ پشت ئەستوور بووین. گەییشتینە شاری شەمزینان. شارو ناوچەیەکی خۆش بوو. ناشوبهێنرێ بە شوێنەکانی دیکە کە دیتوومن، ئەکرێ بێژین لە هەورامان شوێنی وا زۆر بەدی ئەکرێ.

لە شوێنێ راوەستاین، بەر دووکانێ بوو. دیار بوو هەڤاڵ کوڕێکی ناسراو بوو، ئێمە لەوێ وەستاین و کابرایەکی دوکاندار بە رێزەوە سەرو چاییەکی پێ داین. هەستت ئەکرد خەڵکێکن بە کولتوورێکی کوردانەی نەگۆڕاوەوە. هەستی میهرەبانی و نزیکایەتی نێوانیان زۆر بەدی ئەکرا.

لەوێ هەڤاڵ چەند سیمکارتێکی بۆ کڕین. هەڵبەتە بە پارەی خۆمان. ژمارەی خۆیشی پێداین و ئەوەی ئێمەشی وەرگرت. وامان دانا کە لە ناو رێگادا بەردەوام پێوەندیمان پێکەوە دەبێ. بلیتی لە سەر

حیسابی قاچاخچی بۆ کڕین و ئۆتۆبۆسەکەی(مشایی) پێ نیشان داین. جانتاکانمان بار کرد و خۆشمان ماڵاواییمان لە هەڤاڵ کردو سوار بووین. وتی شۆفێر و شاگردەکەی هاوڕێمن، یارمەتیتان ئەدەن و ئاگایان لێتانە.

هەر واش بوو. ئۆتۆبۆسەکەیان خاوێن بوو، مرۆڤ تێدا ئاسوودە بوو. هەر کەسەو پێشانگەرێکی وەک کۆمپیۆتر لەپێش بوو و پڕ لە فیلم و موسیقا لەگەڵ هێدفۆنێ. بە هەڵکرانی ئۆتۆبۆس ئەتتوانی سوودی لێوەر بگری. بەردەوام هەر ماوەیەک جارێ خزمەتگوزاری بە کەیک و چای و قاوە و شەربەت و پیپسی و کولا و... دەهاتە خزمەتمان!

شاگردەکە کوڕێکی خوێن شیرین و ڕۆحسووکی شەمزینانی بوو، بەڵام زیاتر پێی خۆش بوو بە ناسناوی هەرکی بیناسین. هەرکی یەک لە عەشیرەتە گەورەکانی کوردستانە کە لە چوارپارچەی کوردستان خەڵکیان هەیە. منیش بە کرمانجی سەرو قسەم لەگەڵ ئەکرد و خۆم بە هەرکی ناساند، جارو باریش ئەمگوت ئەوانیش هەر هەرکین، بەڵام زمانیان هەندێ جیاوازترە لە هی ئێوە کەچی هەر گومانی هەبوو، چوونکی لای ئەو هەرکی دەبووا بە کرمانجی سەروو قسەی کردبا. هێژا ئەگریا، هات بە گاڵتەوە وتی ئەوە چی دەوێ بۆ

دەگرییێ، ئاخر چۆن دەبێ هەرکی بگرییێ، عەیبە ژیری بکەنەوە!

بە هەرکی هەرکی بوو بە پارتی بازی و زۆری ئاگا لێمان بوو، خزمەتی چاکی کردین، لە ناو رێگادا بە چەندین خاڵی پشکنین گەیشتین کە زوو ئەچووە خوارێ، جارێ لە شیشەکەوە سەێرم کرد، دیتم دەستی بە گیرفانی سەربازەکەدا کرد. تومەز پارەیان ئەداتێ.ئێمەی لە ئاخرەوە دانابوو و سەربازەکەش لە درگەی پشتەوە ئەهاتەسەر و بە دەست ئاماژەی بۆ ئەکرد و بە سەربازەکەی پێشەوەی ئەگوت پشتەوە تەواوە و پێکەوە دادەبەزین.

ئەو ناوچانە زۆر سارد بوون، هەر هەمووی شەختەیەکی سپی داپۆشیبوو. ئۆتۆبوسەکە گەرمی هەڵکردبوو. چەندجارێ وەستا بۆ خواردن و نەفەس تازەکردنەوە.

بەهەرحاڵ گەییشتینە شاری وان.

شاری وان بە شاری پشیلە چاوجوانەکان ناسراوە. پشیلەی وان یان بە قەولی خۆیان "پشیکا وانێ" پشیلەیەکی سپی و تووکاوییە کە چاوێکی شینی روون و چاوەکەی دیکەی زەردێکی روونی مایلەو قاوەییە. ئەو شارە لە هەموو جیهانا بەو پشیلانە بەناوبانگە و لە

لایەن دەوڵەتیشەوە بردنەدەری ئەو پشیلانە بۆ شارو وڵاتانی دیکە قەدەغەیە.

زۆرمان برسی بوو، وتمان چێشتخانەیەکی باش ببینینەوە. هاتین بۆ لای تێرمیناڵی وان. خەممان نەبوو، بلیتی ئیستانبولمان لە سەر حەسابی قاچاخچی و لە لایەن هەڤاڵەوە بۆ رێزێرف کرابوو.

کەوابوو ئێستا تەنیا کاتی گەڕان لە خواردنێکی چاکە. لە تەنێشت تێرمیناڵەکە خواردنگەیەکی لێبوو، هەر هەموومان وەک قیبلە رووەمان تێ کرد. لەناو خواردنگەکەشدا وێنەی پشیلەیەکی جوانی وان بە دیوارەکەدا هەڵواسرابوو. خواردنگەی چی، هەر بۆ تاریف کردن دەبوو. تیمێکی باش سەرپەرستی و خزمەتیان تێدا ئەکرد. هەر هەموو کورد و خەڵکی شارەکە بوون.

بەڕێزەوە هاتنە خزمەتمان! و پرسییان چی دەخۆن؟ وتمان کاکە چی خۆش و بەتامتان هەیە؟ کۆمەڵێ شتی هەڵدا و ئێمەش بە ناو نەمان ئەزانی چین و چۆنن، بەڵام بە وێنە خۆش دیار بوون. بە دەم لێستنەوەوە خواردنەکانمان راسپارد و چووینە ناو هەستی بۆنی خۆشی خواردنەکانیان، بڕوا بفەرموون "دڵێ مرۆی دەحلاند". ئەوە هەر هەستی من نەبوو، هەمووان سوێیان بووبووە بۆ بۆنی خواردنەکان.

هەتا خواردن حازر بوو، چەند جارێ بانگمان کردن و چووینە لایان و سۆراغی خوەردنمان گرت. کورد وتەنی نەوسمان دابوو بەشانمانا. ئەتوانم شایەت بێنم کە بەو بۆنە جەرگ سووتێن و هەناو هەڵقرچێنانە ساسان لە هەمووان زیاتر ئەکڕووزایەوە و زگی هەڵئەپرواند.

یاڕەب بە نسیبی مێعدەی موبارەکتان بێ، خوا بەجێی حەج بە قسمەتتانی بکات، هەر گۆشتی برژاوی جۆراوجۆر بوو، هەر خواردن و پێشخوانی رەنگاو رەنگ و بۆناو بۆن و تامەو تام بوو تەشریفی ئەهێنایە سەر سفرە و ئەپاڕایەوە ئەیگوت من بخۆن!

ئەزانم کەس سەیری نەئەکردین، بەڵام ئەگەر سەیر کرابایین هەر بەڕاستی سەیرمان هەبوو.

تێرو پڕمان خوارد و کۆلا و ساردی و ئاو و ئەو شتانەش بەردەوام مەخزەنی ئەسراری مێعدەی دەشێلاو جێگای بۆ شتیتر ئەکردەوە. چای ئەیگوت بە چای جێمکە هەتا ڕێتکەم.

بەگشتی ورگ و مێعدە لە تازیەباری دەرهاتن و دەموچاو گەشایەوە و ورگ لە پووچانەوە رزگاری ببوو و وەک مەشکەی پڕ دۆ و کەرە خستبوومانە سەر پشتوێنی شەرواڵەکانمان.

هاتینە دەرەوە و سەرو جگەرەمان کێشا، کاتی ڕۆیشتنی ئۆتۆبوسەکە زۆری مابوو و من و ساسان وتمان ئەرۆین مارکتێ ئەدۆزینەوە و هەندێ شتومەک ئەکڕین. گرینگترین شت دەمپای بوو بۆ ناو ئۆتۆبوسەکە.

زۆرێ ڕۆیشتین و مارکتێکمان بینی، خەڵک زۆری بە تورکی لەگەڵ یەک قسەیان ئەکرد. هەستت ئەکرد ئەوێش شارێکی تورک زمان و تورک کولتوورە.

لە مارکتکە وتمان بەشکو کوردی تێبگەن. باش بوو کە قسەمان کرد کەم تا کورتێ لێک تێگەیشتین. خەڵکەکە زۆربەشیان بێجگە لە تورکی زمانی دیکە نازانن. شتمان کڕی و هاتینەوە. بەڵام ئێمە بیرمان لەو خاڵە نەکردبووەوە و هەڤاڵیش پێی نەوتبووین کە نابێ لەو ناوە زۆر خۆ دەربخەین و بکەوینە پێش چاوان.

لە گەڵ ساسان گەڕاینەوە بۆ لای گاراژی وان، هەر لە دوورەوە هادی و هوشیار هاتن بە پیریمانەوە، دیار بوو ترسابوون و ڕەنگیان هەندێ هەڵپڕووسقابوو. وتیان کاکە قوڕمان بەسەر بوو، ئێستا بەرپرسی پۆلیسی ئێرە بە جلی مەدەنیەوە(شەخسی) هاتبوو بە شوێنتانا ئەگەڕا، وتی بە ئێمەش نەجووڵن تا ئەوانیتر دێنەوە ئەوجا پێکەوە بێنە لای من!

وتم به هادی هیچ ترسانی ناویٚ، کامەیە، ئەیناسیەوە؟ وتی ئا ئەیچۆن، ئێستا لێرە بوو، هەر ئێستا دێتەوە، چیبکەین؟ با زەنگ بۆ هەڤاڵ لێبدەین. لەو قسانەدابوو هادی وتی ئەهاااا ئەوەهای، ئەوتە خۆیتی. دیتم کابرایەکی رەقەڵەی دەمو چاوباریکی تەقریبەن بەژن درێژ، کڵاوێکی نمەدی لەسەرە و پشت لە ئێمە دەڕوا.

وتم کا هوشیار تۆ هەندێ تورکی ئەزانی وەرە تەرجومەمان بۆ بکەوە. رۆیشتم و لە پشتەوە دەستم دایە سەرشانی کابرادا، سەری سووڕاندەوە، وتم تۆ بەشوێن ئێمەدا گەڕاوی، چی بووە و ئیشت چیە؟!

وتی وەرن دوام کەون، لە رۆیشتنا بە هاوڕێیانم وت، دەبێ وریا بین، نابێ کەس لەخۆیەوە قسە بکات، چونکی قسەیەک ئەتوانێ هەموو شتمان لێ تێک بدا. هەموومان کوردی سوریاین و ماڵمان بە تۆپ و بۆمباران سووتاوە و هەندێ لە کەسوکارمان لەدەست داوە و تەنیا گیانی خۆمان بۆ رزگار کراوە و هیچیتر، تەنانەت کارت و شتیشمان بۆ دەرنەچووە.

لەناو ترمیناڵی وان بنکەیان هەبوو، چووینە ژوورەوە، کابرا بێجگە لە تورکی زمانی دیکەی نەدەزانی، تورکیەکەی هوشیاری هاوڕێشمان هەر بەشی مەرحەباو چاک و چۆنییەکی ئەکرد، ناچار کابرایەکی کورد وەک موتەرجمی خۆیان بانگ کرا، بەڵام

موتەرجمی چی! تۆ بڵێ جاشێکی مرۆڤ فرۆش، من ئەڵێم کەمت وتووە! ئەو کابرایەی کە لەوێ بوو وەک بەرپرسی شیفت بوو و موتەرجمیشی لە خزمەتدا بوو.

تورکە پرسی ئێوە کێن و لە کوێوە هاتوون، من بە نوێنەرایەتی جوابم داوە کە ئێمە پێکەوەین و هاوسەفەرین و ئەمە وەزع و حاڵمانە و ئەمانەوێ بگەیینە ئیستانێول و لەوێوە بە کەسوکارمان لە ئوروپا. وتی هەرچی لە ناو جانتای سەفەر و گیرفانتانا هەیە، نەفەر نەفەر هەڵیڕژێننە سەر ئەو مێزەی بەردەستم.

وامان کرد. شتەکان پشکێنران. پارەمان زۆر کەم لەگەڵ خۆ بردبوو، کابرا گیری دابوو کە ئێوە بەم پارەیە چۆن ئەگەنە ئوروپا!؟ وتمان ئێمە بگەینە ئیستانبول پارەمان پێ ئەگا، کێشەی پارەمان نابێ. کابرای جاشەکورد چاوێکی کوێر و دەموچاو لارو گیرێکی سەر ئەسڵەح(سەرتاس) بوو کە هەستت ئەکرد دەروونێکی پەنگخواردوو و ئاخنراو لە رق و کینی هەیە. ئامادە بوو گەر بیتوانیبا هەر هەموومانی بە نرخی گریلا بفرۆشتبا و دەستخۆشانەی خۆی وەرگرتبا.

جاشەکورد ناڕاستەوخۆ هەڕەشەی ئەکرد و ناڕاستەوخۆش داوای پارەو بەرتیلی ئەکرد. ئەیوت

ئەفەندی ئێژێ دەبێ ئێستا بیانبەین و تەسلیم بنکەی ناوەندی پۆلیسی وانیان بکەین و لەوێوە بیانبەین بۆ کەمپی ئاوارە سورياييەکان. ئەوە ئێستا پێوەندی ئەکەین سەيارەو پۆلیس دێن و دەتانبەین. من هیچم لەدەست نایێ، ئەو ئەفەندییە بەجۆرێ رازی بکەن من هیچم ناوێ.

برادەران باسی ئەوەیان ئەکرد با پارەیەکیان بدەینێ و خۆمان رزگار بکەین، وتم یەک فلسیشیان نادەینێ. ناتوانن و ناکرێ بمانبەن. بە کابرای موتەرجممان وت هەرچی ئەکەن بیکەن، ئێمە هیچ رێگای دیکەمان نیە، خۆمان لە بنکەی ناوەندی پۆلیس قسەی خۆمان ئەکەین.

لەگەڵ ئەفەندییەکەی تێگەیشتن کە لە ئێمە خەیرێکیان پێ نابڕێ، هوشیاری هاوسەفەرمان عەینەکێکی رەشی پێ بوو، دیار بوو جاشەکوردەکە زانی بێ خێرین بۆی، بە زمانلوسی داوای عەینەکەی کردو هوشیاریش وتی قابلی تۆی نیە و پێی دا. تورکەکە پێی ناخۆش بوو، وابزانم هەستی بە سووکایەتی ئەکرد کە بەرتیلەکە هاتە سەر عەینەک دوودییەک! بەڵام هوشیار وتی قەیناکا ئەوە با دیاری من بێ بۆ تۆ.

لەم قسەو باسانا بووین کابرایەک بە سەرو دەم وچاو و جل و بەرگ و تیپ و قیافەیەکی رێک و پێکەوە هاتە

ژووریٚ و ئەوان لەبەری هەستانەوە و ئێمەش هەروەها. جاشەکوردە وتی ئەوە بەرپرسی ئێرەیە. هەندیٚ قسەیان کرد و کابرا رووی لە من کرد و وتی ئێمە گومانمان هەیە کە ئێوە ئاپۆچی بن، بە بیٚ هیچ بەڵگەنامەیەکی پێناس و شوناس هاتوونەتە ئێرە، ئێمە چۆن دڵنیا بینەوە لێتان کە ئاپۆچی نین؟! منیش بە نوێنەرایەتی هەمووانەوە پێم وت، ئێمە سوریەیین و ژیانمان لەناوچووە و تەنیا گیانمان دەرباز کردووە، بەڵام گەر ئاپۆچی بین، لێرە و لەم تێرمیناڵەدا و بە بیٚ چەکیٚ، بە بیٚ نارنجەک و تەقەمەنییەک چی دەکەین!؟ کابرا بەس گوێی لە قسەکان ئەگرت و کەمیٚ تێفکری و دەستێکی خستە سەرشانی من و روو لە ئێمەو پیاوەکانی خۆی، وتی تەواو، راست ئەکەن، دڵنیا بوومەوە و ئەتوانن بیٚ کێشە درێژە بە رێگای خۆتان بدەن. ماڵی ئاوا، لەو بەڵایەش رزگارمان بوو و سەدجار قەزامان خست لە کابرای جاشە کورد. هیچ نەبیٚ دوژمنێکی بەڕێز بوو.

ئۆتۆبوسی راستەوخۆی ئێستانبول نەبوو، بەناچار سوار بووین بۆ ئانکارا. رێگایەکی دوورمان بڕی، زۆر ماندوو بووین، زۆربەی سەفەرەکەمان کەوتە شەو، چەندین شارو شارۆچکەو ئاوەدانیمان تێپەڕاند.

بەڵام ئەوەی لە هەموو شت زیاتر سەرنجی راکێشام، ناوچەی کوردستانەکەی زیاتر بە ناوچەی شەڕلێدراو ئەچوو. جادەکانی وەک جادەی نیزامی بوون، چاڵ و شتی زۆر بوو، بەڵام کە گەیشتینە سەر رێگای وان ئانکارا، پێم وابێ هەتا ئانکارا هەستم بە دەستەنداز، تاسەیەک نەکرد. ئەو کوالێتە جادەیی و ئۆتوبانییەم تەنیا لە ئۆرووپادا دیتووە.

لە ناو رێگادا شەو لاماندا رێستۆرانێ، رێستۆرانەکە بە مۆدێلی تورکەکان، بە دێکۆراسیۆنێکی جوان رازابووەوە، بەڵام خواردنمان هەڵبژارد، خواردنیان کە بۆ هێنایین، خواردنی چی، تۆ بڵێ ژەهری مار. ساردی سارد، بۆگەن و زیاتر بە پاشماوە دەچوو، تەنیا چاییەکەمان قازانج کرد و ئاودەس چوونەکە. وابزانم بۆ خواردن و چاییەکەش هەر نەفەرێ هەفت ملیۆن لیرەیان لێ وەرگرتین.

چووینە ئاودەس، هاتینە دەر، نەفەرێکیان دانابوو پارەی ئاودەس بستێنێ. هەر نەفەرەو یەک ملیۆن لیرەی دەستاند. هاتینە دەر و کاک هوشیارەکەمان هات و بە دوو دەستی دای بەسەری خۆیاو وتی: " ئمممم قوڕی دنیا بەسەرم، بۆ "گووکردنێ" یەک ملیۆنیان لێ ستاندم**!** هەموو تێرو پڕ پێکەنین و کەمێ وەحەساین. ئەو ماوەیە سەرەڕای سەختی و ناخۆشی و ماندووبوونی

ڕێگا، پیکەنینمان زۆر بوو، بەڵام ئەوەندەی ئەو ڕووداوەو ئەو شەوە پێنەکەنیبووین.

سوار بووینەوە و ڕۆیشتین، دنیا ڕووناک بووەوە و هەوا کەمێ گەرم و خۆش داهات، لە شوێنێکی دیکە لامان دا ، دوکان و ڕێستۆرانێکی سوننەتی(کولتووری) لێ بوو، لەوێ کەیک و چاییەکمان خوارد و بە دوکانەکەی تەنێشتی دا گەڕاین و چەقۆی چاکی هەبوو، چەقۆیەکی چاکم کڕی. ئاخر بەو هەڕەشانەی کە باسکرابوون و ئێمە چاوەڕێی هاتنە سەرڕێگامان بووین، دەبووا خۆمان بۆ شەڕی مان و نەمان حازر کردبا. بەتایبەت لەگەڵ قاچاخچیەکان و لەسەر ئاوەکە. هەر بەراستیش لەگەڵ دۆستان واپێکهاتبووین کە هەتا کوشتن و کوژران بەرەوڕووی هەر هەڕەشە و مەترسییەک ببینەوە کە ئێخەی خۆمان و خانەوادەکانمان بگرێ. هاوڕێیانی دیکەش لەگەڵ ئەو بۆچوون و باوڕە بوون. ئاخر زانیاریمان زۆر بوو کە چ بەڵاو موسیبەتگەلێ ئێخەی پەنابەرانی گرتبوو و تەنانەت زۆرێ لە بنەماڵە حیزبییەکانی ئێمەشیان تێدا بوو.

کەوتینەوە ڕێگا بەرەو ئانکارا، زۆرمان پێ چوو، لەو ڕێگا دوور و درێژەدا هەمووومان بێزار و بێ تاقەت دەبووین، ڕۆحمان ماندوو دەبوو، پێکەنینمان لێ

دەتۆراو جارجارەش شەڕمان پێوە دیار بوو، بەڵام هێژای یازدە مانگ بەکەیفی خۆی دەخەوت و شیری خۆی ئەخوارد و تێر گەمەی لەگەڵ ئێمە ئەکرد و زۆر جار بە گەمە کردن لەگەڵ هێژاو پێکەنین لەگەڵی بێزاری و بێتاقەتییەکانمان بەتاڵ ئەکردەوە. دایکی هێژاش، واتە "ئەژین" بەراستی خۆڕاگر و بەتەحەمول بوو لەو رێگایەدا. ئەکرێ بڵێم کەمتر لە ئێمە پیاوەکان نەبوو.

رۆیشتین و گەییشتینە ترمیناڵی گەورەی ئانکارا. ئەو ترمیناڵە سەراو سەری دیار نەبوو. حەسیب بکە شارێکی قەرەباڵغ(شلۆغ)بوو. لەوێ بلیتیان بۆ درێژەی رێگا پێ داین و دەبووا خۆمان حازر بکەین بۆ رێگای ئانکارا _ ئێستانبول. لە هەر پۆلیسێ خۆمان ئەشاردەوە، ئاخر جاشەکورد وایکردبوو بەتەواوی ئێحتیات بکەین. من چووم بۆئاودەستە یەک ملیۆن لیرەییەکان و هاتمەوە، ساسانیش زۆر پێویستی بە ئاودەست بوو، وتی لە کوێیە، وتم وەرە بتبەم، درەنگیش بوو، بەڵام رۆیشتین و گەیشتینە نزیک ئاودەست و لە شانسەکەی ئەو چەند پۆلیس لە نزیک ئاودەستەکان وەستابوون، دیارە پێشتریش هەر لەوێ بوون و ئەوانە ئەمنیەتی ناوخۆیی ترمیناڵیان ئەپاراست، بەڵام ئێتر دەردی مارانگەستەکە بوو. ساسانی فەقیر پۆلیسەکانی بینی، راست لەجێی خۆی

وشک بوو، وتی وەی بابە، ئەوە خۆ پۆلیسن! کاکە پێویستیم بە ئاودەست نەما، بابڕۆین! هەرچی کاکە هیچ نیە، کاریان بەکەس نیە، خاڵی پشکنینی ئاودەس نین و ئەو شتانە، کاک ساسانی فەقیر هەر ئەیوت با بڕۆین، با بڕۆین. ڕۆیشتین و زوو سواری ئۆتۆبوسەکە بین. وتی نا کاکە، تەواو هەر بەراستی پێویستیم بە ئاودەست نەما. واشی لێهات، گەڕاینەوە و ڕێگایەکی درێژمان بڕی، ساسان عێراقی وتەنی زۆر مۆرتاح بوو.

شۆفێری ئۆتوبۆسی نوێمان ژنێ بوو، شاگردەکەشی هەر ژن بوو. یەکەمجار بوو ژنی شۆفێر ئۆتۆبوس ببینم. هەموومان بەلامانەوە شتێکی تازە بوو.
کۆمەڵگای تورکیا لە زۆرشتدا پێشکەوتووە بەڵام لە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کەمە نەتەوەکانی ناو تورکیا لەوانە کورد و مافەکانی دا زۆر دڕندانە و ناشارستانیانە ئەجووڵێنەوە.

بۆ ڕێگایەکی درێژ، ژنێ شۆفێری ئۆتۆبوست بێ، ئەویش بۆ ڕێگایەکی دوور، لائێرادی وەک کوردێ کە تا ئەو کاتە نە لە ئێران و نە لە باشووری کوردستانیش نەمدیبوو ژنێ شۆفێری ئۆتۆبوس یان تاکسی یان مینی بۆس و ماشینی گەورە و گواستنەوە بێ، بۆیە زۆر خاترجەم نەبووم. بەڵام بە ڕۆیشتنی زیاتر وردە وردە گومانم لە شۆفێری خانمی شۆفێر ڕەویەوە.

شاگردەکەشی زۆر هەڵسووڕ و چابۆک بوو. کراسێکی سپی، کراواتێکی رەش و شەرواڵێکی سێلڤێری لەبەرا بوو. بە هەڵسوکەوتی گورج و گۆڵ و قنج و قیتیا، هەستت ئەکرد ئەیهەوێ بە سەرنشینەکان، بەتایبەت ئێمەی پیاوان بڵێ نەڵێن ژنە ها...

شاری ئەنکاراش شارێکی جوان بوو، بەڵام ویشکتر لە ئیستانبول بوو. واتە ئەگەر ئیستانبول بە کچە سەماکەرێکی سەر مێزی بیلیاردی قومار‌بازیی بارە شەوانەکان یان ژنە رازاوەیەکی ماڵە خۆشگوزەرانییەکانی ئیستانبول و ئانتالیا ئەچوو، ئانکارا زیاتر وەک پیرەژنێکی بەساڵاچووی حەرەمسەرای سوڵتانەکانی عوسمانی دەرئەکەوت، راست وەک شاژنی دایک لە درامای بەناوبانگی "هەرێمی سوڵتان" دا.

لە بەرێکەوتنمان بۆ ئیستانێول پێوەندیمان بە گرووپەکەی ترمانەوە لە هەولێر کرد کە ئێوەش ئەتوانن بەرێبکەون. ئەوانیش سواری فڕۆکە ببوون. ئاخرەکەی بوونە ئەرخەوانی من، دیمەنی ساسان، ئۆمیدو نیشتمانی هاوسەری، ئەشکانی سەید عێزەت و هەوار. کەسوکار هاتبوون و لە فڕۆکەخانە ماڵاواییان لێ کردبوون. بڕیار بوو تەقریبەن لەگەڵ ئێمە ئەوانیش بگەنە ئیستانبول و لەوێ بۆ ئێوارەکەی یەک بگرینەوە.

ڕێگامان درێژکردەوە بەرەو ئیستانبول. لە ڕێگادا شوێنی جوانمان زۆر دیت، سەوزایی و دارستانی زۆر جوان، تۆنێل و پرد و بەرزەپرد و ڕێکلامی تێجاری و... مانگی یازدە بوو، کەشەکە ساردو هەندێ شوێن بەفر و شەختە سپی پۆشی کردبوو. بەگشتی ئێمە گەییشتینە ناو بەحری ئیستانبول. شارێکی زۆر گەورە و پان و بەرین و شلۆغ، بەڵام جوان.

بەو بیوگرافی و پێناسانەی لە ئیستانبولمان بیستبوو و خوێندبووەوە، هەندێ شتی دیکە جوانی شارەکەیان لە پێش چاو گۆڕیبووین.

ئەتوانم بڵێم، ئەو شارە جوان و ڕازاوەیەم زیاتر وەک رەقاسە، تاجر، مافیا یان لەشفرۆشێکی ڕازاوە ئەهاتەپێش چاو تا شارێکی خاوەن شارستانیەت و مەدەنییەت. نازانم ئەوە زیاتر هەستی لاوێکی شۆڕشگێڕ و نەتەوەخوازی کورد بوو کە رۆژانە هاو نەتەوەکانی لە لایەن فاشیسمی تورکەوە دەگیرێن و دەکوژرێن و ئەشکنجە دەکرێن یان هەرچییەکیتر، بەڵام بەگشتی نەم دەتوانی هەست بە خۆشی و سەفا لەو شارە بکەم. بەخۆت نەبوو، دڵت دەگیرا چاوم لە ناوچاوانی هاوسەفەرەکانیشم ئەکرد، ئەوانیش زۆر جیاوازتر لە من دیار نەبوون. لەوانەشە زیاتر هی ماندوو

بوونەکەیان بووبێ، بەڵام بەگشتی زۆر دڵخۆش نەبووین.

لە گاراژێکی ئیستانبول دابەزین، پێوەندیمان لەگەڵ هەڤاڵ گرت و وتمان کاکە سپاس بۆ تۆ، ئێمە گەییشتینە ئیستانبول و کێشەمان نەما، ماڵاوا و سپاسی هاوکارییەکانت. ئاخر ئەو کوڕە هەر بەڕاستی لە هەموویان زیاتر لەگەڵمان ماندوو بوو و ئینسانانە جووڵایەوە.

هەروەها پێوەندیمان بە قاچاخچی ئیستانبولەوە کرد، قەول بوو راست بڕۆینە لای ئەوان، بەڵام هێشتا بەتەواوی یەکلا نەببووینەوە کە لەگەڵ ئەو دەڕۆین یان نا. ئەدرەسمان وەرگرت، بۆ لای ئاکسارای پارک، ئەو شوێنە پاتۆقی پەنابەران و قاچاخچیەکان بوو. هەندێ بە پەلە بووین و دەبووا لە گاراژ  بە تاکسی بڕۆینە ئەوێ.

دیسان هەوڵمان ئەدا خۆمان لە چاوی پۆلیس بشارینەوە. هەر بەڕاستی پۆلیسەکانیش وەک گورگ وابوون و ئەو لێشاوە پەنابەرەیان زیاتر وەک مێگەلە مەڕ هاتبووە پێش چاو تاکوو کاروانی کۆمەڵە مرۆڤێکی لێقەوماو و هەڵاتوو لە دەست تاڵی و مەینەتییەکانی ژیان. کابرایەکمان دیتەوە لەوێ کە تاکسی پێ بوو و ئاخرەکەشی کورد دەرچوو، بەڵام کوردێ کە چل ساڵ لە ئیستانبول ژیابوو.

بردینیە ئاکسارای پارک و ئێمە دابەزین و تەلەفۆنمان بۆ نوێنەری قاچاخچی کرد. وتی لەوێ کولْفرۆشییەک هەیە، لای گولْفرۆشییەکە چاوەڕێ بکەن، هەر ئێستا بەڕێ ئەکەوم و دێم بە شوێنتانا.

ئەو مەیدانە زۆر قەرباڵغ بوو، ئەوەی کە ئەڵێن حەشری نێرەکەر، راست وەسفی ئەوێ بوو. لەوێ دەتتوانی هەست بە هەموو جۆرە دەموچاوێ و کەسایەتییەک بکەی. مشەموەشی و ئێسترێس بە سەرجەم دەموچاوەکانەوە ئەدیترا. بەشێک قاچاخچی و دەڵاڵی قاچاخچی، بەشێ مرۆڤ فروش و کۆلکە دەڵاڵ، بەشێ پارەخوار و بێ دەرەتان، بەشێ پۆلیسی نهێنی و سیخوڕ، یەکێ هاواری ئەکرد" لا لا وەللاهی عەزیم" یەکێتر بە تەلەفۆن ئەیوت:" غۆسە نەخۆر، هەمچی رەدیفە"، یەکێکیتر ئەپاڕایەوە و ئەیوت:"هەڤال خودێ مە یا کووبانێینە، عەفرینینە، ژ قامیشلێوە هاتیم، خودێ هەر دڤێ سبەهـ هەڕم."دەنگی ئارکادەش و قارداشم وەک دەنگێکی زاڵمانە، بەسەر هەموویانا زاڵ بوو. دەموچاوەکان ترسا بوون، هەندێ لە چاوەکان هاواری بەزەییان ئەکرد، بێزارییان لە ژیان دەرئەبڕی، لەو لاوە هەر خەڵکت دەبینی جلیقەی پێ بوو و دەیانبرد. دیار بوو بەرەو گەرووی ئەژدیها، واتە دەریای ئێژە دەچوون. بەگشتی ژیان لەوێ زۆر بێ رەحمتر لەوە خۆی دەنواند کە من بتوانم بە چەند دێڕی وەسفی بکەم!

نزیک بە سەعاتێ لەوێ چاوەڕێی بووین بەڵام هەر نەهات، چەند جاریتر تەلەفۆنمان بۆ کردەوە و ئاخرەکەی وەک مانگ لە پشت هەوری رەش دەرکەوت.

پاش خۆپێناساندن و چاک و چۆنی، وتی من ئەڕۆم و ئێوەش هەندێ دوورتر و تاک و تەرا نەک بە شوێن یەکا، شوێنم کەون. وامان کرد. گەییشتینە کۆڵانێ و لەوێ لە باڵەخانەیەکا نهۆمێکیان بەکرێ گرتبوو. یەک دوو کەسی تریشی لێ بوو. چاک و چۆنی و مەرحەبایی تەواو بوو، یەک دوو قەنەفە شکاوێکی لێ بوو، لە ماندوویەتییا لەوێ خۆمان بەردایەوە سەری و چاوەڕێی گەییشتنی کاروانی ئاسمانیمان بووین. دوومان دڵمان بە ئاسمانەوە بوو، من و ساسان.

هەر وردە وردە دۆستان قسەیان ئەکرد و بەڵێ و بڵێیان بۆ یەکتر ئەکرد و منیش قووڵتر لە جاران رامابووم لە چۆنیەتی و کەییەتی رۆیشتنەکەمان. ئاخر قۆناغی سەختترمان لێرەوە دەستی پێ ئەکرد.

من لەم فکرو خەیاڵاتا و بەردەوامیش جاروبار بەڵێیەکم بۆ خاڵی نەبوونی عەریزە فڕێ ئەدایە مەجلێسەکە و بەو چەشنە جوابی "ئەی وانیە ئەیوانیە"کانم ئەدایەوە. سەرم دێشا بۆ چاییەک، خەریک بوو چاوم دەربێ.

دەورە چاییەکی خۆش رەنگ و دێمی گێڵاسییان هێنا کە هەر بە دیتنی دەمارەکانی مێشکم شل بوون.

خراپییەکەش ئەوەبوو کە منیش تەسلیمی شێوە چای خواردنەوەی عیراقیانە ببووم. کە ئێژم عیراقیانە یانێ خەڵکی باشووریش بە مۆدێلی خەڵکی عیراق چای شێلەمییانە و دۆشاوییانە ئەکولێنن چی بڵێم، بە کوڵاندن ئەشکنجە دەدەن و پڕی شەکری ئەکەن. بە جۆرێ کە زۆرێ لە خەڵکی باشوور لە ٣٥ بۆ ٤٥ساڵیدا بە وتەی خۆیان زەخت(فشار) و سووکەری(قند-شەکر)یان ئەفڕێ!

هەتا پێشمەرگە بووم چایمان هەر بە مۆدێلی خۆمان دەم ئەکرد، بەڵام کە هاتمە هەولێر وردە وردە لە شەقام و بازاڕ و ... هەر چای مۆدێلی دۆشاوی بوو. با شتێکی خۆشتان بۆ بگێڕمەوە؛ تازە هەفتەیەک دەزگیراندار بووم کە بانگێشتیماڵی دەزگیران کرابووم، ئێوارە خۆرئاوایەک بوو هەمووان دانیشتبووین و هاوزاوایەکیتریشم بەناوی مامۆستا دیار کە لە رووی خۆیا نەبێ زیاتر وەک هاوڕێی بەڕێز و برایە لام تا هاوزاوا، لەوێ بوو. دیار بوو ئەویش پێی خۆش بوو بیسەلمێنێ کە ئەو زاوای گەورەتر و کۆنترە، بۆیە حەزیشی ئەکرد کەتن و مەتن بەسەر من بێنن!

سەرتان نەیشێنم، تازە زاوا بە شەخسییەتەوە دانیشتوو و سواری ئەسپی سەرکەشی خەیاڵ و جاروبار بەدەم خەیاڵاتی شەرابییەوە زەردەخەنەیەکی مەستانە ئەنەخشێنیێ! کە خاتوونی دەزگیران دەورە چاییەکی رەشی هێنا و لەبەردەمی جەنابی دەزگیراندارما خۆی چەماندەوە و فەرمووی کرد. چایەکم بێ تەبەق(ژێرپیاڵە) هەڵگرت. دامنا تا تۆزێ هەڵم و کوڵەکەی بنیشێتەوە، ئاخر هێندە گەرم بوو، دەمو ددانی ئەسووتاند مێعدەی ئەکزاندەوە.

بە دەم قسەکردنەوە لەگەڵ مامۆستا دیار، قومێکم لە چایەکە کردە دەمم، چاوت رۆژی خراپ نەبینێ، زمانم سەری لێ شێوابوو، نەیدەتوانی تامەکەی بیناسێتەوە. ترش بوو، تاڵ بوو، تفت بوو، هەر نەتئەزانی چۆنی پێناسە بکەی!

لەبەر ئەوەی حەزیشم لە چای بوو، راست بە یەک قوم لێدان نیوەی فنجانەکەم بەتاڵ کرد. بەڵام هیچ خۆم تێک نەدا، راست قووتم دا، بەڵام بڕواتان هەبێ تا دوو سێ رۆژ مێعدەم هەر ترش بوو. دەنگم نەکرد، هێواشێ بانگی دەزگیران خانم کرد و هات و وتی بەڵێ، هیچ بووە؟! وتم ئا زەحمەت نەبێ تامێکی ئەوە بکە، تامێکی کردو زوو وتی کەس چای نەخوا! راست سینی هێناو هەموو ئیسکانەکانی کۆکردنەوە.

بردنیەوە چێشتخانەو دوای سرتە سرت و پچە پچێ، بوو بە قاقاو پێکەنینی ئەرخەوان و دایک و خوشکی! وتم تۆ بڵێی وەک قاوەی دەزگیرانداری پڕ لە لیمۆندزی(جوهر لیمو) فیلمە تورکییەکان یان پڕ لە بیباری فیلمە هێندییەکان، ئەمانیش چاییەکەی منی فەقیریان پڕ لە لیمۆندزی(جوهر لیمو) نەکردبێ!؟

ئاهەنگی پێکەنین نیشتەوە و هاتنەژووریێ، دایکی وتی ئەیرۆ کاک هوشیار بەخوا داوای لێبوردن ئەکەم، هیچ بە مەبەست نەبوو. وتم چی روویداوە!؟ منیش چاوەڕوانی روونبوونەوەی ئەو ژەهرەمارە بووم کە نوشم کردبوو. خەسووم وتی وەﷲ ئەوە باوی(مامۆستا محمد بابی بنەماڵە) کیسەیەک شەکر و کیسەیەک لیمۆندزی هێنابوو و هەردووی لە سەر مێزی چێشتخانە لای یەک دانابوو، ئێمەیش چاییمان تێکردو هەر راست بە پێوانەی چای، لیمۆندزیمان تێکرد، (یانێ تۆ حەسابی دوو کەوچکی چێشت خواردن بکە!). بۆیە زۆر داوای لێبودرن ئەکەم، هیچ مەبەستێکمان نەبوو.

وتم هیچ نیە ئەو شتە خۆشانە هەر لە پیاوان دەقەومێ. کاک دیاریش دەیهەویست لەو ئاوە لێڵە ماسی بگرێ و زوو زوو ئەیوت نا بەخوا، لەوانەیە هەر بە قەستی بووبێ، بەڵام وایان لە من نەکردووە!

تێکڕا و پێکڕا تێر و پڕ بێکەنین و ئەوە بووە بیرەوەرییەکی خۆش و شیرین.

بەهەر حاڵ لە ماڵی هەموو خزم و دۆستانی باشووری و رۆاندزیم چایی بە قەولی خۆیان ئێرانیانەم نەخواردووتەوە، تەنیا خوشکێکی ئەرخەوان خان هەیە، "ئاشتی" خان، ئەو چایی خۆشی دێم دەکرد. کە لە ماڵی خەزوورم بوایام، چای ئەوم لە هی هەموویان پێ خۆشتر بوو و دواتر ئەرخەوان خانیش هەر بەو چاییە راهات، بەڵام ئیدی پڕڕەنگ کردنەکەی نەئەگۆڕا، چوون عادەتیان پێ کردبوو. ئەیانگوت: نازانم ئەو ئێرانیانە چۆن ئەو چاییە زەرداوە ئەخۆن!؟

بەهەرحاڵ لە ژووری قاچاخچییەکان چاییان هێنا، لەناو ئیسکانی شووشە و چای بە رەنگێکی مایلەو سووری ئاگرین، منیش کە تامەزرۆیانە تێم ئەڕوانی، هێندەیتر جوان و بەلەزەت ئەمدیت. وەک وتم دەماری رۆح و مێشکم هێور بوونەوە و لە جەنجاڵی قسە کردنانەدا، وەک پەنابەرێکی بەلەم نوقم بووی سەر بەحری ئێژە، لە سەر شەپۆلی گێژاوی پرسیارێکی زۆری بێ وەڵام مابوومەوە.

زۆر چاوەڕێی پۆلە پەڕەسێلکە کۆچەرییەکە بووین بگەنەجێ، تومەز هاتوون، بەڵام نزیک بە نیو سەعاتێ بە ئاسمانی ئیستانبول و سەر بەحرەوە سووڕاونەتەوە،

نە تۆڕی گەشتیاری تایبەت نەبوو، گوایە فڕۆکەخانە شلۆغ بووە. کە دواتر زانیمان تەرمێکی زۆری پەنابەران کە لە بەحری ئێژە خنکابوون، هێنراونەتەوە فڕۆکەخانە و جێگا نەبووە فڕۆکەکەیان لە کاتی خۆیدا بنیشێتەوە.

پاش چاوەڕوانییەکی بێزارکەر، ئێوارە لای تاریکانێ لە لایەن وتەبێژی تیم واتە ئۆمێدەوە پێوەندیمان پێوە کرا و وتیان دابەزیوین و ئەوە بەڕێوەین دێین. پاشان هەندێکیتریان پێ چوو، تەلەفۆنێ ترمان بۆ هاتەوە و ئۆمێد وتی ئەوە لە ئاکسارای پارکین.

چووین بە پیرییانەوە. ئەو مەیدانە هەمیشە پرخەڵک بوو، بەرامبەرەکەشی دووکانی کەلوپەلی پێویستی پەنابەری و پەڕینەوە وەکوو جلیقەی نەجات و شتی وابوو.

ئەوانیش هبەر لای گوڵفرۆشیەکە چاوەڕوانی ئێمە بوون. چووینە لایان و من و ساسان وەک ئەوەی ونبوویەکمان دۆزیبێتەوە پێشوازیمان لە هاوسەرەکانمان کرد. جانتاکانمان لەگەڵ هەڵگرتن و ئێمەش بە مۆدێلی قاچاخچییەکە تاک و تەراو دوو دوو بەرێکەوتینەوە بۆ ماڵی قاچاخچی.

لەوێ کوڕێکی دیکەشمان ناسی بە ناوی هێمن کە خەڵکی لای سەردەشت بوو. هێمن کوڕێکی دڵساف و

رووگەش و بە ورە بوو. دواتر زانیم کە برای هاوڕێیەکی پێشمەرگەمان بوو بە ناوی هیوا. هیواش یەکێ لە کوڕە چاک و پێشمەرگە باشەکانی حیزبی دیمۆکرات بوو کە ئەویش هەر لەگەڵ ئەو کاروانانەدا گەیشتبووە ئۆرووپا.

ژووری قاچاخچی هاتوچوی زۆر بەسەرەوە نەبوو، بەڵام وادیار بوو کە ژوورەکانی دیکەو نهۆمەکانیتریش هەر بنکەی قاچاخچیان بوون. هەموومان تێگڕا رێککەوتین کە برسیمانە. رۆیشتین تێروپڕ پەتاتەو هێلکەمان هێنا، بە یارمەتی ژنان پەتاتەی پێشێلکراو و هێلکەمان خوارد. چای و جگەرە ئەو ژوورەی کردبووە چەقەخانەیی مزگەوت.

ژووری ژنان و پیاوان جودا بوو، بەڵام ساسان و ئۆمید لە بەر ژنەکانیان، تا کاتی نووستن زیاتر لە ژووری ژنان بوون.

پیاوی قاچاخچیەکە ئەیوت سبەینێ قاچاخچی بڕیاردەر دێ، ئەو شەوە تا درەنگێ ماینەوە. ئەشکانی کاک سەی عێزەت بەردەوام ناوبەناو بڕیاری ئەگۆڕی، نازانم باسی پەڕینەوەیان چۆن لا کردبوو، بەڵام دیار بوو زۆر ترساندبوویان. بۆیە تاوێ ئەیوت دێم، تاوێتر ئەیوت نایێم.

ئەمانوت کاکە ئێمە چۆن بڕۆین، بێخەم بە تۆش وەک ئێمە و لەگەڵ ئێمەی و هەمووان پێکەوە ئاگامان لە خۆمان ئەبێ و بە سەرکەوتوویی ئەگەینەجێ.

لەگەڵ بابی قسەمان پێکەوە کردبوو، باسی یەخت کرابوو، بەڵام وتبووشمان ئەگەر نەبێ، گرووپین و لێک دانابڕێین و وەک ئەو خەڵکەی دیکە ئەپەڕێینەوە. بابیشی متمانەی پێمان هەبوو کە سەرکەوتوو دەبین. دایکی تەلەفۆنی بۆ ئەشکان ئەکردو زوو زوو تەئکیدی ئەکردەوە کە بڕۆی و نەترسێی، ئاخریشی جارێکیان ئەشکان تەلەفۆنەکەی بۆ من هێناو وتی دایکم ئەیهەوێ لە گەڵ تۆ قسە بکات.

تەلەفۆنم گرت و فەرمووم کرد، وتی کاک هوشیار ئامان لەگەڵ خۆتانی ببەن و بەجێی نەهێڵن. هەرچیتان کردووە قەناعەتی پێ بێنن با لەگەڵ ئێوە بێت. ئێوە چۆن رۆیشتن ئەویش لەگەڵ خۆ ببەن، تەنانەت گەر بە بەلەمی تیوپیش بووبێ. من قەولم دا هەوڵی خۆم بدەم. چونکی لە راستیدا ئەشکان وەک کوڕەبرای خۆم چاو لێ ئەکرد و ئەگەریش لەگەڵم هاتبا هەر وەک کوڕەبرای خۆم ئاگام لێ دەبوو.

ئاخری شەو بوو، هەستم کرد بنەماڵەیەکیتر هاتنە ناو ئەو سویتەی ئێمەی لێبووین. لە هاتنەدەرو چوونەژووردا زانیم کە بنەماڵەی کاک "خوسرەو

مێنبەری"ن. ئەوانیش خۆی و خێزانی و دوو کچی بوون. زانیمان کە لەوانەیە ببینە هاوسەفەر و هاوسەفەری کاک خوسرەوم پێخۆش بوو. چوون ئەمناسی و ئەمزانی پیاوی چاک و کوڕی سەفەرە.

ئەو شەوە خەوتین، ژووری ژنان ئاسوودەتر و خۆشتر بوو لە ژووری پیاوان. جەماعەتی سەفەری زەوینی، سێ رۆژ بوو خۆمان نەشووشتبوو و پێویستمان بە حەمام بوو. دەرفەت بوو و حەمامی پێویستمان کرد و کەمێڵەی رێگامان لەخۆ کردەوە.

بەگشتی دوو، سێ سەعاتێ خەوتین و رۆژ بووەوە و جەماعەتێ رۆیشتن بۆ گەڕان و پیاسەی ناو ئیستانبول ۆ من و هادیش سەردانی ناو دوکەن و بازاڕەکەی ئاکسارای پارکمان دا. شوێنێکی دڵگیر نەبوو. ئامانجی ئێمەش زیاتر گەڕان لە جلیقەی چاک بوو. لەو ناوەدا ئەتوانم بڵێم تەواوی دوکانی جلیقەفرۆشیەکان دوو، سێ جار گەڕاین، من لەبەر ئەوەی زۆرم لەسەر جلیقەکان بیستبوو، متمانەم پێیان نەبوو. ئەمەدەبووم هەرچی پارەم پێیە بیدەم بەڵام شتێکی باشم دەستکەوێ کە ئەگەر تووشی بەلەم تەقین یان شکان بووین، رزگارمان بێ.

هەرچی گەڕاین باشترمان لە جلیقەی فرۆکەوانی نەبینی. بەشێکیان مەوادەکەیان بە نەوعێ بوو کە لە ئاودا ئەتوایەوە و یارمەتی خێراتر نوقم بوون و

خنكانی ئەدا. هەندێكیان وەک فوودانە بوون و دەبووا پەتێكی پێوەبوو بیكێشی هەتا فوودانەكەی پڕ هەوا بێ و ئەگەر عەمەلی نەكردبا ئیدی ئەخنكای. بەڵام هی فڕۆكەوانییەكە بە تاریفی فرۆشیارەكانی گارانتی گیانی ئەكرد و ئەیتوانی سەد بۆ سەدەو پەنجا كیلو بۆ ماوەی دوازدە سەعات لەسەر ئاو راگرێ.

چووینەوە ماڵ و ئەوجا لەگەڵ ئەرخەوانیش هاتین و سەردانێكی ئەو بازاڕەمان كردەوە و گەڕاینەوە جەماعەت هەموو هاتبوونەوە و كاكی قاچاخچیش گەییشتبوو. برادەری قاچاخچیمان هەر لە هاوڕێیانی خۆمان بوو، واتە حیزبی بوو و پێوەندی لەگەڵ جەماعەتێ قاچاخچی هەبوو كە خەڵكی گەرمیانی باشووری كوردستان بوون.

بۆی روون كردینەوە كە لە ئێستادا بێجگە لە بەلەمی تیوب(قایق بادی)، هیچ ئیمكانێكی دیكەمان لەبەر دەست نیە. وتیشی ئەوە تەنیا لای من نیە وایە، بەڵكوو هەر هەموو بە تیوب ئەپەڕنەوە و لەوانەیە بەناوی یەخت(لێنچ) قەولتان پێ بدەن و بتانبەنە سەر بەحرەكە، بەڵام لەوێ سواری تیوبتان ئەكەن. هەروەها وتی من لەبەر ئەوەی بە خودیتان ئەزانم و بە چاوێكیتر سەیرتان ئەكەم، نامەوێ درۆتان لەگەڵ بكەم.

من بەردەوامیش لە دەرو ژوور پێوەندیم بە دۆستان و قاچاخچییەکانی دیکەوە هەبوو، لەو کات و ساتەدا هیچ ئیمکانێکی دیکە لەبەر دەست نەبوو. یان دبووا لێک دابڕێین و بە تەنیا لە ئیستانبول بمێنینەوە تا یەختێ پەیدا بکەین، ئەویش ئەگەر درۆ نەبووایا، ئینجا یەختیش بەو هەموو نەفەرەی لێیان دەدا، واتە یەختێ کە هەڵگری ٣٥ کەس بوو، لانیکەم ٧٠ تا ٩٥ کەسیان تێ ئەتەپاند، زۆرجار تێک ئەشکا یان مەکینەکەی لەکار ئەکەوت و نەدەگەییشتە مەقسەد و نوقم دەبوو.

بەهەرحاڵ زۆر دانیشتین و ساق بووینەوە لەسەر ئەوەی لەگەڵ ئەو برادەرە قاچاخچیە خودیە بڕۆین.

بەڵام من کەسێکی قسە رۆکم، هەموو وردەکارییەکم لەسەر ئەو قاچاخچییە بە شوێنی پێوەندیدار دابووەوە و پێم وت پێویستە وریا بن و وەک سوریەیی و ئەفغانی و سومالی حەسیبمان بۆ نەکەن و بە نەفەرەکانتان بڵێن وریای هەڵسوکەوتیان بن. بۆ نمونە نابێ نەفەری زۆر لە بەلەمەکە بدن کە مەترسی تەقین و نوقم بوونی بکەوێتەسەر. وریای هەڵسوکەوتیان بن سووکایەتی بە نەفەرەکانمان نەکەن لەوێ و قولدۆڕیمان بۆ نەکەن. و لە کۆتاییدا وتم دەبێ بزانی و ئاگادار بی، هەر بەڵایەک بە سەر ئێمەدا بێ، تۆ حەتمەن دەکوژرێی.

وتی کاک هوشیار ، کاکە گیان ئەگەر متمانەت پێم نیە و ئاوا هەڕەشەم لێ ئەکەی، ئەتوانی لەگەڵ من نەیێن!

منیش لە وەڵامدا پێم وت قسە ئەوە نیە متمانە بە تۆ نەکەین یان بە کەسیتر بکەین، لە ئێستادا تۆ دڵنیاترین کەسی کە ئەتوانین متمانەی زیاترت پێ بکەین. بەڵام ئەم قسانە بۆ ئاگاداری و دڵنیاتر بوونن.

جاروبار خەڵکی لە تورکیا زۆر دەمانەوە هەتاکوو بەڕێ دەکران بۆ سەر بەحرو ئەپەڕێنرانەوە. دەبووا کاروان ئامادە ببێ. جاری وا هەبوو دەبووا لە هەفتەیەک هەتا یەک مانگ لە ئیستانبول بمێنیەوە. بۆ ئەو ماوە زۆرەش دەبووا هۆتێل بگری و خورد و خۆراک بکڕی و لە دڵەڕاوکێ گیران و دیپۆرت و ئەو شتانەدا بمێنیەوە و زۆر جاریش ئەخبار و راپۆرتی بێ هیواکەرو ناخۆش ببیستی و بخوێنیەوە. ئەمەش دۆخە دەروونی و رۆحییەکەی ئاڵۆز و پەرێشانتر ئەکرد.

بەگشتی مەرجەکانی مانەوە لە تورکیا قورس و تاقەت پڕووکێن بوون و شانسی چاک و بەختی شاهانە بوو کە دەرفەت بخوڵقێ و زوو بەڕێ بکەوی. شانسەکەی ئێمە ئەمجارە خراپ نەبوو. قاچاخچییەکان وتیان ئەگەر ئامادە بن هەر ئەم ئێوارە بەڕێ دەکەون. ئەمەش یانێ ئێوارەی دووهەمی مانەوەمان لە ئیستانبول. ئێمە بە تێگڕای دەنگ کۆک بووین لەسەر رۆیشتن. قەول بوو

لەگەڵ تاریک داهاتن سازبین بڕۆین. چەند ساعەتێکمان بەدەستەوە بوو بۆ خۆئامادەکردن. بەگشتی ئامادە بووین. شتومەکی پێویستمان کڕی. کاتی رۆیشتن هات. دیسان دەبووا چەندکەس چەندکەس و تاک و تەرا بەڕێبکەوین و سەدو پەنجا مێترێ رێگا بوو تا دەگەینە شوێنی سوار بوون.

وامان زانی بە ئۆتۆبوس و مینی بووس ئەمانبەن. وتیان ماشین حازرە و بڕۆن زوو سوار دەبن و دەڕۆن. رۆیشتینە شوێنەکە، یەکێ لە پاتۆقەکانی ئاکسارای پارک بوو. سەر شەقامێکی شلۆغ بوو، بینایەکی یەک نهۆمی چمەنتۆ(سیمانکاری) لەوێ بوو، شوێنەکە، بەتایبەت سەر شۆستەکە(پیادەڕەو) هاتوچۆی زۆر بەسەرەوە بوو. ئێمە لەوێ دوو و سێ کەس راوەستابووین. کابرای نوێنەری قاچاخچیش لە شوێنێکیتر و دوورتر چاوەدێریی دەکردین و بە تەلەفۆنیش هەر لە پێوەندی دا بوو. تەقریبەن زیاتر لە سەعاتێ چاوەڕێ بووین بەڵام دیاربوو گوڵێ هەر بەڕێگاوە بوو و لە کانی نەهاتبووەوە!

پێیان راگەیاندبووین کە زۆر وریا بین، پۆلیس و جەندرمە جاروبار لەناکاو ئەدەن بەسەر ئەو مەیدانا و خەڵک ئەگرن. واش باس کرابوون کە هەرچییەکیان پێ بێ ئەیبەن و بە لێدان و سووکایەتی ئەیانخەنە ناو

ماشین ئەیانبەن بۆ زیندان، یانێ ڕاست وەک چەتە و ڕێگر.

لەناکاو لە پەنامانەوە پیاوێ هاواری کرد جەندرمەلەر، جەندرمەلەر... و هەڵات، لەو کاتەشدا لە شانسی ئێمە چەند پۆلیسێ بەو ناوەدا لەپێش چاومان تێدەپەڕین، بەڵام دەرکەوت کە مەبەستیان ئێمە نەبووە.

ئێمە کە لە نزیک یەک بووین و پلانیشمان دانابوو کە ئەگەر حاڵەتی لەناکاو ڕوویدا، هەر خێرا بڵاو ببینەوە و هەر کامە بەرەو شوێنێ بڕۆین و خۆ حەشار بدەین دواتر بگەڕێینەوە ئەو ساختمانەی پێشتر لێی بووین.

هەر هەموو لێک بڵاو بووینەوە، بەڵام دواتر کابرای قاچاخچی هاتو وتی ئەوە بۆ کوێ؟! بۆ هەڵدێن؟ چی بووە؟ چی ڕوویداوە؟! وتمان جەندرمە هاتبوو، وتی کاکە جەندرمەی چی و شتی چی! گاڵتەیان لەگەڵ کردوون، وەرن وەرن با بڕۆینەوە شوێنەکە، ئێستا ماشینەکە دێ، با دوا نەکەون.

ئەوجا وردە وردە کۆبووینەوە و دیسان یەکمان گرتەوە. شتێکی خۆش لەو کاتەدا ڕوویدا ئەوە بوو کە لە بن دیوارێکی ئەو ژوورە چمەنتۆیە چەند کەسی دیکەش دانیشتبوون کە کەسی مەست و نەشئەیان تێدا بوو. لەو کاتەی دەنکی جەندرمەلەر جەندرمەلەر هات، هەر کەسەو بەلایەکا هەڵات، لە شانسان کاک خوسرەو

مێنبەریش بە لای ئەو مەست و نەشئانەدا تێپەڕیبوو و بەو هەموو جانتاو مانتایەوە کە پێی بوو، هەتا هێزی تێیابوو خۆی کێشابوو بە تەمووی دانەیەک لەوانا کە خەریکی مەواد کێشان ئەبێ، کابرای بێ بەخت کە لەسەر جنچکان دانیشتبوو و سەری خستووەتە ناوپای و خەریکی فڕین بەرەو ئاسمان و بەسەر ئۆقیانوسی خەیاڵا ببوو، راچڵەکابوو و نەشئەکەی لەسەر پەڕیبوو و مەوادەکە نەچووبوو بەگیانیا و ببووە ژەهری ماری.

کابرا بە تورکی هاواری ئەکردو جنێوی ئەدا و ئێمەش لێی تێنەدەگەیشتین و خواخواشمان بوو زوو دەرباز بین و لەوێ نەجاتمان بێ.

لەو عان و ساتانەدا بوو کە ئەشکانیش دیسانەوە بۆ جاری چەندەم پەشیمان ببووەوە و هات و وتی وەللە کا هوشیار خۆ عەیب نیە ناوێرم بە بەحردا و بەیەخت بێم، لێرە پەشیمان ببمەوە باشترە تا لەسەر ئاوەکە. دیسانیش دایکی پێوەندی کردو هەرچی پاڕایەوە لە ئەشکان کە لەگەڵیان بڕۆ، سوودی نەبوو، ئاخرەکەی دیسانەوە تەلەفۆنی بە من دایەوە و قسەمان پێکەوە کرد. ئەپاڕایەوە ئەیگوت تۆخوا کاک هوشیار هەرچیتان کردووە لەگەڵ خۆتانی ببەن. وتم بابە لە بەحر و بەلەمی تیوب ئەترسێ، دایکی وتی عەیبە خۆ بە تەنیا نیە، لەگەڵ ئێوەیە و لەچی ئەترسێ!؟ دوایین

قسەشی هەر ئەوە بوو کە توخوا هەرچیتان کردووە ڕازی بکەن و جێی مەهێڵن و لەگەڵ خۆتانی ببەن.

هەرچی من و ئەرخەوان و کاک خوسرەو و ژنەکەی و هێمن و ساسان و دۆستانیتر قسەمان لەگەڵ کرد، هەرچی وتیان ئەو ژن و مناڵانەمان پێیە، هەموو پێکەوەین، لەچی ئەترسی؟! خەمت نەبێ، گوێی نەداو وادیار بوو بڕیاری خۆی دابوو کە لەگەڵمان نەیێ.

بەهەرحاڵ ماڵاواییمان کرد و وتمان بەڵام لە ئیستانبول مەمێنەوە و بڕۆوە بۆ کوردستان. بڕیار وابوو بگەڕێتەوە. لەو قسانەدا بووین کە دۆڵمیشێ(مینی بوسی بچووک و نزمی چواردە کەسی کە لە باشوور بە ڕیم بەناوبانگ بوو) هات و وتیان زوو زوو زوو سوار بن. هەموو پێمان ناخۆش بوو. سواریی ئەو دۆڵمیشە، ئەویش بۆ ماوەی یازدە سەعات هەر زۆر ناخۆش بوو. بۆ خۆشمان چواردە کەسی گەورە و سێ مناڵ بووین بە جانتاو مانتامانەوە، هەر هەموو تەپیبووینە ناوی.

ئێسترێسیش بەسەرمانا زاڵ بوو، جێگامان تەنگەبەر بوو و پشوومان تەنگتر ببوو، هەناسەدان ناخۆش ببوو. جامەکان هەموو داخرابوون. وەک وتم تورکی زانی واشمان تێدا نەبوو، تورکییەکەی کاک هوشیاریش هەر بەشی چاکو چۆنی ئەکرد.

ڕێگامان بەرەو ئێزمیر و بەحری ئێژە بڕی. لە شوێنێ کە وابزانم بەنزینخانە بوو لاماندا. چاوەڕێ دۆڵمیشێکی دیکە بووین. زمزمەیان بوو کەسی دیکەش بێننە لای ئێمە یان لەوانەی ئێمە ببەنە ناو ماشینیتر کە کردمانە هەراو قەبوڵمان نەکرد. بەو جۆرە بەردەوام بووین لە ڕێگا. سەعات هەشت و نیو و نۆی ئێوارە بوو. تەواوی سەفەرەکەمان کەوتە شەو. لە سەرەتای ڕۆیشتنماندا زۆرمان گاڵتە و شۆخی و جەفەنگ کرد. سەرحاڵ بووین، بەڵام وردە وردە سڕی و بێتاقەتیمان بەسەردا زاڵ بوو.

کابرای شۆفێر بە تەنیا بوو. زوو زوو حەبێکی ئەخواردو قوڵ قوڵ ئاوی بەسەردا ئەکرد. ئەو شەوە تا بەیانی بە ڕێگاوە بووین. یەکجارمان بۆ ئاودەسێکی سەرپایی لادا. ئیدی هەم ئاقڵ ببووین زۆرمان چای و شلەمەنی نەدەخواردەوە و هەمیش زۆر دەستمان نەدەکەوت. کابرا بڕیار نەبوو بوەستێ. چەند جارمان بە زمانی سەقەتی تورکی موتەرجمەکەمان و بە ئیشارە پێمان وت لادە پێویستیمان هەیە، دەتگوت کابرا گوێ و عەقڵی پێوە نیە، بێ ئەوەی ئەلف بترەکێنێ، هەر دەڕۆیشت. تا ئاخرەکەی تۆپەکی بەشی لای تایەی ماشینەکە شکا و ڕاوەستا.

پاشان بەڕێکەوتینەوە و ئەمجار تا لای ئێزمیر نەوەستاین. خێرایی دۆڵمیشەکە زۆر زۆر بوو، دە جاری دابەناو چاڵ و سەر تاسە و دەستئەندازا، جارێ وابزانم وتی پۆلیسمان بەدواوەیە، بۆیە لە جادە خاکییەک لایدا و هەندێ ڕۆیشتین و کەوتەوە سەر ڕێگای خۆی. هاوسەفەرییەکان هەر هەموو خەوتبوون. هەموو ماندوو و شەکەت و بێزارو بێتاقەت بوون. چەند جارێ جامەکانمان پێ کردەوە بۆ گۆڕینی هەوا. دەمەو بەیان بوو پێش گەییشتنە ئێزمیر هەموو نووستبوون، من بەخەبەر بووم، کابرای شۆفێریش وایدەزانی هەموو بەخەبەرن، لەناکاو ماشینی جەندرمە و هێزێکی لە سەر جادەکە بینی کە نازانم بۆ پشکنین بوون یان کاری دیکەی خۆیان هەبوو. بە هەموو توانایەوە هاواری کرد"جەندرمەلەر"و هەتا توانی گازیداو ڕۆیشت، بەڵام کەسیش موی نەلەرایەوە، پرخەی جەماعەت ئەتگوت مڕەی ڕەوەشێرە.

ئەو ناوچەیەی لای ئێزمیر هەر زۆر خۆش بوو. جادەکانی، سەوزەڵانی و دارستان و ئاو و هەوا پاک و خاوێنییەکەی هەر زۆر دڵگیر بوو. زیاتر بە شارێکی ئۆرووپایی دەچوو تا ئاسیایی. سەر ڕێگاکە پڕبوو لە ڤیلا و مەزرەعەی جوان. گەییشتینە شوێنێ کە دەبووا بە کەشتییەکی باری بمانکردبایاتە ئەوبەر، ڕاست بە دۆڵمیشەکەوە چووینە ناو کەشتییە بارییەکە و دوای

پێنج شەش دەقێقەیەک کردمانە ئەوبەرەوە. درێژەمان بە رێگادا. ئەوجار بەناو ئاواییەکاندا بەرەو لێواری ئاوەکە و نوقتەی پەڕینەوە بەرەو دووڕگەکانی یۆنان بەڕێکەوتین.

ئەو ئاواییانە زۆر ئاوەدان و خۆش بوون. من کە خۆم حەزم ئەکرد لە یەک لەو ئاواییانە ژیابام. ئاسوودەیی و دڵخۆشی و رووگەشییان پێوە دیار بوو. گەرچی وەرزەکە درەنگی ساڵ ١٣/١١/٢٠١٥ بوو بەڵام دیسان مێوەی جۆراوجۆر بەتایبەت هەرمێ و ترێ لە نێو زەردی خەزانی پاییزا دەبینران.

هەندەی سەعاتێکیتر رۆیشتین و گەییشتینە شوێنێ، ماشینەکە وەستاو دیتمان خەڵکی دیکەی کۆچبەریشی لێیە. دەنگی گریانی مناڵ ئەهات، مناڵانی خەوزڕاو و برسی و شپرزەی کاروانی نەحەساوەی کۆچبەران. ئەوانیش وەک ئێمە ماندوویەتییان پێوە دیار بوو. ئەوانیش ئێسترێس و دڵەڕاوکێی رێگا و دەرچوون و گیران، چۆنیەتی دەرچوون، ترسی هەڵسوکەوتی قاچاخچی و...یان بەسەرا زاڵ بوو. بەشی وشکایی ئەو ناوە بە ناوچە کوردنشینەکانی خۆمان دەچوو، دارو دەوەن و داربەڕوو و رەزە ترێ کەمێ پشووی وەبەر دڵ هێنایەنەوە، بۆ چەند ساتێ هەستت ئەکرد چیاو دۆڵەکانی کوردستانە.

دیتمان چەند کەسێ لەوێن و تاپڕی دوو لوولیان پێیە، جارجاریش لەو خەڵکەیان ئەخوڕی. خەڵکەکە زیاتری عەرەب و سوریەیی بوون. کابرایەک هاتە لامان وتی ئێوە جەماعەتی فڵانین؟ وتمان بەڵێ. خۆی پێ ناساندین و وتی ناو و ناسناوی دەقێقتانم پێ بڵێن. دەفتەری دەرهێنا و ناوی هەمووی نووسین. ئەو ناو نووسینە زیاتر بۆ ئەوە بوو کە بزانن کێ سوار ئەکەن و ئەگەر بەلەم نوقم بوو بزانن کێ خنکاوە و کێ رزگار بووە.

هەستاین و بەڕێکەوتین بۆ لای ئاوەکە و سەر دەریای ئێژە کە کیلومەترێ لێمانەوە دوور بوو. بە درێژایی رێگا بەرەو نوقتەی پەڕینەوە، دەریاکەمان لێ دیار بوو. دەریایەکی ئەفسووناوی، کەسکێکی تاڵ و تاریکی مایلەو رەش. هەستت ئەکرد قاتڵی ناوچاو دێزەیە. وەک مرۆڤە لەبن و نەرمەبڕەکان مۆن بوو. بەدەم رێگاوە چاوم لە ناوچاوانی بەقیە ئەکرد. هەر هەموو، هەرکامە بەجۆرێ دەمیان داچەقا بوو و چاویان ئەبڵەق مابوو بە زاری کراوەی ئەو دێوەزمە بەحرەدا.

بە ئارامی شەپۆلی ئەدا، هەستت ئەکرد خەریکە خۆی بۆ بلّعاندن و قوورتدانی ئێمە ئامادە ئەکات. رێگای دیکە نەبوو. دەبووا بڕۆین و رێگا ببڕین. سەعات نزیک بە یازدە بوو گەییشتینە نۆقتەی پەڕینەوە. لەوێ وەستاینەوە. بە درێژایی ئەو رێگایە،

چاوم بڕیبووە هەڵسوکەوتی خەڵکەکە و قاچاخچییەکان. قاچاخچییەکان دەستیان لەسەر ماشەی چەکەکانیان بوو. دوو کەسیان چەکدار بوون. بەڵام جاروبارە بە قامچی و شتی وا لە خەڵکەکەی پێش ئێمەیان ئەدا.
هەڵسوکەوتیان پڕ لە سوکایەتی بوو. هەستت ئەکرد ئەو خەڵکە پەنابەرە کۆیلەی ئەوانن.

گەییشتینە سەر نوقتەی پەڕینەوە چەند کەسی دیکەشی لێ بوون. ئەوان خەریک بوون بەلەمەکانیان ئامادە ئەکرد. چەند کەسیان کوردی رۆژئاوا و چەندکەسی دیکەشیان کوردی باشوور و لای کەلار بوون.
ئەوانەی کەلار یەکیان هەبوو زۆر دەمپیس بوو، هەر بەخۆیەوە جنێوی بەو خەڵکە عەرەب و سوریە ئەدا.
لە رۆیشتنی گرووپی یەکەم دا کە زیاتر عەرەب و کوردی سوریە بوون، هەتا سەر ئاوەکە کە ئەوکات ١٠٠ میتر لێمانەوە دوور بوو، بە قامچی لە خەڵکەکەیان ئەدا و جنێویان پێ ئەدان و سووکایەتییان پێ ئەکردن.

زۆرم پێ ناشیرین بوو، زۆرم دڵ پێ سووتان. لای خۆمەوە وتم ئێمە نابێ ئەو شتەیان لێ قەبوڵ بکەین. نابێ بەرامبەر ئێمە وابکەن. بانگی نوێنەری قاچاخچییەکەی خۆمانم کرد کە ئەویش کابرایەکی کەلاری بوو، وتم کاکە با ئاگادار بی و بەوانەش بڵێ،

ئێمە ئەو هەڵسوکەوتەیان بە مردنیش لێ قەبوڵ ناکەین. سووکایەتی بە ئێمە بکەن یا دەست بە یەک کەسمانەوە بدەن، ئەو پەڕەکەی ئەتوانن تەقە لە دوو کەسمان بکەن و دوو کەس بکوژن، هەر هەموویان ئەکوژرێن. وتی کاکە سەڵواتێ بدەن، نا...نا ، بێ خەمبە قەت شتی وانابێ و رێگا نادەین بێڕێزی بکەن. ئاگام لێ بوو چوو و قسەی لەگەڵ کردن. ئەوجا لەگەڵ ئێمە کردیانە مۆدێلی دۆستانە و هاوڕێیانە و جگەرەیان پێ ئەداین و بە رووخۆشی هەڵسوکەوتیان ئەکرد.

بەزمی ژنانیش لە گشتی خۆشتر، نیشتمانی ژنی ئۆمید شەوی پێشتر خەونی دیتبوو کە سەراپا جلی سپیی کەفن ئاسای پۆشیوە و پەرێشان ببوو و ترسابوو و هەستی کردبوو ئەوە کفنی مەرگی دەریای ئێژەیە و بە پەرێشانحاڵیشەوە بۆ جەماعەتی ژنانی گێڕابووەوە و ترس و دڵەڕاوکێیەکەی دابەشی سەرئەوانیش کردبوو. بەگشتی ئاڵۆزی و پەرێشانی و ترس و خۆف بە ناوچاوانی ژنانەوە زیاتر دیار بوو.

ئامادەی رۆیشتن بووین، بەلەمەکە بای تێکرابوو. بنەکەی بە سرێش و چەسپی تەڕ(ئاوەکی) بەهێز چەسپ کرابوو. یانێ بە کورتییەکەی لەڕاستیدا قەبرێکی ئامادەبوو لەناو دەریای ئێژەدا. هەموو شت ئامادەی سەفەر بوو. ئەوبەرمان دوڕگەی میتێلینی

یۆنان بوو. بە تەواوی دوڕگەکەمان لێوە دیار بوو. هەستمان ئەکرد مەوداکە زۆر کورتە.

خەونەکەی نیشتمان سێبەری خەوف و ترسی خستبووەسەر دڵی ژنان. ئەوان ناو خۆیانا بیریان لێ ئەکردەوە بەڵام لای ئێمە باسیان نەئەکرد. تووڕەیی و عەسەبییەت بە دەموچاو و هەڵسوکەوتەکانەوە دیار بوو. جرتوفرتەکان تا دەهات زیاتر دەبوو، پێمان ڕاگەیەندرا ناتوانین شتی زۆر لەگەڵ خۆ ببەین.

هەرکەس لەبەر خۆیەوە خەریکی تەسفیەی ئەوشتانە بوو کە پێی بوو و بەگشتی هەرکەسە و جانتایەکی بچووکی کە پێداویستیی گرینگ و دیکۆمێنت و پارەی تێدا بوو هەڵدەگرت.

تا دەهات لە سواربوونی قایەق و چوونەناو دەریا نزیکتر ئەبووینەوە. ئاوڕەکان، سەیرکردنەکان، چرکەیی بوون، چاوترووکان بوون، قسەکردنەکان بەڵێ، نا، ئا و بەگشتی ڕستەی کورت بوون. دەستەکان زوو زوو ئەچوون بەناو جانتاکانا، دڵفراوانانە نە، لە رووی ناچارییەوە جلوبەرگ، خواردن و پێداویستی دەردەهێنران و فڕێ ئەدران. ئەوانە بۆ قاچاخچییەکان بوون. ئەوان لە هەموو حاڵەتەکانا زیاتر بە کەمتیار ئەچن، چاوتێدەبڕن بزانن کەی دەرفەت گونجاوە

قەپاڵێک بهاوێن، کەی فورسەت لەبارە خۆت تێکەن و شتێک بپچکڕون.

ئەرخەوان ژمارەکەی لە کابرای نوێنەری قاچاخچی وەرگرتبوو و دایبوو بە ماڵی بابی و وتبووی وا ئێمە بەڕێدەکەوین، هەرچی بوو تەلەفۆن بۆ ئەم کابرایە بکەن. لەم عان و ساتانەدا بوو کە بەڕێبکەوین ، دەنگی زووبن زووبن، یاللە یاللەکان خێراتر دەبوو، هەموو حازر بووین، بڕیارمان دابوو ژنان و مناڵان پێشتر سوار کەین و وریاش بین لە خۆمان کەس جێ نەمێنێ. لە سەعات ١١:٣٠ تا ٢:٣٠ چاوەڕێی دەرفەتی چوونەناو ئاو بووین، بەڵام هەلەکە لەبار نەبوو، ئاخر پۆلیسی دەریایی تورکیا بەردەوام لەو ناوچەیە لەهاتوچودا بوون و قایەقی پێشوو کە چوو ٦٠_ ٥٠ کەس عەرەب و سوریەیی تێدا بوو، تۆزێ لەوەی ئێمە گەورەتر بوو. قایەقی پۆلیس کەوتەشوێنی، بەڵام دیار بوو بۆی نەگیرابوو.

نەگیرانیش چۆن بوو، ئەوان قایەقەکانیان خێرابوو، قایەقی پەنابەران لەچاو ئەوان وەک کەروێشک بوو لەبەرامبەر تانجی دا. بەڵام ئەوان ئەهاتن بەخێرایی بە دەوری بەلەمی پەنابەران دەستیان ئەکردە خولانەوە و شەپۆل درووستکردن، شەپۆلی وا کە ئاو دەهاتەناو بەلەمەکە و بەلەم ئەکەوتە هەڵبەزینەوە و هەستت

ئەکرد هەر ئەلانە نوقم ببن. لەو کاتەشا گورێسیان بۆ پەنابەران ئەهاوێشت کە لە دەستەگێرەیەک کە بە بەلەمەکەی خۆیانەوە بوو ببەستن، زۆر جار بە ناچار و لەبەر قیژو واژی ژن و منالْ ناچار خۆیان تەسلیم ئەکرد و جاری واش بوو چاونەترس بوون و گوێیان لە هۆشدارەکانی پۆلیس نەدەگرت و درێژەیان بە رێگای خۆ دەدا و پۆلیسیش وازی لێ ئەهێنان. ئاخر ئامانجی ئەوان و ریسکی ئەوان و ویستی ئەوان لەگەڵ پۆلیس زۆر جیاواز بوو و زۆر جار خۆیان بۆ مردن حازر ئەکرد.

پۆلیس ماوەیەک بوو بەوێدا ئەسووڕایەوە، ئێمەش خۆمان لە جموجوڵ ئەپاراست، ئاخرەکەی ئەو ناوەی بەجێ هێشت. قاچاخچییەکان دیار بوو لەناو پۆلیسا نفووزی خۆیان هەبوو، خەبەری پێ دەدان کە هەموو شت باشە، بەڕێبکەون. بەڕێکەوتین، قایەق بادیمان نایەسەر شان و بردمانە سەر ئاوەکە، ژن و منالْیش لە دەورو بەرمانەوە ئەهاتن. گەییشتینە کەنار ئاو، شوێنەکە هەندێ تاشە بەرد بەڵام قووڵاییش بوو. دەبووا هێند قووڵ بێ کە بەلەم بە زیخ و بەرد نەتەقێ. ئاوەکە تا سەر سینمان ئەهات، بەلەممان تا قووڵاییەکە دانەنا، خودی قاچاخچییەکانیش یارمەتییان داین. بۆ خۆمان سێزدە گەورەو سێ منالْ بووین و بنەماڵەیەکی سێ ژن ئەفریقایی و چوار پێنج منالْیشیان هێنا و وتیان ئەوانەش

لەگەڵ خۆ ببەن، ژن و منالَن و خێرتان ئەگات و بەلەمەکەش زۆر سووکە با هەندێ قورستر بێ، لەگەڵ ئەوانیش هێشتا نەدەبووین بە بیست و پێنج کەس.

چووین سواری بەلەم بووین، ژنەکان، دواتر منالَەکانمان سوار کرد. چەن کەس لە پیاوەکان هەتا سەرسینگمان لە ئاودا بوو. کە ئەوانمان سوار کرد، بۆ خۆشمان بە ئاسوودەیی سوار بووین. ترسی ناپیاوی و بەجێمانمان نەبوو، هەر هەموو خۆیی و هاوڕێ بووین. وەستا هادی شارستانی وتی من ماتۆرسەواری ئەزانم و هی بەلەمیش زۆری فەرق نیە. بە تورکی ئەومان کردە قوپتان(کاپتان).

چەند کەس خۆیان پێیان خۆش بوو لەسەر لێوارەکان دانیشن. منیش هەر سوار بووین ئەرخەوانم لە ناوەڕاست دانا کە لە نەکەوتنەخواری دڵنیا بم. ڕێککەوتین کە کەس هاوار و هەرا نەکات، هێمن و هوشیار لە تەنێشت هادی بوون کە پێویستی بە هاوکاری و یارمەتی بوو ئاگایان لێی بێ. وتبوومان کەس نابێ لە جێی خۆی بجووڵێ، چونکی بە جووڵان و ئەملاو ئەولا کردن، هاوسەنگی تێکدەچوو و مەترسی نوقم بوون زۆر دەبوو.

قاچاخچییەکان گەڕانەوە سەر و بەلەم پێ کرا و بەڕێکەوتین. گەرچی هەواکە خۆش بوو و خۆر و

ئاسمان ساف بوو، بەڵام سام و خەوفی ئاوەکە هەر زۆر بوو. گەر کێشە رووی نەدابا بە ٤٥ دەقێقە ئەبووا بگەیشتبایاینە میتیلینی. پەنجا میتر نەچووین قوپتانەکەمان سۆکانی لە دەست سووڕاو بەلەم گەڕایەوە بەرەو لێوارەکەو کوژایەوە. ئەوەش کورد وتەنی وەبیری دێنایەنەوە کە کورد وتەنی"منالێ نەژییێ، لە گووەکەی ڕا دیارە" هێندە نزیکە لێوار بووین کە لەگەڵ قاچاخچیەکان قسەمان لەگەڵ یەک ئەکرد. وتیان ئاساییە هەڵیکەنەوە و بڕۆن دەرفەت لە دەس مەدەن. ئەو مەودایەی دەبووا بڕیبامان کەمەکەی چوار کیلومیتر دەبوو.

هەماهەنگی هەبوو، کەس لە جێی خۆی نەدەجووڵا، بە یارمەتی هێمن بەلەم هەڵکرایەوە. بەڕێکەوتین ودووسەد میترێ چووین دیسان کوژایەوە، ئەمجار کەمێ ئێسترێسەکان زیاتر ببوون. دەنگی تکاو لاڵە لە خودا و شێخ و مەشایەخ و ئەو شتانە لەژێر لێوەکان هاتبووە دەرێ و بەرز ببووەوە. بەڵام هەموویان بە قەد هەندل لێدانەکەی هێمن کاریگەرییان نەبوو. بەلەم هەڵکرایەوە، بەڕێ کەوتینەوە، منالەکان زیڕەیان ئەهات و ئەگریان، ژنانیش فرمێسکیان ئەڕێشت، بەڵام دەنگی گریانیان نەدەهات. دانەیەک لە ژنە رەشەکان زۆر قەڵەو قورس بوو. هەر سەرەتا بە دوو ،سێ کەس خستمانە ناو بەلەمەکە و لە پێشەوەمان بە جێی سێ

کەس دانابوو. بەتەنیا خۆی هاوسەنگی پێشەوەی ڕاگرتبوو.

لەو کاتانەدا بوو ماڵی خەزووم دەستیان بە تەلەفۆن کرد. ئەگەر بڵێم هەتا گەییشتینە ئەوبەر ٢٠٠ تەلەفۆنیان کردووە، ڕاستە. منیش نەمدەزانی جواب بدەمەوە چی بڵێم! تەلەفۆن لە دوای تەلەفۆن، بە ڕادەیەک زەنگیان دابوو کە شارژی تەلەفۆنی نۆکیای عەلی باپیرەکەم لە تەواوبوونا بوو.

کێشەکەش ئەوەبوو، دایکی ئەشکان کە ئەزانێ کوڕەکەی ڕازی نەبووە و نەیوێراوە لەگەڵمان بێ، زەنگ ئەدا بۆ خەسووم و ئەڵێ وەڵڵا کوڕەکەم لەبەر ئەوە لەگەڵیان نەچووە، ئەوان بە بەلەمی تیوب ڕۆیشتوون و ئێمەش نەمانهێشتووە کوڕەکەمان لەگەڵیان بڕوات! ئەوەش لەحاڵێکدا بوو کە ڤیان خان خۆی دووجار بە تەلەفۆن پاڕاوەتەوە لێم کە ئەشکان ڕازی بکەین و لەگەڵ خۆی ببەین. واتە دوو ڕۆژ پێشتر ئەیزانی کە پەڕینەوە بە بەلەمی تیوب ئەوکاتە تەنیا ڕێگا بوو. بەڵام کە زانیبووی ئەشکان نەیوێراوە بێ، بە مەبەست و نیەتی ئاژاوە ناوەنەوە و ترساندنی ئەوان، ئەو تەلەفۆنەی کردبوو و ئەو هەرایەی نابووەوە.

واتە ماڵی خەزوورم پڕ دەبێ لە کوڕ و کچ و نەوە و ئەبێتە هەراو دەموچاو و سەرو پرچ رنین و بوورانەوە و لەخۆچوون. ئەوەش ئەنجامی نیەتی خێری ڤیان خان.

دیسان لە ناوەڕاست بووین بەلەم کوژایەوە. بە گشتی مەکینەی بەلەمەکە کێشەی هەبوو، تەلەفۆن و تەلەفۆنکاری زۆرمان کرد، لە ناوەڕاستی بەحری ئێژە مابووینەوە، شەپۆڵ وردە وردە بەرز دەبوەو و هەستت ئەکرد زمانی ئەژدیهایە، هەر شەپۆلە کە لە بەلەمەکەی ئەدا، سەتڵێ پێنج لیتری ئاو ئەهاتە ناو بەلەمەکە.
هەموو جارێکیش ئاوەکە ئەیدا بە پشتە ملی ژنە قەڵەوە رەشپێستەکەدا و رادەچڵەکا.

بە بەردەوامی ئاوەکە بەتاڵ ئەکرا، هەرکەس لە جێی خۆی قاییم وەستابوو. هەماهەنگی زاڵ بوو، کەس بێ هۆ نەدەجووڵا.

سەێر بوو لە ناوەڕاستی بەحرەکەدا هیچ وشکاییمان لێوە دیار نەبوو. هەر ئەتگوت چووینەتە ناو زگی بەحری رەش، تەنیا ئاسمانی شین و بەحری کەسکی تاڵی مایلەو رەشمان لێ دیار بوو.

ساسان بەرپرسی رێگادیتنەوە(جهت یابی) بوو.
بەلەمەکە زۆر کوژایەوە، رێگای چلوپێنج دەقێقەییمان بوو بە چوار سەعات و نیم. بەڵام بۆ ئێمە هەر

بەڕاستی سەفەری مەرگ بوو و مردن لە خودا و شادەماری گەردن پێمانەوە نزیکتر بوو.

زۆرجار دەنگی ژنانمان ئەبیست لەخوایان بوو تەنانەت گەر پۆلیسی دەریایی تورکیاش بێ، بەس رزگارمان بێ. خەریک بوو هەم خۆری سرووشت و هەمیش خۆری هیوا ئاوا دەبوو. تیشکی زێڕینی خۆر لە سەر ئەو بەحرە وەک شەفەق ئەدرەوشایەوە، بەڵام زیاتر درەوشانەوەکە بە درەوشانەوەی لێوی تیخی شمشێر دەچوو، بە چەخماخەی بەرقی غەزەب دەچوو.

رێگامان بزر کردبوو، هیوامان بزر کردبوو، زوو زوو بەلەم ئەکوژایەوە، زیرەی ژن و مناڵ موسیقایەکی چەمەریی مەرگهێنەر بوو کە چنگی لە مێشک و رۆح ئەگرت و ئەیڕووشاند.

تا دەهات شەپۆلەکان بەرزتر دەبوونەوە و ورەکان نزمتر، بەنزین کەمترو بێ هیوایی و بێ ئۆمێدی زیاتر دەبوو. لەو ماوەیە دا تەنیا کەشتییەک بەو ناوەدا تێپەڕی ئەویش دوور بوو و هەرچی قولابی هیوامان بۆ هاوێشت گیر نەبوو و هەرچی دەست و هاواری هیواو ئۆمێدمان بۆ بەرز کردەوە بێسوود بوو و ئاوڕی نەدایەوە.

زەنگی ماڵی خەزووریشم بەردەوام لێی دەدا بەڵام کردبوومە هەزە(لرزش) و هەرچی زەنگیان لێدەدا، لە

گەڵ لای ڕانی راستم، بێ ئاگا رۆح و دڵیشی ئەلەرزاندم، ئاخر ئەرخەوان رووبەڕووم دانیشتبوو و چاوم بە نیوچاوانە ترساوەکانیەوە بوو و هەرچی دڵەڕاوکێ و ترس و خەوفی ئەوان بوو لە نێو چاوانی ئەرخەوانا ئەم دیت.

سەرئەنجام وتم یان ئەپەڕینەوە، یان بێ ماڵاوایی ئەڕۆینە بن بەحری رەش. کە نەیانتوانیبوو لەگەڵ ئێمە قسە بکەن، تەلەفۆنیان بۆ قاچاخچییەکە کردبوو و داخی من و ئەرخەوان و ڤیانیشیان بەو رشتبوو.

لە ناکاو وشکاییمان کەوتە پێش چاو، بەڵێ کەناری هیوا، خەریک بوو لە لێواری دوورگەکەی یونان نزیک دەبووینەوە، بینیمان بەلەمێ بە دوو کەسەوە هاتە پیریمانەوە. دەستیان کردبە وێنە گرتن. لۆگۆی یۆئێن لەسەر جلیقەکانیان بوو. تارمایی مەرگ و خەم لە سەر دەموچاوەکان رەویەوە، بەرق و شەوقی رزگاری و هیوا و ژیان کەوتەوە نێو چاوەکان. نزیکتر بوونەوە، وتیان خەریکن هەڵە ئەڕۆن و ئێمە هاتووین یارمەتیتان بدەین.

دڵخۆش بووین و گومانیشمان لێیان هەبوو کە بەرەو لای تورکیامان بگەڕێننەوە. تەنافێکیان بۆ خستین، ئەو تەنافە بوو بە گورێسی نەجات لە گەرووی ئەژدیهای مەرگی بەحری رەش و ئێژە، گوریسمان لە بەلەمەکەی

خۆمان بەست، وتمان ئەگەر بەرەو تورکیا گەڕایەوە تەنافەکە ئەبڕین.

خەریک بوو تاریک دادەهات کە گەیاندینیانە لای بنکەیەکی یۆئێن لە کەنارئاوەکانی یۆنان. تەلەفۆنەکە هەر زەنگی ماڵی خەزوورمی بۆ ئەهات. زەنگە بەردەوامەکە بۆ ئەوەبوو کە بزانن هەتا زەنگ بڕوات، ئەوا دڵنیان کە زیندووین. خۆ بەو حیسابەی ئەوان ئەگەر شارژیش(شحن) نەمابا و بکوژابایەوە، هەر وایان ئەزانی خنکاوین! دامە دەست ئەرخەوان، بابی لە پشت خەت بوو، وتی ئەرخەوان، وتی بابە دەرچووین، دەنگی گریانی شەوق و شادی لەوبەری تەلەفۆنەوە بەرز بووەوە و هەروەها وتی ئەوە گەییشتینە کەنارئاو و دائەبەزین و دواتر قسە ئەکەین.

بە قسەی ئەوانەی یۆئێن، ئەگەر لە جێی خۆمان کە رۆیشتبووین دابەزیبایین، رۆژێ رێگا بوو تا بگەیینە کەمپەکەی یۆئێن. ئەویش هەموو دارستانی چڕ بوو و دیار نەبوو چارەنووسمان چی لێ بێ. بەهەر حاڵ رزگارمان بوو. ئەرخەوان ئەیگوت دۆعاو نزاو پاڕانەوەکانی من لە خودا رزگاری کردین، ساسان ئەیگوت من لە دڵی خۆما کاتێ بەلەمەکە ئەکوژایەوە، کفرم زۆر کردووە، کفرەکانی من رزگاری کردووین. لەکەمپەکەی یۆئێن کارمەندەکان هاتن بە پیرمانەوە.

ڕۆژنامەوان و وێنەگری زۆر لێ بوو، وێنەی زۆریان گرتین. بەگشتی لەوەی کە ڕزگارمان ببوو دڵمان خۆش بوو. ئەوانەمان کە جیقەی چاکمان لەبەرا بوو، زوو لەبەریان ئەکردینەوە بۆ خۆیان. لەوێ جل و بەرگ پێڵاوی ویشک، و خواردنی گەرم ، بەتایبەت سوپێکی تیژی بیباری کە زۆریش بەتام بوو و چای و ئاویان داینێ. وەک ئەوە وابوو بە سەر پردی سەراتی ئیسلاما پەڕینببینەوە و بە سەلامەتی گەییشتبینە بەهەشت.

دواتر ئۆتۆبوسێ هات و بەڕێیان کردین بۆ ناو شاری میتیلینی و کەمپێکی گەورە بۆ تۆماری شۆناس و مانەوەی شەو و بڕینی بلیتی کەشتی بەرەو ئاتێن(ئەسینا).

میتیلینی دوڕگەیەکی خۆش و جوانە. لە جوانترین دووڕگەکانی یونانە.نزیک بە ٨٠٪ ی پەنابەران لە تورکیاوە بە ڕێگای دەریادا ئەهاتنە ئەم دووڕگەیە. لە نزیکترین دووڕگەکان بە تورکیاوە بوو. بەندەرەکەی زۆر دڵفڕێن بوو بەڵام پڕ بوو لە زبڵ و زاڵ کە دڵنیام ئەوەش هەر کەلوپەلی فڕێدراوی پەنابەر بوون. لە بەندەرەکەیەوە کەنارەکانی ئیزمیر دیار بوو، گڵۆپی جوان و ڕەنگاوڕەنگ جوانتریان کردبوو. ڕیزە نادی و دیسکۆیەکی شەوانە لە لێواری بەندەرەکە بوون کە کاتێ بە پێشیانا تێدەپەڕین، مانای دیکەیان بە ژیان

دەبەخشی، ژیانێکی پڕچێژ و تام کە زۆر جیاواز بوو لەو ژیانەی ئێمە لەو چرکەساتانەدا لێی بووین. ئەو ناوە چراغانی بوو بە گڵۆپی سەدان رەنگ. ئەتگوت بۆ پێشوازی لە ئێمەی پەنابەرە، ئەوە لە حاڵێکیش دا بوو کە لە سەدان پەنابەر یەکی لەو دۆخەدا حاڵ و تاقەتی چوونە نادی و دیسکۆی نەبوو.

بە ئۆتوبوسەکە زۆر رۆیشتین، جادەیەکی کوێستانیی پێچاو پێچ(پڕ لۆفە) ی سەرەو ژوور بوو. پاش نزیک بیست دەقێقە گەییشتینە کەمپە بەناوبانگەکەی یونان لە میتیلینی. لەوێ دابەزین و دیتمان پڕە لە فارس و عەرەب و کورد و رەشپێستی ئەفریقایی. ئەیانگوت زیاتر لە هەفت هەزار کەسی لێیە.

دوڕگەکەش پڕ ببوو لە پەنابەر. یەکەم کارێ کردمان یەکەو سیمکارتێکی ڤۆدافۆنمان کڕی کە پێنج مێگابایت ئینترنێتی تێدا بوو. لە دونیا دابڕابووین، ڤۆدافۆن رەبتی کردینەوە بە دونیاوە.

چەند نەفەر ، چەند نەفەر دابەش بووین بۆ زانیاری کۆ کردنەوە، دەبووا بە بوونی ئەو هەفت هەزار کەسەوە لەوێ، کەمەکەی یەک هەفتە چاوەڕێی نەوبە بین. بەڵام زیرەکییەکمان کردو چووینە ژوور و بیوگرافییەکی کورتیان لێ وەرگرتین، وێنەیان گرتین و کاغەزێکی پۆئێنیان پێ داین و وتیان ئەتوانن نازانم مانگێ بوو یان

سێ مانگ لە یونان بمێننەوە. لەوێ گرینگ ئەوە بوو زووتر دەرباز بی. ئاخر نزیک بە هەفتەیەک بوو کە کەشتییەکان مانیان گرتبوو و کەسیان سوار نەدەکرد. شانسەکەی ئێمە وتیان سبەی کەشتی ئەڕوات و ئەتوانن بلیت ببڕن. بۆ بەشی زانیاری کۆکردنەوە ساسان زۆر چالاک بوو، ئەو زیرەکییەش هەر بە هیممەتی ئەو بوو. بە پێچەوانەی جی. پی. ئێسەکەی کە ڕۆژێ ڕێگا لە مەقسەد دووری خستینەوە، لە ماوەیەکی کورتا تانوپۆی قەزیەی دەرئەهێنا.

پاش خۆ تۆمار کردن دەبووا شتێ بخۆین و شوێنی خەوتن دابین بکەین. ئاخر پاش رزگار بوون لە گەرووی دەریای ئێژە، زۆرمان پێویست بە حەسانەوەیەک بوو. چەند تاکسیمان گرت بردینیانە ناو سەنتەری شار، شارێکی گەورە نەبوو، بەڵام جوان بوو. جوانێکی پیس، راست وەک کچە قەرەجێکی گەنم رەنگی ناوقەد باریکی پرچ خاو و کاڵ و درێژی دەموچاو نەشووشتووی لەبەرخۆر سووتاوی رەش داگەڕاو. دیار بوو پەنابەران پیسیان کردبوو. چووین بلیتی کەشتیمان بەرەو ئاتێن بۆ سەعات ١٠ی بەیانی١١/١٤ بڕی.

ئەبوا بگەڕێین و شوێنێ بۆ خەوتن بدۆزینەوە. هەرچی گەڕاین هەر ئەیانگوت شوێنمان نیە. وای لێهات لە

دیتنەوەی شوێنی خەوتن بێ هیوا بووین. هیچمان بۆ خواردنەوە پێ نەبوو، زۆرمان تینوو بوو، ئەتگوت جەماعەتی حوسەینین و لە کەربەلا گیرمان کردوە. باش بوو لە لێشاو گرووپەکە خۆمان کرد بە شوێنێکا، وابزانم باڕ و دیسکۆ بوو، ئاخر لە بەر ڕمبە ڕمب بە هاوار هاوار تێمانگەیاندن. ئەوانیش بەس لەبەر ئەوەی لە کۆڵیان بینەوە ئاویان داینێ. ئاخرەکەی بەناچاری لە گەڵ ماڵی هادی و کاخوسرەو لە لێواری بەندەرەکە هەندێ کارتۆن و شتمان دۆزیەوە، ئاگرمان کردەوە و لەدەوری دانیشتین. ئەتگوت ئاسمان سەقفە کارتۆن خەوەکانی شارەکانی ئێرانین، هەڵبەت لە ئورووپا و ئاڵمانیش هەر دەبینرێن. ئامادە بووین نەفەرێ سەد یۆرۆش بدەین بەس ئەو شەوە بە ئاسوودەیی سەرخەوێ بشکێنین، بەڵام تا ئەو کاتە گیرمان نەهات.

ساسان و دیمەن بزر بوون، هەندێکی پێ چوو هاتن و وتیان شوێنمان دۆزیوەتەوە نەفەرێ ٢٥€ بۆ شەوێ. ساعەت نزیکی ٢ی شەو بوو. تاکسیمان گرت، هەموو شت لە یونان بۆ پەنابەر دووقات و سێ قات بوو، تاکسی وتی ٢٥€ تا ئەو شوێنە. لەگەڵی ڕۆیشتین و چووینە ناوقەدی چیایەک. هۆتێل نەبوو، ماڵێکی جوان وەک ڤیلا بوو، بەڵام ژن و مێردێکی پیری لێ بوو و وەک میوانخانەیان لێ کردبوو. هەر هەموو چووینە ئەوێ. بەڵام ماڵی کاک خوسرەو هەر زوو بارگەو

بنەیان تێک ناو رێگاو رێبازیان جیا کردەوە. شەو لەو میوانخانە ماینەوە، وتیان سەعات نۆ دەبێ لێرە دەرکەون.

ئیسراحەتێکی زۆر خۆشمان کرد. باش حەساینەوە. بەیانییەکەی لەخەو هەستاین و خۆمان کۆکردەوە و بە هەمان تاکسی بەڕێکەوتینەوە بۆ لای بەندەرەکە. خەڵکی یونان خەڵکێکی خاوەن شەخسیەت و شارستانییەتن. ئەوە لە هەڵسوکەوتی ئەو خەڵکەدا ئەبینی. بەڵام رەوشی ئابووری و ژیانی رۆژانەی خەڵکەکەی بە وڵاتێکی ئوروپایی ناچێ. سواری تاکسی ئەبی، ئەچیە دوکان و بازاڕ، هەر هەندێ لەگەڵیان سەر باس بکەوە، یەکەم قسەیان ئەوەیە کە لێرە بێ پارەییە، بێ کارییە، ئەگینا هیچ کێشەی دیکەمان نیە. بەگشتی خەڵکی یونان نەفرەتێکی لەڕادەبەدەریان لە تورک و تورکیا هەیە و وەک دوژمنی پلەیەکی خۆیانی ئەناسێنن.

بە تاکسی هاتینەوە ناوشار، لە دوکانێ لاماندا و هەندێ شتی پێویستمان کڕی و رۆیشتینە بەندەرەکەو لەنگەرگای کەشتییە گەورەکە. کەشتییەکە لەوێ وەستابوو. کەشتییەکی گەورەو بەهەیبەت. ئەیانگوت بێجگە لە نهۆمی خوارەوەی کە گاراژو شوێنی

بارکردنی ماشینە، تەبەقەکانی دیکەی سێ بۆ چوار هەزار کەس دەگرێ.

ڕۆیشتین و سوار بووین. وەک هیچ نەدیتوو گرووپەکەی ئێمە هەتا سەر عەرشەکە نەوەستاین، بەڵام عەرشەی چی، دونیاییەکی نوێ لە جوانی، ڕەنگێکی شینی ئاوی، بەرزایی کەشتییەکە بەقەد باڵەخانەیەکی چوار، پێنج نهۆمی دەبوو. لەو بڵەندییەوە بەشی زۆری ئەو دووڕگەشارەت ئەبینی. ڕێستۆرانێکی خۆش لە بەشی عەرشەی کەشتییەکە بوو. درگاکان کراوە بوون و دەکرا بڕۆی لە ژوورەکانیش ئیسراحەت بکەی، بەڵام کێ دڵی ئەهات ئەو دیمەنە جوانانەی سەر عەرشەکە بەجێ بێڵێ!

تەقریبەن یازدە سەعات بەڕێوە بووین تا گەییشتینە بەندەری ئاتێن(ئەسینا). لەوێ دابەزین. زۆرێ کورد و فارس و عەرەب لەو بەندەرە بوون، ئەهاتن و ناو خەڵکەکەدا قسەیان ئەکرد و عەلئەساس یەرمەتی خەڵکی لێقەوماو بدەن. بەڵام پێشتر ئاگادار کرابووین کە لە داوی تاڵانچی و دزەکان نەکەوین. زۆرێ خەڵکیان ماڵوێران کردبوو، زۆر کەسیان بەناوی یارمەتیان بردبووە ماڵ و هەرچی پارەو شتیان بوو لێیان دزیبوو و رووتاندبوویانەوە. دیارە ئێمە پارەی وامان پێ نەبوو، بەس بەشی ڕێگامان پێ بوو و

گرووپێکی سێزدە کەسی پێکەوە بووین بڕیار بوو لێک دانەبڕێین.

زۆر کەس هەبوون وەک دەڵاڵ لەوێوە هەوڵیان ئەدا نەفەر بۆ مەقدونیە رێزرف بکەن و بلیتی ئۆتوبوسمان پێ بفرۆشن، بەڵام ئێمە خۆمان لە کەس نەدا. سێ دانە تاکسیمان گرت راست بۆ ناو شاری ئاتێن و داوامان کرد بمانبەنە هۆتێلێ یان موسافێرخانەیەکی گونجاو و هەرزان. ئەو شارە گەرچی ساختمان و بیناسازی و پێکهاتەی بیناسازی شارەکەی شارستانییەت و شەخسییەتی پێوە دیار بوو، بەڵام زیاتر بە شارێکی هەژار و شەڕلێدراو ئەچوو. لانیکەم ئەوەی ئێمە بینیمان وابوو. لەگەڵ ئەوەش دا دیسکۆ ۆ بارەکانی هەر ئەبریسکانەوە و دەنگی موسیقایش بەرز بوو و دیار بوو ئەو خەڵکە هەر عەیشو نووشەکەی خەڵکی ئوروپایان پێوە دیار بوو. دیکۆمێنتی کەسی و کارتی پێناسمان پێ نەبوو، تەنیا کاغەزەکەی یۆئێن مان پێ بوو. چووینە هۆتێلێک و لە بەشی پێشوازی قسەمان لەگەڵ کردن و ئەوانیش نەفەرێ بە ٢٥€ رێگایان دا شەو بمێنینەوە. گەرچی نرخەکەی هەرزان بوو، بەڵام ئیمکاناتیان باش بوو. شەوێکی خۆش و ئاسوودەمان لەوێ ئیسراحەت کرد. بەیانی هەستاین و چووینە دەرێ و هەندێ شتومەک و پێداویستی رێگا وەک جانتاو جلوبەرگمان پێویست بوو، خۆمان پۆشتەو

پەرداخ کردو تاکسیمان گرت. لەوێش وەک بازاڕی شێخەڵای هەولێر خەڵکی قۆڵبڕ و فێڵبازی خۆی لێ بوو. لە مارکتێ بووین مۆبایلی باش و بریقەداریان دانابوو بە نرخی هەرزان. هێمن برام دڵی چووبووە موبایلێکی گران کە بە چارەکە قیمەتی بازاڕ پێیان فرۆشتبوو، بە پەلە پارەی دابوو، وابزانم سەد یورۆی چووبوو. کڕی و دڵخۆش بوو کە موبایلی چاکی گیرهێناوە. دوورکەوتینەوە و دواتر کە چاوی لێ کردبوو زانی کە تەنیا قابلۆخەکەیە و پارچە ئاسنێکیان لە ناو داناوە و هیچیتر. زۆرمان پێ ناخۆش بوو، بەڵام تازە درەنگ بوو کاروان دوورکەوتبووەوە و هیچ نەدەکرا.

تاکسییەکان بردینیانە شوێنێ کە جێگای گاراژ و بلیت فرۆشی ئۆتۆبوسەکانی ئاتێن_ مەقدوونیە بوو. چووینە ئەوێ و چووینە شوێنێکی بلیت فرۆشی، کەسێکی کوردی سوری لێ بوو و بلیتمان کڕی بە نەفەرێ ٣٥€، وتیان ئۆتۆبوسەکە سەعات نۆی شەو بەڕێ ئەکەوێ. دەبوا تا ئەوکات چاوەڕێ بین. لەوێ لەو نزیکانە کلیسایەکی قەدیمی بوو کە لە بەرامبەری رێستۆرانتێکی هێندی هەبوو.

لەو شوێنە جێگایەکی خەڵوەت و ئارام هەبوو. لەوێ دانیشتین و نزیکەو نیوەڕۆ بوو چووینە رێستۆرانەکە.

ئەو ناوە زۆر ئارام بوو، شەقامێکی خاوێن، لەگەڵ ئەوەیدا گەورە بوو، بەڵام ماشینی کەم پێدا هاتوچو ئەکرد. ریزە دووکانێکی جوان و خۆش دێکۆری هەبوو کە رەنگ و مانای ئۆروپایان ئەدا. هێندی و پاکستانی زۆری لێبوون. زۆربەی دوکاندارەکان و فرۆشیارەکانی ئەو شەقامە هیندی و پاکستانی بوون. رۆیشتین بەو شەقامەدا پیاسەیەکمان کرد و لەوێش هەندێ جلوبەرگی زستانەمان کڕی و گەڕاینەوە شوێنی خۆمان.

ئەو رێستۆرانە هیندییە شوێنی مانەوەی ئەو رۆژەمان بوو، تا ئەو کاتە خواردنی هیندیم نەخواردبوو، لەوێ تێروپڕ خواردنی هیندیمان نۆش کرد. بە پێچەوانەی ئەو بانگەشانەی بۆ تیژی و پڕبیبار بوونی خواردنەکانیان ئەکرێ، هێندە تیژ نەبوو، بەڵام هەتا بڵێی بە بەهاراتی جۆراوجۆر تام و بۆنی جۆراوجۆریان پێدابوو. لە گەڵ نەفەراتی ئەو رێستۆرانە ببووینە دۆست، وەک خانەخوێ هەڵسوکەوتمان ئەکرد، زوو زوو چایمان ئەخواردەوە. چاییەکانی ئەوانیش وەک هی لای خۆمان خۆش و بەتام بوون. مۆبایلمان شارژ ئەکردەوە. دوو ژەم نانمان لا خواردن.

بەگشتی تا ئێوارە درەنگانێ لەوێ بووین. نزیکی سەعات نۆ بووینەوە. خۆمان ئامادەکردو چووینە پێش شوێنی بلیت فرۆشتنەکە. هەندێ چاوەڕێ بووین ئۆتۆبوس هات و سواریان کردین. ئۆتۆبوسەکە نیوەی ئەوانەی تورکیا باش نەبوو. بۆنی کۆنیەتی لێ ئەهات، ئیمکاناتی زۆر کەم بوو. بەڵام دەبووا بسازێین و تەحەمول بکەین.

دەمێکی زۆر لە رێگا بووین. زۆر بێزارو بێ تاقەت ببووین. نازانم هی ئەوە بوو دوو شەوی خۆش ئیسراحەتمان کردبوو و چاوەڕوانیمان زۆر بوو، یان زیاتر هی کورسی و ئیمکاناتی خراپی ئۆتۆبوسەکە بوو. بەڵام زیاتر هۆکاری دووهەم بوو. خەڵک بەناچار ناو رێگای هاتوچوەکە نووستبوون، ئەوێ بەر کەس نەئەکەوت.

جارێ لە ناو رێگا پێش گەیشتنە سنووری مەقدونییە لە رێستۆرانێ لاماندا. نانێکمان خوارد ، هەستمان ئەکرد رێگاکەمان سەختتر ئەبێتەوە. دەمەو بەیان بوو گەییشتینە سەر سنووری مەقدونیە. لەوێ دایانبەزەندین. سوپای مەقدونیە لە سەر سنوور کۆنترۆڵیان ئەکرد. هەرچی سەربازی زل و قەبە بوو کۆیان کردبووەوە ئەوێ. هەر یەکەیان هێندەی دووی ئێمە دەبوون. خوا دابوونی بە جێی گا کەوەی ماڵ سەید عەبدولخالەق و

گا خورمای ماڵ باپیرم بیانبەسیە جووت یان بیانبەی لە هەورامان کێشەی کەماو لۆیان پێ بکەی!

سێ ئۆتۆبوس بووین، یەک لەدوای یەک دابەزین، ئێمە وەک گرووپ وەر ئاگامان لە پێکەوە بوونمان بوو. هەوا زۆر سارد بوو، هەستمان بە تەزووی سارد ئەکرد. جلی گەرم و کۆتمان لەبەر بوو، بەڵام هێشتا سووکەڵە لەرزێکمان لە لەشا بوو، چادرێ گەورە گەورەی لێ بوو، چووینە ناو چادرەکان. ئاودەس و شتەکانیان زۆر بێ سەروبەرو شپرز بوو، دیار بوو زۆریان گرینگی بەو لێشاوە پەنابەرە نەدەدا و مودیرییەتیشیان بەسەر دۆخەکەوە نەبوو، تەنیا هەوڵیان ئەوە بوو زووترمان لە کۆڵ بکەنەوە. ئاخر مەقدونیە گەرچی هەڵکەوتەکەی ئۆرووپایە، بەڵام ناوی لە کوولەکەی تەڕیشا نیە!

خۆر وردە وردە هەڵهات، لەوێ ناو نووسین و شت هەروا هەڕەمەکی بوو و بەس وەک سەرژمێری ئەو لێشاوە بوو کە بەوێدا تێپەڕ ئەبێ. ریزیان کردین، سەرەتا سێ چوار ریز و دواتر کراینە دوو ریز. کابرایەکی موتەرجمی عەرەبی لێ بوو، خەریک بوو عەرەبەکانی رێک دەخست و دەیگوت وەرنەپێش و بەقیەی دەخستینە پاش، بەڵام لێی وە دەنگ هاتین و کردمانە هەرا و سەربازەکانمان تێگەیاند، رۆیشتینە

ریزی پێشەوە. ژنێکی عەرەب، وابزانم سوری بوو یان لۆبنانی، خۆی بە گۆرانی بێژ ناساند و لەوێ دەستیکردە نازکردن و بەحیساب گۆرانی وتن بۆ سەربازەکان، باوک و براو مێردی بە شانازیەوە لە پشتی وەستابوون و ئەو سەربازانەش هەر پێدەکەنین و گاڵتەیان پێ ئەکردن و وایان ئەزانی قورئانیان بۆ ئەخوێنێتەوە.

ئەو فەقیرانەش وایان ئەزانی هەر لەوێ بەو گۆرانی و نازفرۆشتنە ئێقامەو پاسپۆرتی ئۆرووپایان مسۆگەر کردووە! لە سەرماو برسێتیدا مناڵ ئەگریا، ژن و پیاو بێزاری و بێتاقەتییان بە ناوچاوانەوە دیار بوو، هەندێ چڵمەشۆڕەیان گرتبوو. سەربازەکانیش بە مەحجەرەی بەرگریی پۆلیسیەوە و بە باتۆم و چەکەوە پێشی رێگاکەیان گرتبوو.

رێگای قەتار لە تەنێشتمانا و بەوێدا تێدەپەڕی. وتیان بە قەتار تا سنووری سێربستان(سێربیا) ئەمانبەن. بەڵام زۆر وەستاین، نزیک سەعات یازدە بووەوە کەچی هێشتا خەبەر نەبوو. بۆ ٤-٥ سەعات ئەبوو لەوێ بووین، ٣ سەعاتیش بەپێوە بووین. ئاخرەکەی بە سەفیان کردین، وتیان نەڕۆنە ناو سەفەکانەوە(سڕە) رێگا نادەین بڕۆن و خۆتان درەنگ ئەکەون و زەرەر ئەکەن.

ورده ورده به سڕه وەستاین و بەڕێیان کردین. لەو ڕێگایەدا پۆلیس وەستابوو ڕێنوێنی ئەکردین. پردێ هەبوو لەسەر ئەو پردە تاکسی وەستابوون و نەفەریان ئەگواستەوە بەناو مەقدونیەدا بۆ سنووری سێربستان.

لەو ڕێگایەشدا خەڵک وەستابوو جگەرەیان ئەفرۆشت و ئەیانگوت بکڕن، لێرە تێپەڕن جگەرە زۆر گرانە و دەستان ناکەوێ. جگەرەکێشەکان بە تەکەیان ئەکڕی. لەو ڕێگایەدا جگەرەفرۆشتن قازانجی چاکی تێدابوو.

وەک وتم پردێ لەوێ بوو کە لەسەر پردەکە تاکسی وەستابوون، ئێمە لەگەڵ دوو تاکسی ڕێککەوتین و یازدەکەس پێکەوە ڕۆیشتین بەڵام تاکسییەکانمان تێگەیاندبوو کە ئێمە پێکەوەین و نابێ لێکتر دابڕێین.

وڵاتی مەقدونیە وڵاتێکی بچووکە کە حەشیمەتەکەی ناگاتە سێ ملیۆن. دەشت و زەوی کشتوکاڵیان زۆرە بەڵام ئەوانیش دۆخی ئابوورییان لە یونان گەلێ خراپترە. زۆربەی خەڵکەکەی خەریکی پیشەسازی و وەرزێرین، بەڵام ئەوانیش وەک خەڵکی دیکە پەنا دەبەنە بەر وڵاتانی گەشەسەندووی ئوروپا.

ئەو وڵاتە هەروەها لە جوانترین و سەرنجڕاکێشترین وڵاتانی ئورووپایە کە بە هۆی جوانی سرووشتی و شوێنەواری مێژووییەوە، ساڵانە بەشی خۆی گەشتیاری لێ دەکەوێ و هەروەها لەو وڵاتانەیە کە بە هۆی

جوغرافیاو کەشوهەواوە گونجاوە بۆ گیاو رووەکی دەرمانی.

بەو رێگایەدا کە تێدەپەڕین دیمەنی زۆر جوانمان لە دەشتەکانی مەقدونیە ئەبینی، باغ و رەزی ترێ، چون پاییزیش بوو، ئەو دارستانانە کە بەجوانی چێنرابوون، بە گەڵای رەنگاورەنگی زەرد و سوور و کەسکی تێر، وەک ئەستێرەزەرینە بە رەنگی ئاڵ و واڵاوە ئەرەنگایەوە، دەشتە پڕ لە کەلەم و کاهوەکان، دەشتە پڕ لە توتن و تەماکۆەکان، دەشتی پڕ کوڵەشی جێگای گەنم و....

زۆرم خەو دەهات بەڵام زۆریشم لە خۆ ئەکرد نەخەوم و چاو لەو دیمەنە جوان و سێحراویانە بکەم، بەڵام ماندوویەتی شەوی رابردووی ناو ئۆتوبوسە شەقو شڕەکەی یونان ویڕای هاوسەفەرەکانیترم رێگای پێ نەدەدام بەخەبەر بمێنمەوە.

دەمەو ئێوارە بوو گەیشتینە سەر سنووری مەقدونیە-سێربیا(سێربستان) لەوێ تاکسیەکان رێگایان پێ نەدەدرا زیاتر برۆنە پێش. کاروانی پەنابەران بە شوێن یەکەوە دیار بوو، ئێمەش تۆشەبەرەی سەفەرمان دابەشانمانداو وێڕای کاروان درێژەمان بە رێگا دا. دووسەد میتر رۆیشتین و گەییشتینە بنکەیەکی یۆئێن کە لەناو رێگادا بۆ یارمەتی و رێنوێنی کاروانی پەنابەران

دانرابوو. لەوێ خواردنی سادە وەک سوپ و نان و میوە و چای و قاوە و شەربەت دانرابوو، پەتو(بەتانی)ی بچووکیشیان ئەدا بە خەڵک بۆ ناو رێگا. بەگشتی وێستگەیەک بوو بۆ نەفەس تازەکردنەوە و حەسانەوە و پشوودان.

لەوێشەوە بەرێکەوتین بۆ ناو شارۆچکەیەکی سێربیا کە لەو شوێنەی ئێمەوە نزیکەی هەزارو پێنسەد بۆ دووهەزار میتر دوور بوو. هەر هەمووشی دەبووا بە پێ برۆین. ئەو رێگایە بە دەشتێکا تێدەپەڕی کە لە یەک دوو شوێنەوە ئاو و زەلکاو و قامیشەلانی تێدەکەوت. لە نیوەی ئەو رێگایەدا دیسان بنکەیەکی دیکەی یۆئێن هەبوو کە خواردنەوە گۆشت و ماسی لەقوتووکراو و پێداویستی رێگایان پێ ئەداین. ئێمە وەرمان ئەگرت بەڵام نەمانئەزانی چیمان لەپێشە، تومەز ئەوان ئەزانن چ شەوێکی ناخۆشمان چاوەڕێیە، شەوێکی دۆزەخی!

لەوێ تێپەڕین گەیشتینە شوێنێ لاماندا و هەندێ دانیشتین. خورنشینێکی زۆر دڵفڕێن بوو، بە حەستەم دوایین تیشکە زێڕینەکانی خۆری ئەو ئێوارەیە بە هێمنی خەریکی سپاردنمان بوون بە تاریکایی شەوێکی درێژ و پڕئازارو ماندوویەتی.

نزیکی یەکەمین گوندی سێربیا بووین، دەنگی بڵیندگۆی مزگەوت بە بانگی اللهاکبر، اللهاکبری

مەغریب ئەگەییشتە گوێمان. لە نزیکیشمانەوە شوانێ بە ئێخ، ئێخ کردن هات و کۆمەڵێ مەڕی وەپێش خۆ دابوو و بەرەو گوند ئەڕۆیشتەوە. لەو کاتە ماندوویەتییەدا بیرم لە ژیانی ئارامی ئەو شوانە و چوونەوە ماڵی ئەو ئێوارەیەو خواردنەوەی کووپەشیرێکی گەرم و چەوری مەڕم لەو سەرمایەدا ئەهاتە خەیاڵ و لە ناخەوە بێ ئاگا حەسوودیم پێ دەبرد.

خۆمان کۆکردەوە و بەرەو ئاوایی بەڕێکەوتین، لەوێش بنکەیەکی دیکەی یۆئێنی لێ بوو، کۆمەڵی جەوانی کوڕ و کچ خەریکی ڕێنوێنی خەڵک بوون و چای و ئاو و ساردەمەنییان بە پەنابەرانی ماندوو ئەدا. ئۆتۆبوسەکان ئەهاتن و لەوێ دەوەستان. لە گەڵیان سوار بووین وبردمانیانە ناو شاروچکەکەی سێربیا. لەوێ لە کۆڵانێ دابەزین. وتیان دەبێ بڕۆنە خوارتر و سڕە بگرن بۆ ناونووسین(ڕێجێستر)، بینیمان لە لایەن پۆلیسی سێربستانەوە چەندین قەفەس بە مەحجەرە و بە شێوەی کاتی درووست کرابوون کە هەرکامەیان رووبەرەکەی بیست میتر زیاتر نەدەبوو و هەر کام لەو قەفەسانەش کەمەکەی هەفتا بۆ سەد کەسی تێ خرابوو و قەفەس بە قەفەس دەگوازرانەوە پێشەوە و لە دوو بۆ سێ قۆناغ دا کاری ڕێجستر تەواو دەکرا.

تەقریبەن ماوەی نزیک بە هەفت تا هەشت سەعاتمان پێ چوو تاکوو لەوێ نەجاتمان بوو. تەواوی ئەو کاتە خەبووا بە پێوە راوەستی، جێگا نەبوو دانیشی، بشچووبایە دەرێ، نەتدەتوانی بێیتەوەناو و جێگات ئەگیراو لەو کاروانە دادەبڕای.

تیمەکانی یۆئێن هێلکەی کوڵاویان ئەهێنا و بێ نان بەسەر خەڵکەکەدا دابەشیان ئەکرد، ئەویش ئەگەر زیرەک بای لەوانە بوو دانەیەک دوانت بەربکەوێ، ئاو بە هەمانشێوە.جارێکیش برینج و مریشکیان هێنا، کەم بوو بەشی هەمووانی نەدەکرد، بەڵام هەر بەشی خۆمانم وەرگرت.

زوو زوو پۆلیسەکانیش ئەهاتن و هاواریان ئەکرد "گەو بەک، گەو بەک" یانێ بکشێنەوە دواوە و ئەو نوقتانەی کە شلۆغی و جموجوڵیان زۆر بوو دەیاندایە بەر باتۆم، جا شانس و بەخت بە کێ بکەوێ و بە کوێ بکەوێ!

هەتا ئەوێ یازدەکەسەکە هەر پێکەوە بووین. جارو بار هەراو هاوارمان لەسەر ئەوە بوو کە هەندێ لە دۆستان وەک ئەوەی بۆ سەفرەو سەێران و گەشوگوزار هاتبن، بە ساردو سڕی ئەجووڵانەوە و ئێمەش ئەمانزانی کە لەو رێگایەدا هەنگاوێ هێواشتر یان خێراتر ئەیتوانی گۆڕانێکی جیدی لە چارەنووسمانا

درووست بکات. لە یونانیش هەر تووشی هەندێ قڕەو قاڵە بووین لەسەر ئەو شێوازە هەڵسوکەوتە.

بێینەوە سەر باسەکەمان. شەپۆلی پەنابەری راگیراو لە یونان، وێکڕا گەیشتبووە سێربستان و لەوێ تووشی ئەو ئاستەنگە گەورەیە ببووەوە کە ریجستری و ناوتۆمار کردن بوو. لەوێش لە کۆتاییەکانی شەودا بوو، واتە لە سەعاتی دوازدە و یەک کە نۆبەی قەفەسی ئێمە هات، هاوڕێیانمان لەو حەشامەت و قەرەباڵغیەدا لێکدابڕابوون، من دەستی ئەرخەوانم گرتبوو و هاواری ئەوانم ئەکرد کە بجووڵێن و وەرنەپێش. بەڵام بۆ ئەوان نەکرا و من و ئەرخەوان چووینە بەشی پێش کۆتایی و لەوێ تەواو بووین و دیتمان کەسی ئەوان تێپەڕ نەبوون و لەناو قەفەسەکەدا ماونەتەوە.

گەڕاینەوە بچینەوە لایان و لێک دانەبڕێین، بەڵام پۆلیس رێگای نەدەداو بەزۆر خەریک بوو ئەمانیانبردە شوێنێکی دیکە و ئێمە وامان ئەزانی سواری قەتار و ئۆتۆبوسمان ئەکەن بۆ کرۆواسی(کرۆواتیا)! تومەز بەشێکیترمان ماوە.

هەرجۆر نەبێ لەوێ خۆمان خافڵاند تا ئەوانیش هاتن. بردمانیانە بینایەکی دیکە و لەوێش هەندێکیتر راگیراین و هێنایانیانە دەرێ و سواری ئۆتۆبوسی دوونهۆمیان

کردین بەرەو سنووری کرۆواتیا بەڕێکەوتین. لەوێش نەفەرێ ٣٥€ یۆرۆیان لێ ستاندین.

ڕێگای ئەو شەوەشمان بە خەوتوویی تێپەڕاند. زۆر زۆر ماندوو بووین. بڕستمان لێ بڕابوو و تینی بەخەبەرمانەوەمان تێدا نەمابوو. بەیانی خۆر هەڵاتبوو گەییشتینە سنووری کرۆواتیاو لە مەیدانێکی وەک گاراژ دایانبەزاندین بەڵام ئۆتۆبوسەکانیشمان لەگەڵ مانەوە. لەوێ زیاتر لە بەیانی هەتا ئێوارە ماینەوە و سەرلەنوێ سواریان کردینەوە و هەندێکیتر ڕۆیشتین و دایانبەزاندین. هەفتاو یەک ئۆتۆبوس بووین. لەوێ پۆلیسی کرۆواتیا بیۆگرافییەکی کورتی لێوەرگرتین، بەڵام بە دە پەنجە مۆری پێ کردین. زۆربەمان ترسمان هەبوو کە ئەو پەنجەمۆرە ببێتە کێشە و سەرەتاش هەندێ ملەجەڕێمان کرد، بەڵام پۆلیسەکان پێیان وتین کە ئەمە تەنیا پەنجەمۆری تاوان و ریجستریی (ناونووسی)یە و هیچیتر. پرسیاری ڕێژەی ئەو پارەیان لێ ئەکردین کە پێمانە و هەروەهاش ئەیانپرسی ئامانجی سەفەرەکەتان کوێیە؟

کە تەواو بووین هەر لەوێش دیسان یۆئێن هەندێ خواردن و خواردنەوەی دیکەی پێداین. زۆریان گرینگی بە سێو و گۆشتی ماسی لەقوتوکراو ئەدا.

که لەوێش تەواو بووین کراینە دوو ریز و بۆ یەکەمجار لەو سەفەرەدا سواری قەتار کراین. رەبت و زەبت و دسیپلینیان بەهێز بوو. پۆلیس کۆنترۆڵی هەموو شتی ئەکرد. نەفەر بەنەفەر بەڕێیان ئەکردینە ناو قەتار. لە سوار بوونی قەتارەکەدا خەریک بوو لەگەڵ ئەرخەوان لێکمان جودا بکەنەوە. مەبەستێکیان نەبوو، بەڵام ئەو هەڵانە کرابوو و بەو روداوانەش سەدان کەس بۆ هەمیشە یان ماوەیەکی دوور و درێژ لێک دابڕابوون. ئێمەش ترسمان لەوە بوو و هەموو بڕیارمان دابوو ئەگەر وەک بنەماڵەش لێک دابڕین ئاساییە، بەڵام نابێ رێگا بدەین ئەندام بنەماڵە لێک دابڕێین.

کردمانە هەڵات هەڵات و دڵنیایان کردینەوە کە پێکەوە سوار دەبین، هەر واش بوو، ئەرخەوانم وەک هەمیشە خستەوە پێش خۆم.

قەتارەکە هەر بەڕاستی لە یەکەم نەسڵی قەتار بوو، واگۆنەکانی شەقوشڕ، ناخۆش، جارو بارە لە فیلمە کۆنە هیندییەکانا ئەبینرێ. هەر میترێ چوارکەسی تێ کرابوو، بەگشتی ئەکرا بڵێی قەتارەکە پێنج هێندەی (زەرفیەت)هەڵگریی خۆی نەفەری تێ تەپێنرابوو.

نزیک بە سێ بۆ چوار سەعات ئێمە هەر بە پێوە بووین. وا نەبوو زیرەکی بکەی و بڕۆی شوێن بگری. پۆلیس خۆی دە کەس دە کەس بەڕێی ئەکردین.

درۆ نیە گەر بڵێم هەر بۆ دوو کەس سەربازێکیان بە باتۆمەوە دانابوو. بە هەرحاڵ دەبووا بسازێین. هەمووان وابووین. قەتار هەڵکرا، تەقە تەق و ڕمبەڕمب تڕەتڕی ئەوناوەی گرتبوو، بە ناو ئەو چیاو چۆم و دۆڵەدا تێدەپەڕین، دەنگی ئەدایەوە. هێندە ئەو سرووشتە سێحراوی و دڵفڕێن بوو کە پێم غەدر بوو ئەو دەنگە ناخۆشانە خەونی فریشتەیی ئەو ناوە ئەزڕێنن.

کۆماری کرۆواتیا(کرواسی) سەر بە ناوچەی باڵکانە و یەکێ لە جوانترین وڵاتانی ئۆروپاو جیهانە کە کەوتووەتە باشووری ناوەندیی ئۆرووپا و چوار ملیۆن حەشیمەتیەتی. پێتەخی ئەم وڵاتە شاری جوان و رازەوەی زاگرێبە کە گەورەترین شاریەتی. ئەو شارە بیناسازی و هەڵکەوتەیەکی جوانی هەیە. شارستانییەتی بە سیماوە بەڕوونی دەبینرێ. هەرکات چاوی لێ ئەکەی، هەست ئەکەی تازە تاوی باران دەموچاوی شوشتوە.

بوونی کرۆواتیا لە سەر دەریای ئادریاتیک و هەبوونی ٣٠٠ بەندەر لە سەر ئەو دەریایە ئەو وڵاتەی کردووەتە

وڵاتێکی گەشتیاریی و سەرنجڕاکێش. لە بواری ئابوورییەوە لە وڵاتانی گەشەسەندوو دێتەهەژمار. بەڵام بەو حاڵەشەوە پاش رۆمانی و بۆلگاریا سێهەمین وڵاتی هەژاری یەکییەتی ئۆروپایە.

لە رێگای تێپەرینی قەتارەکەماندا رووبار و چیاو دۆڵ و دەشت و پێدەشت و موچەو مەزاری زۆر خەیاڵی هەبوون. ئەتوانم بڵێم ئەو دیمەنانەی لەو ناوچەیە بینیم تەنیا لە وەسفی بەهەشتی خەیاڵیدا هاتوون. ئەمە ئێغراق نیە، راستییە.

چوار سەعات زیاتر بەڕێوە بووین، شەربەت و ئاویشمان خواردبوو، نەمانزانی وەزعی قەتارەکە ئاوا ناجۆرە و رێگۆکەش هێندە درێژ دەبێتەوە. میز فشاری هێنابوو، هەڵبەت ئەوە وەزعی تەنیا من نەبوو، ژن و پیاو و گەورە و چووکە ئەوە حاڵیان بوو، بەڵام دیتنی ئەو دیمەنە دڵڕفێنانە هەر بەڕاستی کێشەی میزەکەی لەبیربردبوومەوە.

غەرقی تماشای ئەو دارو باغ و دەشت و شینایی و روبارو تاڤگەو ئاسمانە شینە پاکەو هەورە سپی و خاوێنانە بووم کە دەتگوت لۆکە و پەموی تازەلێکراوەی کوردستانن. بەگشتیسرووشت و جوغڕافیایەکی خولیایی بوو، لەو ناوچەیەدا جوانییەکی بێ وێنەم لە سرووشت تەجرۆبە کرد. غەدرە گەر

مرۆڤ بۆی بلوێ و نەچێ و سەردانێکی ئەو شاکارەی سرووشت نەکات.

بەهەر حاڵ گەیشتینە ناوچەیەک و لەوێ قەتار راگیراو دیسان دایانبەزاندین و ئەمجار هەندێ کاغەزو زانیارییەکانیان کۆنترۆڵ کردین و بردینیان و ریزە سالۆن(هۆڵ)ی گەورە بە خێمە درووستکرابوون، لەوێ جێگیریان کردین. خەریک بوو دیسان گروپەکەمان لێک دابڕێنن کە بە هەراو دەنگەدەنگ نەمانهێشت و پێکەوە ماینەوە.

ئاوا تەختی خەوتنی برێزنتی(خەیمەیی) دانرابوون کە تەنیا هی خەوتنێکی سەفەری و کاتی بوون. لە ریزی یەکەوە ریزە تەختێکمان گرت و جانتاکانمان لا دانا و کەوتینە حەولی ئاودەس و حەمام دیتنەوە. لە یۆنانەوە لاقمان لە پێڵاو دەرنەهێنابوو ۆ حەماممان نەکردبوو. چرکەکانی ژیانمان لێ بەسەختی تێدەپەڕین. هەستت ئەکرد میلەکانی کاتژمێر وەستاون، ئەوانیش لەگەڵ ئێمە هەناسەیان سوار ببوو، ماندوو بوون، وەنەوزی شەکەتی ئەیبردنەوە.

چووینەدەرێ ئیمکانات باش بوو، نەفەسیکمان تازە کردەوە، دەست و لاق و گورەوێمان شووشت و هاتینەوە ناو هۆڵەکە. هەندێ خواردن و شتیان

پێدابووین، چای و قاوەشیان ئەدا، سەرقاڵی خواردن و شت بووین کە لەولامانەوە هاوار هەستا.

تومەز نیشتمانی ژنی ئۆمید لەگەڵ پیرەژنێ کە بە کچۆڵەیەکی نەخۆش و شەکەتەوە هاتوونەتە تەنیشتی، بەشەڕ هاتووە و پێی وتوون عەرەبی قاحبەباب و ئەوانیش تووڕە ببوون و ئەگریان و ئەیانوت بۆ وامان پێ ئەڵێن!؟

ئۆمیدیش بەجێی ئەوەی ئاو بە ئاگرەکەدا بکات، بەرامبەریان راوەستابوو و ئەیگوت ئەبێ لەم شوێنە بڕۆن و جێگا بگوازنەوە. شوێنی چیش، نە هی بابی من و نە هی بابی ئۆمید و نە هی نە میراتی عەرەبیش بوو! تەنیا دەبوا تابەیانی هەرجۆرێ بووە سەرخەوێ بشکێنین و پشوویەک بدەین و ئەوەش هەقی هەمووومان بوو بە پیرەژنی عەرەب و کچۆڵە نەخۆشەکەشیەوە و پیرەژنی عەرەبیش وتبووی لای ئەم ژن و منالانەم پێ باشترە تا نەو پیاو و کوڕە جەوانانە. لێرە ئاسوودەترین.

ئۆمید ئەیوت نابێ لێرەبن، پیرەژنیش ئەیوت جێگای دیکە نیە و ناڕۆین. ئێمەش دە میترێ لەولاوەتر بووین، سەرنجی گرموقاڵەکەمان دابوو، بەڵام زۆر ماندوو و شەکەت بووین و خواخوامان بوو زوو تەواوی بکەن و درێژ بین ئیسراحەتێ بکەین.

لەو قاڵ و مقاڵانەدا بوو، لەناكاو ئۆمید رووی كردە ئێمەو، من و هوشیار و هادی و ساسان و هێمن، تا هێزی تێیابوو هاواری كرد ئەرێ كاكە ئێوە پیاوتان تێدا نیە! بۆ یەكێكتان قسەیەک ناكاو پشتم ناگرێ!؟ ئێمە هەموو لە داخان هەر لاڵ ببووین! ئاخر ئەو قسەیە بەشەری عاقڵ نایكات! بۆ چەند چركەیەک باوڕم نەئەكرد بەشەر هێندە ناهەق و هەقبەجانب بێ! هەموو چاومان واق وڕمابوو و زمانمان لەگۆ كەوتبوو، هەرچاومان لێک ئەكرد! وتم كوڕە ئاگات لە دەمتە چی ئەڵێی؟! تۆ خۆت پێ پیاوە لەگەڵ پیرەژنێكا دەمبەدەم بووی!؟ ئاخر مەسەلەن وەک پیاو بێین چی بكەین!؟ گەلەكۆمە لە پیرەژن و كچۆڵەیەكی نەخۆش بكەین كە پێتان وتوون قەحبە و قەحبەباب!؟

زۆرم پێ ناخۆش بوو، لە دڵ خۆما وتم پڕشەقیشت بكەن نایێمە جواب.

بەڵام دیتم لەو دەنگە دەنگ و گوڕەگوڕەی ئۆمید و هاوار و گریان و زاری پیرەژن، عەرەبەكان خڕبوونەوە. یەک لەوانە پیاوێكی زل و درێژ بوو كە زۆر لەشەڕ ئەگەڕاو بە تیرۆریستان ئەچوو، چوو یەخەی ئۆمیدی گرت. لەوێ ئیدی ئاخری خۆم پێ نەگیرا، هەستاین چووین، ئەو عەرەبە زلە كە خەریک بوو هەڵمەت هەڵمەتی ئەكرد، لە دواوە دەستم دایە

سەرشانیا و سووڕاندمەوە و کێشامە ئەملاوە و قامکم لێ ڕاشەکاند وتم تۆ دەخاڵەت نەکەی، لەگەڵ دۆستان پێشمان بەوانیتریش گرت و لەو کاتا پۆلیس هات و کێشەکەیان چارەکرد و هەردوو لایان بێدەنگ کردن. ئەوجا کاکە ئۆمید هاتبوو و ئەیگوت دەستخۆش ئاگام لێ بوو چتان کرد. ببوورن ئەو قسەیەم کرد.

بەهەرحاڵ خەوتین، دەمەوبەیان سەعات پێنج هەڵیان ستاندین، بەڕیزکراین و سواری قەتار بووین. من و ئەرخەوان بە تەنیا کەوتینە ڤاگۆنێ کە چەندین پیاو بووین و ئەرخەوان تەنیا ژنی ناومان بوو. لە ڤاگۆنەکە دوو قات خەڵک دانیشتبوون، لە سەر سەری ئێمەش جێی دانیشتن هەبوو و کۆمەڵێ جەوانی لێ بوو. خەریک بوو بەقیەی جەماعەتمانیان ئەبرد بۆ ڤاگۆنەکانی دیکە، ئەرخەوانیش ئۆمێد بەرینی بینی بانگی کرد کاک ئۆمێد، کاک ئۆمێد توخوا تۆ وەرە جێگاکەی من، با من بچمە لای ژنەکان ، لێرە ئاسوودە نیم. ئۆمید وتی ناتوانم، نایێین، ئێمە دەڕۆینە سەرێ. نەهات و بەهەرحاڵ رۆیشتن، هەندێکی پێ چوو، ماڵیان ئاوا چەن کەس لەو کوڕانەی کە لای ئێمە بوون چوونە ناو مەمەڕی قەتارەکە لەبەر ئەوەی ئەرخەوان ئاسوودە بێ.

قەتار رۆیشت و پاش ماوەیەک گەییشتینە شوێنێ و دابەزین. ئۆمید و ئەوان وتیان سەد خۆزەگە بە ئێوە، ئێمەیان برد و تەپاندمانیانە پێش دەرکی ئاودەستێ، ئاودەستەکەش گیرابوو و سەڕێژ ببوو، ئەو ناوە بۆگەن تەنیبوویەوە، ئێوە شانستان هەبوو کە هەر نەبێ شوێنەکەتان خاوێن و سەر کورسی و ناو ڤاگۆن بوو. بەگشتی دیار بوو ماوەی سێ چوار سەعات دۆخێکی دۆزەخییان لە پێش ئاودەستی سەرڕێژ بوو بەڕێ کردبوو.

ئەوێ ئۆسلۆوانی یان سلۆڤانیا بوو.

کۆماری سلۆڤانیا کە وڵاتێکی بچووکە لە باشووری ئۆرووپای ناوەندی و گەورەترین شارو پێتەختەکەی "لیوبلیانا"یە. حەشیمەتی ئەو کۆمارە دوو ملیۆنە. بە وڵاتێکی پێشکەوتوو لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووریەوە ناسراوە و تا ساڵی ١٩٩١ بەشێکی یۆگسلاوی بوو. ئەو وڵاتە بە پردی نێوان نیودوڕگەی باڵکان و باشوور و رۆژئاوای ئوروپا ناسراوە. وڵاتێکی شاخاوی و کوێستانییە و زۆربەی خەڵکەکەشی لە پێتەخت و دەوروبەرەکەی دەژین. لەبەر گرینگیی جوغڕافیایی و ستراتیژیکی سلۆڤانیا، کراوەتە ئەندامی ناتۆ.

ئەوانیش وەکوو کورد دەردیسەرییان زۆر چێشتووە، ساڵی ١٩٤١ و شەڕی جیهانی دووهەم هێرشیان کرایەسەر و وڵاتەکەیان بە سەر سێ وڵاتی ئاڵمان، ئیتالیاو مەجارستان(هەنگاریا)دا دابەشکرا. بەهۆی شاخاوی بوونی وڵاتەکەیانەوە دەستیان دایە شەڕی چەکداری و لەگەڵ پارتیزانەکانی تیتۆ دژی داگیرکەران هاوکاریی یەکترییان کرد تا دواتر بەناچار چوونەپاڵ کۆماری بەناو دیمۆکراتیی یۆگسلاوی. ئاو و هەوایەکی خۆش و گونجاوی هەیە و ٨٠٪ی پانتایی خاکی ئەو وڵاتە لەبارە بۆ کشتوکاڵ و سەرەڕای ئەمەش بەهۆی چیاو کوێستان و لەوەڕگەی باشەوە ئاژەڵداری لە پڕداهاتترین کارەکانە. پڕە لە کانزای جۆراوجۆر و کەرتی گەشتیاریش لە پڕداهاتترین کەرتەکانی ئابووری سلۆڤانیایە.

لەبەر خوازیاریی ژیانی پێشکەوتوانەتر و خۆشگوزەرانی زیاتر، زۆرێ لە خەڵکەکەی بەرەو وڵاتانی پێشکەوتووی ئۆرووپا دەکۆچن. زیاترین رێژەی خۆکوشتنیان هەیە لە نێو وڵاتانی ئۆرووپایی دا و لەو وڵاتە زاوزێ لە نزمترین ئاستی دایە.

لەگەڵ ئەوەی بەناو ئەو سرووشتە بەهەشتییەی سلۆڤانیادا تێدەپەڕیین، کەچی هێندە بێزار و بێتاقەت

بووین، تاقەتمان نەبوو تەنانەت سەیری ئەو سروشتە جوان و دڵگیرە بکەین.

لە سلۆڤانیا رانەگیراین، کەمێ ماینەوە و ئەمجار سواری قەتارێکیتر کراینەوە بەرەو سنووری ئۆتریش(نەمسا) و ئەوجارە لەوێ بە قەتارێکی باشتر بەرەو قووڵایی ئۆتریش(نەمسا). قەتارو شوێنی ئەمجارەمان باشتر بوو. ئێمە ئەوجارە لە ڤاگۆنێ کەوتینە تەک ماڵێکی سلێمانەیی کە ئەوانیش ژن و پیاوێکی بەڕێز بوون لەگەڵ مناڵێک. تاوێکی پێچوو هادی هات و بانگی کردم، وتم چی بووە، وتی نازانم چیبکەین، برام، ساسان هەستاوە باوک و کچێکی هێناوەتە لامان. کچەکە ئەڵێی نەخۆشیی درم(مسری)ی هەیە، هەر دەکۆخێ و بەرامبەر هێژاو ئەژینیشە، ئەترسم هێژاو ئەژین تووشی نەخۆشییەک ببن. ساسان و ئەوانیش بۆ خۆ پێکەوە لە ڤاگۆنێ بە ئاسوودەیی دانیشتوون. گوایا بەزەیی پێدا هاتوونەتەوە، ئاخر بڵێ کاکە ئەگەر وایە بۆ نایانباتە لای خۆی!؟ وتم ئەی بۆ بەخۆی ناڵێی؟! وتی وەﷲ لەڕووم هەڵنایە. وتم دەی جارێ لەوە گەڕێ، دوایی ئەگەر زانیمان هەر لەگەڵمانن، ئەوجا چارێکی لێ ئەکەین.

بەهەرحاڵ ئەژین و هێژامان هێنایە لای خۆمان، ئێمەش هاتوچومان ئەکرد. قەتارەکە خەڵکی زۆری تێدا نەبوو، ئاسوودەتر بووین.

ئەو سەفەرە شتی خۆشی تێدا بوو، ساسان و دیمەن و ئەوانیش لە ڤاگۆنێ بوون کە کابرایەکی فارسی سەیروسەمەرەیان لەگەڵ کەوتبوو. کابرای چی، دەعبایەک. تۆ بڵێ چی نەبوو! دز، کڵاوچی، قۆڵبڕ، پیاوکوژ و بەگشتی زۆر شتیتر. زۆر بە شانازی و تام و چێژەوە دانیشتبوو کەتنەکانیشی بۆ ساسان و ئەوان ئەگێڕایەوە. بە دەمتەقاندن ئەیگێڕایەوە کە چۆن دوکانی بڕیبوو، چۆن لە خەڵکی دابوو و پارەی لێ ئەستاندبوون، چۆن خۆی کردووەتە ئەفسەری پۆلیس و بەناوی "سەروان ئەحمەدی"یەوە خەڵکی، بەتایبەت ئەفغانی فەقیری پەنابەری رووتاندوەتەوە!

کە باسی ئەو شانازییانەی خۆی ئەکرد، چاوی لە ئەشق و خۆشەویستی کارو پیشەکەی دا، لە حەسرەتی رۆژانی خۆشی دزی و چەتەیی و خەڵک رووتاندەوەی دا فرمێسکیان تێزابوو و ئەبریسکانەوە.

بە متمانەبەخۆبوونەوە ئەیگوت ئەمن کەیسم زۆر باش و بەقوەتە، دوایین جار ماڵ و دوکانێکم بڕی و هەژدە ملیۆنم بەرکەوت و پێی هاتمە خاریج. وابزانم خۆی

دانابوو بۆ ئێقامە وەرگرتن و تێکەڵبوون بە باندە مافیاییەکانی ئۆروپا.

ساسان هاتە دەرێ و چاوی پەڕیبووە تۆقی سەری و ئەیگوت کاکە ئۆعجوبەیەکمان لە گەڵە و ئەو شتانەی بۆ گێڕاوینەوە. دیمەن ئەیگوت نەمانوێراوە چاوبتروکێنین، نەکا جاتناو مانتاکانمان لێ ببات.

بە کورتییەکەی زیاتر لە ٩٠٪ی فارسەکان کە لەو رێگایەدا لە گەڵمان بوون هەر لەو قوماش و تیپانە بوون. زۆربەی هەرەزۆریان ئاگایی و خوێندنەوەی سیاسییان سفرە. ئەوەی هاتووە توتیوار یان کەیسێکی بەمەسێحی بوون، یان هێمۆسێکسواڵ(کەیسی تەڵایی) یان شتێکی کۆمەڵایەتی هاوشێوەی کردووەتە سناریۆ و هیچیتر.

لەو رێگایەدا "فامیلی" بنەماڵە زۆر گرینگ بوو. واتە چەند کەس وەک خێزانێ پێکەوە بووبان و حەتم دەشبوا ژنیان لەگەڵ بێ. بە دەیان گرووپی فارس و ئێرانیمان بینی کە هەفت هەشت کوڕ و دانەیەک ژن یان پێچەوانە خۆیان لێک گرێدابوو و هاواریان ئەکرد، فامیلی، فامیلی. بەو چەشنە خۆیان تێدەپەڕاند و ئەچوونەپێش. زۆربەی هەرەزۆریشیان بێ ڕێز، بێ تەربیەت، خۆبەزلزان و مەغروور بوون. تۆزقاڵێ غیرەت و مرۆوەت و وەفاشیان تەنانەت بۆ خۆیان

نەبوو، بە ئاسانی یەکترییان ئەکردە پرد بۆ پەڕینەوە و سەرکەوتنی خۆیان. بۆیە خۆشیان متمانەیان پێک نیە. لەعەینی حاڵیشدا ترسەنۆک و خۆپارێز.

کات تێپەڕی، گەییشتینە ڤیەن(ڤییەنا) و تاریکایی شەو بوو، لە گەروبەری ساعەتی ١٠ و ١١ دا. بردینیانە ناو مێترۆیەک، لەوێ لە تەنێشت دیوارەکان ریزیان کردین. دیاربوو ئەو کاروانەی ئێمە لەناکاو دابوومانە سەریانا و ئامادەییان نەبوو بۆ پێشوازی. بۆیە لەوێ زۆرمان پێ چوو.

کەش و هەوایەکی ساردی هەبوو، خەڵک هەموو جلی گەرم و ملپێچ و کۆتی ئەستووریان لەبەر بوو. کە سەێری ناوچاو و نیگای خەڵکەکەت ئەکرد، زیاتر لە هەموو شتێ رق و بێزاریت لە پەنابەر تێیاندا بەدی ئەکرد. هەر لەوێ چەن جەوانێکی رەگەزپەرست هاتن و بە زمانی ئاڵمانی کردیانە دەنگ و هەرا، دیار بوو بێزارییان لە پەنابەر دەردەبڕی.

ئەو شەوە تا سەعات دووی بەیان لەوێ رایانگرتین. یەکەمجار بوو کە بێزاریی لە رادەبەدەر بە روخساری ئەرخەوان و سیمای سەرجەم کاروانە ماندوو و شەکەت و بێزارەکەوە ببینم. زۆریان هەبوو ئەگریان، زۆریان هەبوو بۆغز گەرووی گرتبوون و تەنانەت گریانیشیان بۆ نەدەهات.

دیمەن و نیشتمان و هەوار ببوونە دەستەخوشک و خۆیان لە ئەژین و ئەرخەوان دابڕاندبوو. ئەژین و ئەرخەوانیش سەریان کردبوو بەیەکاو وایان نیشان ئەدا کە بۆ خۆ وەک دوو ژنی باشووری بێمنەتن لەوان. ئەوان هەر سێ ڕۆژهەڵاتی و ئەمانیش دوو باشووری. ئەو ژنە سلێمانیەش هاوڕێ وهاودەمێکی باش بوو بۆ ئەرخەوان و ئەژین و هاودڵی و هاوهاست و سۆزیی بۆ دەرئەبڕین.

ئەو بە حوکمی ئەوەی لەوان گەورەتر بوو، بە تەجرۆبەتر بوو لەوان و زوو زوو دڵی ئەدانەوە.

ئاخر ئەرخەوان قەت ئاوەها لە بنەماڵە و کەسوکاری دوور نەکەوتبووەوە و سەفەری وا درێژ و بێزارکەر و ماندووکەری نەدیتبوو و زۆر بێتاقەتی و بێزاری و ماندوویەتی پێوە دیار بوو.

بەڵام دیمەن و هەوار نیشتمان لانیکەم لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتبوونە باشوور و هیچ نەبێ دووری لە ماڵ و بنەماڵەو لە ئازیزانیان چێشتبوو. بۆیە کاتی ماندوویەتی سەفەر بێتاقەت ئەبوون ، بەڵام کە ئیسراحەتیان ئەکرد، دڵخۆش و ڕووگەش ئەبوون و پێکەوە قسەیی خۆشیان ئەکردو پێدەکەنین.

واتە لەو قۆناغە تێپەڕیبوون کە وەک ئەمان دڵتەنگی دایەو بابە و خوشک و برا بن.

بەڵام ئەرخەوان بۆ خۆی لەو سەفەرەدا رۆحی لە کوردستان بەجێ هێشتبوو و ورەی داڕمابوو، ئەو خۆ دوورگرتنەی ئەوانیش لەو کاتەدا زۆر ناخۆش لەسەری کەوتبوو. ئەژینیش قەتی سەفەری وای نەدیتبوو، هەر لەو رۆیشتن و بارودۆخ و ترس و دڵەڕاوکێیانە وڕ و کاس ببوو.

بەگشتی ئیدی وەک خۆیی و ناخۆیی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئەمانیتر ئەکرد. ئەمانیش بەو قەناعەتە گەیشتبوون کە ئەبێ پێکەوە گەرموگوڕتر بن، ئاگایان لێکتر بێ، بۆیە زیاتری کاتەکە پێکەوە بوون.

ساسان و ئۆمیدیش ئەو کاتە زیاتر پێکەوە بوون، بە بڕوای ئێمە ئەوەش هەر بەهۆی هاوپێڕبوونی ژنەکان و پێکەوەبوونیان و سەرپێکدا کردنیان، قایمتر و گەرموگوڕتر دیار بوو.

سەرەڕای ئەوەی بە زقی دیاربوو گرووپەکەمان گەرموگوڕی جارانی نەمابوو، بەڵام دیسان هەر هەستمان بە بەرپرسایەتی لە ئاست یەکا و لە ئاست پێکەوەیی بۆ گەییشتن دا ئەکرد. ئاخر سەفەر ئەو ناخۆشی و تاڵییانەشی هەیە. بەتایبەت بۆ گرووپێ کە زۆربەی ئەندامەکانی پێشتر تەنانەت جارێ بۆ خوانێ لە دەوری سفرەیەک پێکەوە دانەنیشتبن و سەعاتێ

ئاڵوگۆڕی بیروڕایان نەکردبێ و شارەزای تەبێعەتی یەکتریی نەبووبن!

تووڕەیی ئۆمید لە ئەوە بوو کە ئێمە هەڵسوکەوتی خۆی و ژنەکەیمان پێ خۆش نەبوو، ئاخر لەو رێگایەدا دەیان شەڕ و گێچەڵی بە خۆشمان و بە خەڵکی دیکەش فرۆشت و ئۆمیدیش هەر ئەیلاواندەوە و خۆی و ژنەکەی پێ هەق و هەر هەموو ئەوانی دیکەی پێ ناهەق بوو و چاوەڕوان بوو هەر هەموو کاروانی پەنابەران لەگەڵ تەبێعەتی نیشتمان خان خۆڕێک بخەن.

ساسانیش بە جۆرێ هاودڵی لەگەڵ ئۆمید ئەکرد. لەوانەشە ئەوان بەرامبەر ئێمە هەست و بیرکردنەوە و تێڕوانینی خۆیان هەبووبێ کە ئێمەی پێ تەخسیربار بین، بەڵام گەر هەشبووبێ، نەماندەزانی.

سەرەڕای هەموو ئەمانەش، ئەو سەفەرە بۆ هەموومان تازەیی هەبوو و هەمووومان بەرامبەر ئەو چەشنە سەفەرانە بێ ئەزمون بووین و لەوەش زیاتر بەگشتی ئێسترسێکی وامان بەسەرا زاڵ بوو، ماندووبوون و بێزاری وای کارتێکردبووین، تووڕەیی و بێتاقەتی و گرژیی ئەعساب حاڵەتێکی نائاسایی بەسەر هەمووومانا زاڵ کردبوو.

دیارە ساسانیش پاش پەنجەمۆری کرۆواتیا بەتەواوی تووشی دڵەڕاوکێ و ئێسترسێکی لەڕادەبەدەر ببوو و خۆشی دانی بەوەدا ئەنا کە ئەو زۆر لەو پەنجەمۆرە ترساوە و ئێسترسەکەی بەسەرا زاڵە.

ئاخر دایک و بنەماڵەکەی گەییشتبوونە سوێد و ئەمیش ئامانجی ئەوێی هەبوو و لە هەر ئاستەنگێ لەسەر رێگاکەی تووشی دڵەڕاوکێ و ترس ئەبوو.

بەهەرحاڵ سەعات دوو بۆ دوو و نیو بوو لە مێترۆکە بردینیانە دەر، لەوێ کەمپێ هەبوو، چەند هۆڵێکی گەورەی لێبوو، پاش رێجسترێکی کورت، یەکێ شریتێکی زەردی لاستیکییان وەک نیشانکردن کردە مەچەکمان و لەو هۆلانە نیشتەجێیان کردین. یەکێ زیلویەکی سەربازی(فەرشێکی برێزنت و چادری)یان پێداین خستمانە ژێرمان. خواردنی سەرپاییان بۆ ئامادە کردبووین لە گەڵ چای و قاوە، چوومە ناو سڕە(سەف) و هەندێ لۆبیای گەرمم هێناو لەگەڵ تۆنی ماسی خواردمان و خۆمان ئامادە کرد لەو دوو سێ سەعاتەدا هەمانبوو، سەرخەوێ بشکێنین. زیلومان کردە دۆشەک، پێڵاو و جانتامان کردە بالیف، کۆت و ناسکە سەرچەفێکمان کردە پەتو(بەتانی). ئەکرا بێژین ئەو هۆڵەش وەک هۆڵەکانیتر زیاتر لە پێنسەد کەسی تێدابوو، هەر هەموو لەسەر زەوییەکە

خەوتبووین. ڕووناکایی کوژێنرایەوە، بۆنی پاو پێڵاومان مێشکی سڕکردبووین و ماندوویەتی زۆر جەستەی شەکەت کردبووین و زووتر خەومان لێکەوت.

هەمووی سێ بۆ چوار سەعات نەخەوتین کە هاتن و بانگیان کردین. دیسان لە دەرەوە بەڕیز کراین. شریتە زەردەکانیان لە مەچەکمان کردەوە. زۆری پێنەچوو سواری ئۆتۆبوسیان کردین. لەوێوەڕا هەڵسوکەوت گۆڕا.

ئەوێ ئۆتریش"نەمسا" بوو:

کۆماری فیدراڵی "ئۆتریش"(نەمسا) کە بە ئاڵمانی پێی دەڵێن"ئویێستێغایش"ە کە بە مانای پاشایەتی و دەسەڵاتی شەرقییە، لە هەشت ویلایەت پێک هاتووە و وڵاتێکی گەش و سەوزەو لە ئۆروپای ناوەندی هەڵکەوتووە. پێتەختەکەی ڤیەن (ڤیەننا)یە و حەشیمەتی هەشت ملیۆن و نیوە.

ئەو وڵاتە لە بواری پانتایی خاکەوە هێندەی وڵاتی ئیماراتی عەرەبییە، بەڵام خاوەنی شارستانییەت و رابردووی پڕ هەیبەت و شکۆی سیاسی مێژووییەو ئێستاش لەو وڵاتانەیە کە لە ئاستی جیهانی دا شوێن و قورسایی و پێگەی تایبەتی خۆی هەیە.

ئەو وڵاتە ساڵی ٢٠١٥ چواردەهەمین وڵاتی دەوڵەمەندی جیهان لەسەر بنەمای داهاتی تاک بوو. لەگەڵ ئەوەی دا کە ٩٨٪ی خەڵکی ئەو ولاتە بە ئاڵمانی قسە ئەکەن، کەچی زمانی فەرمیی ئۆتریش، چوار زمانن.

زیاتر لە ٩٨٪ی خەڵکەکەی خوێندەوارن و خوێندن لە شەش تا پانزدە ساڵی بە زۆرەملێیە. ئەو وڵاتە ٩٠٪ لە پێویستییەکانی خواردن و خواردنەوەی خۆی لە ناوخۆ بەرهەم دێنێ، بەو حاڵەشەوە ٠٨٪ی وزەی خۆی بۆ کەرتی کشتوکاڵ داناوە.

بەگشتی بە وڵاتی جوانی و هونەرو زانست و فەلسەفە ناسراوە. ناو شارەکان و رێگاوبانەکانی پێشکەوتوون و مرۆڤ هیوا دەخوازێ وڵاتەکەی ئەویش وەها بێ.

ئامانجی ئۆتۆبوسەکان شارێکی نزیک لە سنووری ئاڵمان بوو. ئۆتوبوسی ئەمجارەمان خاوێن، گەورەتر، پێشکەوتوو و شوێنی دانیشتنی خۆشتر بوو.
بەڕێکەوتین و رۆیشتین تا گەییشتینە ئەو شارە، رێگاکەمان تەقریبەن درێژ بوو، بەڵام بەخۆمان نەزانی. گەییشتنەکەمان لە ئێوارە تاریکانێکا بوو. ئەو شەقامانە چڕاغانی بوون، گڵۆپەکان زۆر بە کەمی زەرد و سپییان تێدا بوو، زۆربەی رووناکاییەکان شین و سەوز و بەنەوش و ئاوی و ...بوون.

بەگشتی شارێکی ئارام، دەنگی ماشین و قەرەباڵغی و شلۆغاییت هەست پێ نەدەکرد و نەدەبینی. شار ئارام، خەڵک ئارام، کەش و هەوا باراناوی و تەڕ، شار پڕ لە دار، پڕ سەوزایی، پڕ گوڵ و پارک. بەگشتی ژیان لەو شارەدا، تەنانەت بەڕووی ئێمەی پەنابەریشا پێدەکەنی.

دایانبەزاندین و لەوێش چەند هۆڵێکی گەورە هەبوو، بەڵام شوێنەکان خاوێن و رێکوپێک بوون. بە رێکوپێکی دایەنبەزاندین، دیار بوو ئامادەیی بۆ هاتن و پێشوازیمان کرابوو. بەریز بردینیانە ناو هۆڵێ کە دیوارێکی پەردەیی لە نێوان خانەوادەکان و زگۆرتی(موجەڕەدەکان)دا هەبوو.

تەختی خەوتن، دۆشەک و پەتو(بەتانی) خاوێنی لێ بوو. هەر زوو شوێنمان گرت و بانگ کراین بۆ هۆڵی خواردن کە ئینتێرنێتی "وای فای"یشی لێ بوو. بەڵام خواردنەکەیان تێری نەدەکردین. ئێمە خۆمان بۆ خواردنی قورس و خۆش ئامادە کردبوو، بەناوی حکومەتی ئۆتریشەوە بەڵێنی برینج و خۆرشت و چڵەوکەباب و قورمەسەوزی و بریانی و ئابگوشت و دۆڵمەو شتمان بە ورگی برسی و خێرلەخۆ نەدیومان دابوو کەچی ئەوان بە مۆدێلی ئێوارەخوانی ئۆروپایی، هەر تەنیا سوپێکیان بۆ ئامادە کردبووین. بەڵام

سوپێکی خۆش کە لەگەڵ چەند هاوڕێیەک سێ چوار جارمان گرت، هەر برسیمان بوو.

هەر لەوێ حەولە(خاولێ) و شامپو و سابون و شتیان پێ داین و حەمامی گەرم هەبوو، خۆمان شووشت و چووینە ناو جێگا. بۆ نزیک بە دوو هەفتە ئەچوو، ئاوا خەوێکی خۆشمان نەکردبوو. بەیانییەکەی تا نیوەڕۆ لەوێ بووین، نانی بەیانیمان نەخوارد، خواردنی نیوەڕۆیان پێداین و ئۆتۆبوس هات و سواری کردین. لەوێش ساسان و دیمەن و هەوار و ئۆمید و ژنەکەی چووبوون بۆ ناوشار. تەقریبەن ئەگەر نەگەیشتبانەوە لەوانە بوو گرووپەکە تووشی کێشە بووبا و بەجێ مابا‌ین، ئاخرەکەی باش بوو لە کاتی سواربووندا گەییشتنەوە.

لەو ئۆتۆبوسەشدا باوک و کچە فارسەکەمان کەوتەوە لا و تا سنووری نێوان ئاڵمان و ئۆتریش پێکەو بووین. لەوێ لە کەمپێکیان دابەزاندینەوە. کەمپێکی کاتی بوو، لەوێوە گرووپ گرووپ بەرەو شاری مونشێن(میونیخ) لە هەرێمی بایرێنی ئاڵمان بەڕێ دەکرد. ئەهاتن و نەفەر نەفەر ناوی گرووپەکانیان ئەنووسی، منیش ئەوجارە لەسەر سکاڵاکەی هادی و لەسەر ئەوەش کەیفم بە تەبێعەتی جەماعەتی فارس نایێ، ئەو ژن و

مێردە سلێمانیەم لەگەڵ گرووپەکە خست و ئەو دوو فارسەم دەرهاوێشت.

دیارە نەشم زانیبوو کە ساسان قسەی لەگەڵ کردوون و بەڵێنی پێدابوون لەگەڵ ئێمە بمێننەوە و هاوڕێ بن. ئەوان لە ساسان لاڵابوونەوە کە ڕێگا بدات لەگەڵ گرووپەکەی ئێمە بن.

ئاخر دواتر ساسان باسی کرد و وتی دوای ئەو شەوەی لە ئۆتریش خەوتین و زگورتییەکانیان لە خانەوادەکان جیاکردەوە، کابرا هاتبووە لای و وتبووی ئەو شەوە لە بەشەکەی ئەوان لە نێوان گروپە فارسە چەن کوڕ و یەک ژن و چەن ژن و یەک کوڕەکانا شتی ناشیرین روویدابوو و ئەمیش لەکچەکەی خۆی ترسابوو. بۆیە پەنای بە ساسان و ئێمەی کوردەکان هێنابوو. وەک ئەوەی کە ئێمەی کورد بە بەغیرەت و بەناموس ناسراوین و ئەویش لای ئێمە دڵنیا دەبێ. بەڕاستی بەو شتەشم زانیبا، لە گرووپم دەرنەدەخستن و پاڵپشتی کارەکەی ساسانیشم دەکرد.

بەهەر حاڵ لە گرووپەکەدا هەر ناوی خۆمان و ئەو بنەماڵە سلێمانیەم نووسی کە دەیکردە ١٣ کەس. لەکاتی سواربوونا بانگیان کردین و ئەو فارسانەش هاتن، من وتم ئەوانەمان لەگەڵ نین، گلەییان کرد، وتم ئێمە بەس گرووپێکی کوردین و ئێوە ناناسین. بۆیە ببوورن کە

ناتوانین پێکەوە بین. کێشەش ئەوە بوو تازە قەبوڵیان نەدەکرد کەسیتریش زیاد بکەین.

لەوێ ساسان تووڕە بوو، دۆ و دۆشاویی تێکەڵ کرد، وتی ئەوان زۆر لە فارسەکان باشتر نین و من بەڵێنم بەوان داوە و هەر ئەوان بوون ئەو هەموو تیرۆرەیان لە باشوور لێ کردین. بەهەرحاڵ ئەمزانی شتەکەی پێ ناخۆش بووە و هەستی بە کەسری شەئن و لێدانی غورروور کردووە. لەوانەیە منیش لە جێی ئەو بووبام لەو کارە تووڕە دەبووم. پێشم ناخۆش بوو لەسەر ئەو فارسانە دڵمان لێک بێشێ. کابرای سلێمانەییش لەئەسڵدا پێشمەرگەی قەدیمی کۆمەڵە بوو و من لەگەڵ ئەندامانی گرووپ فەرقم پێ نەئەکرد و دڵخۆشیش بووم بە بوونیان لەگەڵمان.

ئاخری تووڕە بووم، وتم کاکە تۆ دوێنێ شەو خستوونتە کابینی هادی و ئەژین، ئەوان پێیان ناخۆش بووە و خۆیان داوایان لە من کردووە لە گرووپیان لابەم. لامکردە لای هادیەوە کە خۆی مات و بێدەنگ کردبوو، وتم هادی بۆ قسە ناکەی، بۆ بێدەنگی، مەگەر تۆ سکاڵات نەبوو بەدەستیانەوە، بۆ شتێ ناڵێی!؟

بەهەرحاڵ سوار ی ئۆتۆبوس بووین بەرەو میۆنشێن. زۆرێ بەڕێدا رۆشتین، ئۆتۆبوس رانەدەوەستا، ئێمە لە ئاخرەوە دانیشتبووین، هەموو پێویستمان بە لادانێ بوو،

واته پێویستیمان به ئاودەست هەبوو، بەڵام دیار بوو هێمن زیاتر لە هەموومان تینی بۆ هاتبوو، لە دوای دواوە هاواری لە شۆفێرەکە ئەکرد و ئەیوت:" درایڤێر دەبڵیۆسی، درایڤێر دەبڵیۆسی". بەهەر حاڵ چەن نەفەری تریش داوامان کرد، ئاخری لەشوێنێ لایدا. ئەوجا بەڕێکەوتینەوە و تا مەقسەد رانەوەستاین کە پادگانێکی نیزامی (سەربازگە)یەک بوو. دابەزێنراین و دابەش کراین و دووکەس و سێ کەس ناردینیان بۆ ژوورەکان. باران ئەباری، عەلاگە(پلاستیک)ێکیان پێداین و لەسەر جلەکانمان کردمانەبەرمان. من و ئەرخەوان بە جیا بەڕێکراین، چووینە ژووری، لێکۆڵەرێک و کەسێکی دیکەی پێ بوو لە پشت کۆمپیوترێ. کابرا بە ئینگلیسی ناو و ناسناو و بیوگرافی و هەندێ زانیاری دیکەی لێ پرسین و تۆماری کردن.

پاشان ئامێری پەنجەمۆرەکەی هێنایە بەردەستمان و شەرحی کرد بۆمان کە ئەو پەنجەمۆرە پێویستە بکەن ئەگینا ناتوانن لێرە دەرباز بن. من پێم وت قەبوڵ ناکەین، لەبەر ئەوەی ئێمە ئەمانەوێ بەرەو ئیسکاندیناڤی بڕۆین و ئامانجمان ئاڵمان نیە. وتی بۆ لە ئاڵمان نامێننەوە، بۆ حەزتان لە ئاڵمان نیە؟ وتم ئەوە بەو مانایە نیە کە کەیفمان بە ئاڵمان نەیەت، بەڵکوو

لەبەر ئەوەی زۆربەی دۆست و هاوڕێیانمان لە ئەو وڵاتانەن و ئێمەش ئامانجمان دانماركە.

كابرا كە دیار بوو بەرپرس بوو لەوێ، وتی ئەم پەنجەمۆرە هیچ مەترسیتان بۆ درووست ناكات و ئێوە بێ كێشە ئەتوانن بڕۆنە دانمارك و وەرەقێكی پێداین و واژووی كرد و لەبنی نووسیبووی( زی مۆشتێن ناخ دانمارك ڤایتاغێن) و وتی ئەوەها بۆشم نووسیون و ئەم پەنجەمۆرە بەس پەنجەمۆری ریجستریيە و زانیاری و بۆ بانكی زانیاری ئۆروپا لە لۆگزامبۆرگ دەبێ.

هەموان دەبێ بیكەن و ئەگەریش نەیكەن، بە تاوانی بەزاندنی سنووری ئاڵمان و لەوانەشە بە تۆمەتی دیكە بەند و زیندان بكرێن. بەڵام من دڵنیاتان ئەكەمەوە كە هەموو شت بە دڵی ئێوە دەبێ. بەهەر حاڵ هەمدیسان وەكوو كرۆواتیا پەنجەمۆری دە پەنجەییان پێ كردینەوە و دواتر بەڕێیان كردینە ناو هۆڵێ كە سویت سویت بە تەختە و دیواری كازب جیاكرابووەوە. لەوێ رێستۆران، فرۆشگا، ئاودەست و حەمامیان پێ نیشان داین.

پاش نان خواردن هاتینەوە لە سویتەكان ئیسترِاحەتمان كرد تا بەیانی. بەڵام وەر پێمانوابوو كە ئەتوانین بەرەو دانمارك بڕۆین. بەیانی بەخەبەریان هێناین و وتیان پاش نانی بەیانی ئامادە بن بە ئۆتۆبوس بەڕێ دەكرێن

بۆ شوێنێکی دیکە. هەموو حازر بووین، سوار کراین و بەڕێکەوتین بەرەو شارۆچکەیەکی مونشێن. پاش چەندین سەعات ڕۆیشتن گەییشتینە شارۆچکەیەک بەناوی "کۆبۆرگ" کە لە ناوچەیەکی دەشتاییی هەڵکەوتبوو و شارۆچکەیەکی نە زۆر گەورە و نە زۆر بچووک بەڵام جوان و دڵڕفێن بوو.

لەوێ لەبەر ساختمانێکی هۆڵ مانەند ئۆتۆبوس وەستا و دایانبەزاندین. بەڕیز کراین و جانتاو کەلوپەلمان داگیراو و بردینیانە ناو هۆڵەکە، گرووپەکەی ئێمە لە پێشەوە بووین، قسەیان لەگەڵ کردین و داوای موتەرجمی کوردمان کرد.

بەرپرسی کەمپەکە کابرایەکی زلەی قەڵەو بوو. موتەرجم بانگ کرا کە کوردێکی ڕۆژئاوایی بوو، بەرپرسی کەمپ دەستی بەقسە کرد و پاش بەخێرهێنان و تەعاروفاتێکی کەم، وتی ئێوە پەنجەمۆری ئاڵمان کراون و دەبێ ئاگادار بن کە بچنە هەر وڵاتێکی دیکەی ئەندامی یەکییەتی ئۆروپا، بە پێ یاسای دوبلێن دەگەڕێنرێنەوە وڵاتی ئاڵمان. هەر هەموو لەو قسانە تووڕە بووین هاوڕێیان هەر کەس لە لای خۆیەوە دەستی دایە ناڕەزایەتی. منیش بە موتەرجمەکەم وت چیت پێ ئەڵێم بۆ ئەو بەڕێزەی تەرجومە بکەوە. وتی باشە. وتم پێ بڵێ ئێمە لە گەڵ گەندەڵی، درۆزنی،

دوورڕوویی، کڵاولەسەرنان، فێڵبازی و...بەرپرسان و حکومەتەکانمان هەڵهاتووین، بەڵام ئەو کارانەی ئێوەش هەر راست لەگەڵ کارەکانی ئەوان فەرقی نیە و لای ئێمە وەک ئەوان دەرچوون. بۆی تەرجومەکردەوە، لە وەڵامدا وتی من تەنیا بەرپرسم ئەوەتان پێ ڕابگەیەنم و بە نیسبەت ئەوەشەوە بەداخەوەم بەڵام ئیستا ئیدی هیچمان لەدەست نایێ.

لە هەمووی ناخۆشتر ئەوە بوو کە کابرای بەرپرسی کەمپ هاتبوو فەروەنگ و کولتوری چۆنیەتی دانیشتن لە سەر توالیتی غەربی و چۆنیەتی خۆخاوێن کردنەوە و چۆنیەتی حەمام کردن و بەکارهێنانی ئەو ئیمکاناتەی بۆ شەرح ئەکردین، موتەرجمیش بۆی تەرجومە ئەکردینەوە. ساسان بە توندی نارەزایەتی دەربڕی و زۆر لەوە تووڕە بوو و بە موتەرجمەکەی وت پێی بڵێ خۆ ئێمە وەحشی نین و لە جەنگەڵەوە نەهاتووین تا ئەو فێری فەروەنگمان بکات. کابراش بە هێمنی وتی لەوانەیە تۆ پێویستت نەبێ، بەڵام ئێمە زۆرمان دیتووە کە پێویستیانە و کێشەی جیدیشمان لەگەڵیان هەبووە. منیش تەنیا پێی پێ دەکەنیم، چونکی بەلامەوە زۆر ئاسایی بوو و بەو ئەفغانیانەی لەو رێگایەدا دیتبووم و بەو رەشانەی دەمبینین، بەو هەموو پیسکارییەی کە ئاژێڵ ئاسا لەو رێگایەدا دەمبینی، دڵنیابووم کە بەو شەرحە عەمەلییەش هەر تێناگەن و عەمەلی پێ ناکەن.

خۆشەکە ئەوە بوو کە کابرا خۆی خەپەیەکی قەڵەو بوو و هەر تواليت غەربييەکی هێنابووە ئەوێ و بە عەمەلی نيشانی ئەدا کە چۆن دادەنيشيە سەری و چۆن کلينيکس بەکار دێنی و چن ئاوی پێدا دەکەی و چۆن خۆت ئەسڕيەوە. کارەکانی زياتر لەوەی بە فێرکاری بچن بە فيلمێکی زۆر کۆمێدی دەچوون. فێری دەکردين کە چۆن بڕۆينە ناو سەف(سڕە)، چۆن خواردن بگرين، چۆن زيادە مەسرەف نەکەين. بەو هەموو ئاموزشەوە، هەر ئەو شەوە جەماعەتێ ئەفغانی لە بەشی ژنەکان چووبوون لە حەمامەکە کاری تواليتيان کردبوو و ئەو ناوە گيرابوو و دوو کەس لە ژنەکانيان کە هيچ تاوانيان نەبوو برد بۆ خاوێن کردنەوەی. بە کورتی سەلماندیان کە هەزار جاريش شەرح بکرێ، هەر ديسان لە گوێ ناگيرێ.

لەوێوە کێشە لە نێوان چۆنيەتی خواردن دەستی پێکرد. شەڕ لە نێوان تەبيعەت و کولتووری خواردنی شەرقی و غەربی. بۆ نمونە رانە مريشکی نيوەڕۆ مابووەوە، لەناو يەخچاڵيان دادەنا و ساردی سارد دەبووەوە و بە ساردی ئێوارە دەياندا بە ئێمە و چاوەڕوانيش بوون بيخۆين. رانە مريشک کە هەر بۆ خۆيشی لە بنەڕەتدا باش نەکوڵابوو و نەبرژابوو و بۆن خاو و ساردی لێ ئەهات. کەسمان پێی نەدەخورا، نە کورد نە فارس، نە ئەفغان و نە عەرەب. ژنەکان ئيدی با بوەستێ هەر کە

دەیانبینی دەستیان بە " یەع..یەع" دەکرد و پەنێر و چای شیرینەکەشیان لەپێش چاو و لەبەر دڵ ئەکەوت و پێ نەدەخورا.

رۆیشتین بە چێشت لێنەرەکان و بەرپرسانی ئاشپەزخانەمان وت کە کولتوری ئێمە لەو کولتورە خواردنەی ئێوە جیاوازە، ئێوەش خواردنەکە هەر درووست ئەکەن، تکایە ئێوارە گەرمی بکەنەوە و هەندێ زیاتریشی تین بدەن و بکوڵێنن با ئێوارە بەناچار خۆتان نەیڕێژن و نەیکەنە ناو سەتڵی زبڵ. لە وەڵامدا وتیان نابێ، ئێوە هاتوونەتە ئێرە و دەبێ لەگەڵ کولتووری خواردنی ئێرە واتە ئاڵمان خۆ بگونجێنن.

هەڵبەت ئەوە هەڵە بوو و ئێمەش هەستمان دەکرد و بە شارەزاییەکی کەم کە لە سەر ئاڵمانمان هەبوو، ئەمانزانی کە پێویستە ئێمە لەگەڵ یاساکانی ئەو وڵاتانەی ئەچینە ناویان، خۆ بگونجێنین، بەڵام پێویست نیە لەگەڵ کولتووری خواردن و خواردنەوەیان بەناچار خۆ بگونجێنین. چونکی ئەو هەموو رێستۆرانە بیانییە لەو وڵاتانە هەیە، ئەو هەموو مارکێتە جۆراوجۆرانە هەیە و بەگشتی مەیدانێکی بەرین لەو وڵاتانە بۆ کولتوورە جۆراوجۆرەکان ئاوالایە.

چەند شەو و رۆژێ لەوێماینەوە. ئەوان بە پێی شارەزاییەک لە کولتووری ئیسلامیی کۆمەڵگاکانی ئێمە

هەیانبوو، شوێنی ئیسراحەتی ژنان و پیاوانیان بە شێوازی ئیسلامی جیاکردبووەوە. واتە جێگای ئێمە پیاوانیان لە ناوەڕاستی هۆڵەکە دانابوو و لە دەورتادەوری هۆڵەکەش شوێنی داخراو و داپۆشراویان بۆ ژنان ئامادە کردبوو.

کابرایەکی ئەفغانمان لەگەڵ بوو کاری سەێر سەێری دەکرد، تەمەنی زیاتر لە چل ساڵ دەبوو. وابزانم پێیان وتبوو خۆی بکاتە شێت بۆ کەیسی ئینتێرڤیو و ئیقامە وەرگرتن، ئاخر زۆر کەس ئەناسین و زۆر کەسمان دیتووە کە بە کەیسی شێتی و خۆشێت کردن و...هەوڵی مانەوەیان لە ئاڵمان داوە و دەدەن. بۆ نمونە مریشکی ئەخوارد، ئێسک و پرووسکەکەشی ئەهاڕی و ئەیخوارد. چایی سەفەری( کیسەیی) ئەخواردەوە و کیسەکەشی ئەخستە دەمی و ئەیخوارد. بە سەعات چاوی ئەبڕییە ناوچاوی خەڵک و بە شێوەیەکی سەێر پێئەکەنی. کوڕەکەی هادی، هێژا چکۆلە کڵاوێکی هەبوو کە نازانم کابرا لە کوێ بە دەستی کەوتبوو، بە زۆر سەری تەپاندبووە ناوی و زۆر شتی دیکە. بەشەر نەیناسیبیا لە گەڵی تووشی شەڕ ئەبوو.

بەهەرحاڵ پاش هەندێ راوێژ و پرسیاری دیکە، بەو ئەنجامە گەییشتین کە ناکرێ لە ئاڵمان بڕۆینە دەر. بەهەرحاڵ لەگەڵ ئەرخەوان بڕیارمان دا بڕۆین بۆ

سەرەوە واتە باکووری ئاڵمان و بۆ هەرێم شاری هامبۆرگ.

بیرم چوو، ئاڵمانتان پێ بناسێنم. هەوڵ ئەدەم هەندێ ئاڵمان و دواتر هەرێم شارە جوانەکەی هامبۆرگتان پێ بناسێنم. "کۆماری فیدراڵی ئاڵمان" کە پێتەختەکەی "بێرلین"ە، بە ٨٢ هەشتاو دوو ملیۆن حەشیمەتەوە پڕحەشیمەتترین وڵاتی ئۆروپایە. ئاڵمانییەکان بە دۆیچلەند ناوی دەبەن و لە جیهانیش دا بە ژێرمەنی ناسراوە.

پانتاییەکەی ٣٥٧,١٦٨ کیلومێتری چوارگۆشەیە.

ئەو وڵاتە لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهانە لە بوارەکانی ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، زانستی، پزیشکی، تێکنۆلۆژی و... وە.

پێشکەوتنی ژیان و خزمەتگوزاری مرۆیی لە ئاڵمان بە پێی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنەکانی بانکی جیهانی بە چەشنێکە کە لە پلەبەندی، ژمارەی بۆ دانەنراوە و تەنیا نووسراوە رادەی پێشکەوتوویی و گەشەسەندنی بواری خزمەتگوزارییە مرۆییەکان ((زۆر بەرزە)). ئەو دەستەواژەیەش بریتییە لە ١_ئاستی تەمەندرێژی بە تەندرووستی تەواوەوە، ٢_دەستڕاگەییشتن بە هەموو بوارەکانی زانست و رادەی بەرز بوونی تێگەییشتن

٣_ ئاستی گونجاوی و شیاویی ژیان بۆ تاکی هاوڵاتی ئاڵمان.

کۆماری فیدراڵی ئاڵمان کۆمارێکی دیمۆکراتیکی پارلەمانییە و ١٦ هەرێمی هەیە. شارەکانی بێرلین، هامبۆرگ، مونیخ و فرانکفۆرت گەورەترین شارەکانی ئاڵمانن.

ئاڵمان یەکێ لە گەورەترین وڵاتانی پیشەسازی و تێکنۆلۆژیکی جیهانە و وەکوو دەوڵەمەندترین وڵاتی ئۆروپا، بە مەکینە(مۆتۆری) ئابووری ناوچەی دراوی یۆرۆ دادەنرێ. ئەگەرچی لە دوو شەڕی جیهانی دا دەروی باڵای هەبوو و وڵاتەکەی خاپوور کرا، بەڵام بەو قەرزانەی لە وڵاتانی هاوپەیمان وەریگرت، توانی لە ماوەیەکی کورتدا و بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو و سەرسووڕهێنەر، هەستێتەوە و خۆی ببووژێنێتەوە و لە ماوەی ١٠ ساڵ دا ببێتە یەکێ لە ١٠ وڵاتە بەرهەم هێنەر و هەناردەکەرەکەی کاڵا لە جیهاندا.

ئێستاش لە ئەندامانی گرینگی ناتۆ، گرووپی هەشت ۆ گرووپی پێنجە و لە وڵاتانی کاریگەری دامەزرێنەر و پەرەپێدەر و ئێستاش راگری یەکییەتی ئۆروپایە.

گەورەترین ویلایەت بایرن یان باواریا و بچووکترینی برێمنە و هەرێم شاری هامبۆرگ زیاترین نەتەوە واتە لە ١٨٠ نەتەوەی لەخۆ گرتووە.

بەهەرحاڵ ئەمە تەنیا کورتەیەک بوو لە وڵاتی ئاڵمان و حەز ئەکەم بە کورتی هەرێم شاری هامبۆرگیشتان پێ بناسێنم. هەرێم شار یانێ شارێکە کە بەتەنیا خۆی هەرێمێکە.

هامبۆرگ شارێکە لە باکووری ئاڵمان. ٧٥٥ کیلومەتری چوارکۆشەیە و ئەمسەر تا ئەو سەری شارەکە ١٥٥ کیلومێترە. ئەو شارە ٢٥ کیلومەتری چوارگۆشەی لە شاری تاران زیاترە و بەو حاڵەشەوە نزیک بە ١٣ ملیون حەشیمەتی لە تاران کەمترە. واتە شارێکی پڕ لە پارک و دارستان و سەوزەڵانی و رووباری دەستکردی ئاو بە شێوەی وینیزی ئیتالیا بەناو گەڕەکەکاندا.

دووهەمین شاری گەورەی ئاڵمان و هەشتەمین شاری گەورەی یەکییەتی ئۆروپایە. شارێکی هەمیشە تەڕ، باراناوی، هەمیشە سەوز. شارێکی بەندەریی لە سە رووباری ئێلبە کە ئەو رووبارە بە ناوەڕاستی شارەکەدا تێدەپەڕێ. پاش ئانتورپ و رۆتێردام سێهەمین بەندەری گەورەی ئۆروپای هەیە و پێی دەڵێن دەروازەی جیهان و دەروازەی ئۆروپا. لە بەندەری هامبۆرگ زیاتر لە ١٥٠ هەزار کەس کار دەکەن.

هامبۆرگ نزیک بە دوو ملیۆن کەسی تێدا دەژیێ و وەک ئاماژەم پێدا لە ١٨٠ نەتەوەی لەخۆ گرتووە و بە

شارێکی لیبراڵ ناسراوە. راسیسم و رەگەزپەرستی لە هامبۆرگ لە هەموو هەرێم و شارەکانی دیکەی ئاڵمان کەمڕەنگترە و خەڵکەکەی بەوە ناسراون کە شاد و رووگەش و دڵخۆشن.

شارێکە پڕە لە موزە، هۆڵێ تێئاتر و شانۆ، باڕ و دیسکۆ و کافتێریا.

هامبۆرگ هەروەها لە گەورەترین شارە پیشەسازی و بازرگانییەکانی ئاڵمانە کە زیاتر لە ٨٨٪ی خەڵکی ئەو شارە لە ١٢٠هەزار کۆمپانیا لە شارەکەیاندا کار دەکەن.

بێجگە لەوەش شارێکی کولتوورییە و بە پێتەختی کولتووریی باکوور و ناوەڕاستی ئاڵمان ناسراوە، هەر بۆیە تانیا لە بەشی مێدیایی و راگەیاندنی ئەو شارە زیاتر لە ٧٠هەزار کەس کار دەکەن.

مێژووی ئەو شارە پڕی بەسەرهاتە، بۆ نمونە ئەو شارە لە سەدەی ١١ دا لە لایەن پاشای پۆڵەندا(لهستان)ەوە ئاگردرا و بەتەواوی سووتێنرا. لە سەدەی شانزدەدا و لە شۆڕشی رێفۆرماسیۆنی ئایینی ئۆرووپا و پرۆتستانەکانا باوشی بۆ شۆڕشگێڕان کردەوە و زۆرێ لە هەڵاتووەکانی دەستی کلیسای کاتولیک و ئۆرتۆدۆکسی هۆڵەند و فەرانسەی پەنا دا.

لە سەدەی شانزدەم دا ئەو شارە لە ژێر کۆنترۆڵی دانمارکا بوو. لە سەدەی نۆزدەهەمیش دا لە لایەن ناپلێئۆنەوە داگیرکرا. دوای وێرانکاریی شەڕی جیهانی دووهەم لە ئاڵمان، هامبۆرگ تەنیا شارێک بوو کە توانی ببێتەوە بە شارێکی بەتەواو مانای شار لەو وڵاتە.

ئەو شارە خاوەنی ٥٤ نەخۆشخانەی گەورەیە بە ١٢٦٠٠ تەختەوە(قەرەوێڵە). ناو شارەکەی بێجگە لە چەندین خەتی قەتار کە تەواوی شار دەگرێتەوە، زیاتر لە ١٥٠٠ ئۆتۆبوسی هەیە کە تەواوی شەو و رۆژ ئامادەی گواستنەوەی خەڵکن.

بە کورتییەکەی گەرچی ژیان لە ئاڵمان یەکێ لە خەونەکانی سەردەمی مێرمناڵی و قۆناغی پێگەییشتنم بوو، بەڵام ئامانجی ئەم سەفەرەم نەبوو. درۆتان عەرز نەکەم، هۆکارەکان بۆ رۆیشتن بەرەو سکاندیناوی دوو شت بوون، یەکەم چاولێکەری و دووهەم بوونی زۆرێ لە رەفێقەکانی پێشمەرگایەتی و حیزبایەتیم لەو وڵاتانە و هەر ئەوەش وای کردبوو ئاڵمان ببێتە پلان C واتە پلانی سێهەمم.

بەڵام بە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی زیاتر و ناسینی زیاتر و پرس و ڕا بە رەفێق و ناسیاوی ناو ئاڵمانم و هەروەها هەڵسوکەوت و ئاستی شەخسییەتی نەتەوەیی

و شارۆمەندی و هەروەها کۆمەڵە خاڵێکی دیکە لەو وڵاتە و لە هەمووی گرینگتر ئاستی ئیمکاناتی ژیان و کەشوهەوای نزیک لە ژینگەی پێشووتری خۆمان، وای لێکردم دڵم بکەوێتە سەر ئاڵمان و لە ماوەیەکی کورتا ئێحساساتی ناخۆش و جەوی ترش و تاڵی خۆمان رەواندەوە و پاش رەوینەوەی تەمومژەکان پلانمان دانا، چی بکەین و بەرەو کوێ بڕۆین؟

بێجگە لەوەی هامبۆرگم هەر لە زووەوە کەیف پێ دەهات، بەڵام پاش راوێژ و گفتوگۆ لەگەڵ دۆستان، "هامبۆرگ"مان وەک شاری داهاتووی ژیان و خەونەکانمان هەڵبژارد. لە بەشی پێشوو زۆرم شەرح و شرۆڤەی هامبۆرگ کرد، لە درێژەش دا و لەگەڵ هەنگاوەکانی دیکەمان زیاتر ئەو شارە ئەناسن.

بڕیارمان دا بەرەو هامبۆرگ بڕۆین. بەپەلەش بووین لە زووتر رۆیشتن و زووتر مۆنشێن و هەرێمی بایرێن جێ هێشتن. ئاخر بەشی باشووری ئاڵمان، لەوانە مۆنشێن بەوە ناسراون کە زۆریان رق لە خەڵکی بیانی و بەتایبەت ئازیۆل، واتە پەنابەرە.

لە گەڵ بەرپرسایەتی کەمپەکە قسەمان کرد، وتیان زۆر ئاساییە، ئەتوانن بڕۆن، ئێمەش چاوپۆشیی لێ ئەکەین، بەڵام دەبێ زووبن، ئەگینا لەوانەیە پاش یەک هەفتە لێرە دابەش و جێگیر بکرێن. چی بکەین و چی

نەکەین، هەڵسەنگاندنێکمان لای خۆمان کرد، من و ئەرخەوان خۆمان یەکلا کردەوە بەرەو هامبۆرگ بکەوینەڕێ. جەماعەتی دیکەی گرووپەکەمان، ساسان و دیمەن و ماڵی ئۆمید پێکەوە بڕیاریان دابوو بەرەو فرانکفۆرت بڕۆن. هێمنیش هێشتا ساغ نەببووەوە، هوشیاریش ئەیگوت هەر لەم شارۆچکەیە دەمێنمەوە و هادی و ئەژینیش لەو ناوەدا مابوونەوە. هادی هاتە لام و وتی ئێوە بڕیارتان داوە بڕۆن؟

وتم بەڵێ، ئەوە ئیستا تاکسی بانگ ئەکەم بمانباتە ناوشاری مۆنشێن بۆ بلیت کڕین. وتی سەبرێ بگرن با ئێمەش بڕیاری خۆمان بدەین، لەوانەیە لەگەڵ ئێوە بین. وتمان باشە، چاوەڕێ دەبین.

نیشتمانی خوشکی تەلەفۆنی کرد و وتی تکایە هەرچیت کردووە هادیش رازی بکە و لەگەڵ خۆی ببن، پێمخۆشە لەگەڵ ئێوە بن. وتم ناکرێ من ئەوەی پێ بڵێم و ناشتوانم زۆری لێ بکەم، بەس من هەندێکیتر چاوەڕێی دەبم و ئەگەر پێیت باشە لەگەڵ ئێمە بێ، بۆ خۆت قسەی لەگەڵ بکە.

هادیش چووبوو و بە ئەژینی وتبوو کە لەگەڵ ئەو ژنانە ئاسوودەی یان لەگەڵ براژن؟ مەبەستی ئەرخەوان بوو، ئەژینیش بە حوکمی بەسەرهاتەکانی رێگامان و

جیاوازییە کولتوورییەکانی لەگەڵ ئەوان، وتبووی وەڵا لە گەڵ براژن ئاسوودەترم.

هادی هاتەوە و وتی کاکە ئێمەش دێین، منیش پێمخۆش بوو، چوونکی هیچ نەبێ ژنەکەی لەو غەریبییەدا لەگەڵ ئەرخەوان هاودەم و سەبوورییەک دەبوون بۆ یەک. بە ژووری بەڕێوەبەریی و چاودێریی کەمپەکەمان راگەیاند کە پێویستیمان بە تاکسییەکە، تەلەفۆن کرا و تاکسی هات. ماڵاواییمان لەوانی دیکە کرد و کەوتینەڕێ.

چووینە نووسینگەی سەفەر و هاتوچو و چوومەژووریێ ژنێک و پیاوێ دانیشتبوون، شانسەکەی من کابرایەکی ناوچاو تاڵی لێ بوو. بە ئینگلیزی قسەم لەگەڵ کرد، کابرا زۆر راسیست بوو، ئەیگوت تەنیا دۆیچ، واتە بەس بە ئاڵمانی. ئەمگوت تازە هاتوومە ئێرە، ئاڵمانی نازانم. ئەوانەی دێنە ئاڵمان، لە بەشی باشوور و ناوەڕاستی ئاڵمان تووشی ئەم جۆرە مرۆڤانە زۆر ئەبن. بەهەرحاڵ نەفەری دیکەم لە پشت سەر بوو، کابرا هەر ئەیگوت بە من تەنیا بە ئاڵمانی و ئینگلیزی نازانم. من بە ناچار بەجێم هێشت و چوومە سڕەی ئەوڵا و چوومە لای ژنەکە، زۆر بەڕێزەوە هەڵسوکەوتی کرد و بلیتەکانمان کڕی و کەوتینەڕێ بەرەو هامبۆرگ.

لەبەر ئەوەی ئەمانزانی هامبۆرگ دووره و بە ئۆتۆبوس و قەتاری عادی دە بۆ دوازدە سەعاتمان پێ ئەچێ و دەبێ چەندین جاریش قەتار بگۆڕین، راست قەتاری جێت، واتە خێرا(سریع الاسیر)مان هەڵبژارد کە بەس یەک گۆڕینی هەبوو. یەکەمجار بوو سواری قەتاری جێت واتە خێرا بین. حاڵ و هەوایەکی تایبەتی هەبوو. خێراییەکەی زۆر بوو، لە سەر مۆنیتۆرەکەی پێش چاومانەوە ئاستی خێراییەکەی نیشان ئەدا. بەشی زۆری ئەو رێگایەی بە ٢٠٠ کم لە سەعات دا بڕی. ناوچەی مۆنشێن(میونیخ) یەک لە ناوچە خۆشەکانی ئاڵمانە. بەشی زۆری چیاو دارستانی ئاڵمان کەوتووەتە ئەو ناوچەیە.

لە ناو رێگادا وردە وردە لە گەڵ ئەوەی دا کە خەومان ئەهات، برسیشمان بوو، قەتاری جێتیش زۆر تایبەتە، بۆ خۆی رێستۆرانت و کافتریاو شتی تێدایە. ئەرخەوان وەک وتم رێگاو ناخۆشی و سەفەری وای نەدیبوو، هەمیشە پاپۆڕەکەی نوقمی بەحری خەیاڵات و بیرکردنەوە لەو گێژاوە گۆڕانکارییە سەیرە بوو کە تێی کەوتبوو. تەقریبەن بە زۆر هەڵمساند و وتم با بڕۆین شتێ بخۆین. رۆیشتینە رێستۆرانەکەی، مێنۆمان چاو لێکرد و هەرچی گەڕاین خواردنی بە دڵی خۆمان تێدا نەبینی، هەموو خواردنی غەربی بوو، خواردنی شەرقیمان دەست نەکەوت. بە ناچار پێکەوە بڕیارمان

لەسەر خواردنێ دا کە پێمان گونجاوتر بوو. بەڵام کە هێنایان بە قسەی ئەرخەوان ، زۆر بێ زەڵەت بوو، یەع یەعێکی کردو کشایەوە. بەڵام من لە رەوتی پڕ هەوراز و نشێوی ژیانما راهاتبووم کە لە بەرد نەرمتر نووشی گیان بکەم و قانیع بم. بەڵام ئەرخەوان خان وانەبوو، یەکێ لە کێشە سەرەکییەکانی رێگاکەمان تێکچوونی خواردن و تەندرووستی بوو. ئەوەش تەنیا تایبەت نەبوو بە ئێمە، بەڵکوو هەموو بە دەستیەوە ئەیاننالاند.

ئەو شەوەم لە سەفەرەکەمانا پێ خۆش بوو، لە کاتی راسپاردنی خواردنەکەدا بە گارسۆنەکەم وت بۆ خواردنەوەش بیرەیەکم بۆ بێنە. گارسۆنەکەش دیار بوو لەو رەگەزپەرستانە بوو. ئەیزانی پەنابەرین، بە سەرو پرچ و جل و بەرگمانا هێشتا دیار بوو. بەچاولێکردنی پڕ لە بۆغز و مۆڕەی دا دیار بوو کە لە دڵەوە پێ خۆش بوو بمگرێ و هەر لەو خێراییە ۲۰۰کم لە سەعاتەی قەتارەکەیاندا، لە دەرکەیەکەوە فڕێم داتە دەرێ. ئاخر ناهەقی نەبوو، باشترین قەتاری جێت سوار ببووین، چووبووینە رێستۆرانەکەی و داوای خۆشترین خواردنمان لێکردبوو و لەوەش خۆشتر پێشم وتبوو دوو بیرەشم بۆ بێنە و دوو جاریش بانگم کرد و پێم وت ئەرێ چی بوو بۆ هێندە درەنگ کەوتن!؟

ئاخر ئەوان وائەزانن هەرچی ماندوویەتی ئەکێشن و کار ئەکەن، پەنابەر ئەیخوات. ئەوە لە حاڵێکدایە کە خودی ئێرکل ساڵی ٢٠١٦ لە وەڵامی رەگەزپەرستەکانا وتی، پەنابەران کە هاتوون لەگەڵ خۆیان خێرو بێریان هێناوە، بە هاتنیان ئابووری ئاڵمان گەشاوەتەوە. ئامارەکانیش نیشان ئەدەن کە رێژە و رادەی کارکردن و باج دان لە ناو پەنابەراندا زۆر زیاترە لە خودی خەڵکی ئاڵمان.

گارسۆن خەریک بوو شەقی دەبرد، ئەرخەوان بێزار و ماندوو و برسی وخەواڵوو و منیش ئەتگوت لە کافتریای کەناراوەکانی ئانتالیا دانیشتووم، خۆش لێم دەخوارد و بیرەم بەسەردا ئەکرد. ئەوە قەتاری جێتیش هەر بە خێرایی ٢٠٠ دەڕوا بەرەو هامبۆرگ.

وابزانم ٦ ساعەتێکمان پێ چوو، لەبیرمە گەییشتینە هامبۆرگ سەعات ٣ و شتێک بوو. لە وێستگەیەکی نزیک هاوپت بانهۆف واتە وێستگەی ناوەندی قەتاری هامبۆرگ دابەزین. هەر لەگەڵ دابەزین ئاڵمان کۆمەڵە هێزێکی یارمەتیدەری دانابوو لە وێستگە گرینگەکان بۆ رێنوێنی و یارمەتیدانی پەنابەران. ئەو قەتارەش تەنیا ئێمەی تێدا نەبووین، بەڵکوو پەنابەری کورد و عەرەبی سوریەیی و عیراقی زۆری تێدا بوو.

ڕێنوێنەکان هاتن، من و هادی جگەرەمان هەڵکردبوو، ماڵی ئاوا هادیش هەر جگەرەی دەردێنا، خێرا جگەرەیەکیشی بە من ئەدا و ئەیگوت ها کاک هوشیار جگەرەیەک بکێشە. جەماعەت بە هەڵات هەڵات هاتن بەرەوڕوومان، بیکوژێننەوە بیکوژێننەوە، ئێمە پەلەپەل جگەرەمان کوژاندەوە، وامان زانی خەریکین بەنزینخانە ئاگر ئەدەین! وتیان لێرە، قەدەغەیە جگەرە بکێشن. بەڵام ئەو شوێنەی ئێمە جگەرەمان لێ هەڵکردبوو، دوایی زانیمان کە قەدەغە نەبوو، چوونکی جگەرەکێشان لە شوێنە سەرداخراوەکان قەدەغەیە و دیارە ئەوانیش تازەهاتوو بوون و ئەودەم نەیانزانیبوو.

بەهەرحاڵ بردمانیانە نزیک وێستگەیەکی یارمەتیدان و لەوێ خواردن و خواردنەوەی سەرپاییان پێداین. دیسان براینەوە شوێنێک کە وەک هۆڵێک بوو، ئەوێ شوێنی حەوانەوەی کاتیی پەنابەران بوو. ئێمە وامان ئەزانی لەوێ ناهێڵن بجووڵێین، ئاخر دەبووا ئێمە بڕۆین بۆ برێمن، هەرێم شارێکی دیکەی باکووری ئاڵمان. بە تەجرۆبە دۆستان دەیانگوت ئەگەر بڕۆنە برێمن ٩٠٪ لە دابەشکردن دا دەکەونەوە هامبۆرگ، بەڵام لە هامبۆرگ خۆ تەسلیم کەن، لەوانەیە بدرێنە هەرێمەکانی دیکە، کە دوایی دیتمان واش دەرچوو.

ئەو شەوە لەوێ ئیستراحەتمان کرد، دایک و کچۆڵەیەکی سلێمانەییشمان لەگەڵ بوو کە بەتەنیا بوون و ئەو شەوە هاتنە ریزی ئیمە خەوتن. نیوەشەو چاومان چووبووە خەو کە بە دەنگی قاقای پێکەنینی کچۆڵەکەوە بەخەبەر هاتین. کچۆڵەکە ١٠ساڵ دەبوو. سەرەتا وامان زانی شێت بووە، قاقای پێکەنینی ئەو ناوەی تەنیبووەوە، ئاخر هەر هەموو ماندوو بووین و لە شەکەتیدا خەوتبووین. دایکیشی هەر دەیگوت کچێ وسبە، کچێ سەرت لە قوڕێ نێی وس بە، کچێ حەیامان چوو، کچێش هەر بەو ئاهەنگە خۆشەی خۆی ئەتریقایەوە و قاقکەی بەرزتر ئەکردەوە. ئاخری هەستام پرسیم لە دایکی، ئەرێ ئەوە چیە، بۆ وادەکات؟!

وتی کوڕە هەردووکمان نووستبووین، ئەم سەربەقوڕە بە دەم خەوەوە هەتا هێزی تێیابوو یەک پشتەدەستی کێشا بە ناودەم و چاوی منا و منیش وەک شێت راچڵەکام، جا ئەوە خەریکە بەو کەتنەی خۆی و راچڵەکانەکەی من پێ ئەکەنێ.

ئێمەش هەندێ لەگەڵیان پێکەنین و سەرمان نایەوە، کچۆڵە بەیانیش هەر پێدەکەنی.

بەیانی شتێکمان خوارد و خۆمان سازکرد بۆ رۆیشتن. کوڕە فارسێ کە دیار بوو ئەویش پەنابەر بوو، بەڵام

خۆی لە کچە کارمەندەکانی یۆئێن لەو بنکەیە خۆش کردبوو. کچەکان هەم زۆر رووخۆش بوون و هەم جوان. بۆیە لەوێ مابووەوە و دیاربوو بەم حاڵە حاڵە بەتەمای رۆیشتن نەبوو. کەوتە تەک ئێمە و بردمانیە گاراژی ئۆتۆبوسەکان تا لەوێ بەرەو برێمن بەڕێکەوین.

هاوڕێیەکی رۆژئاواییم لە برێمن بوو بە ناوی"ئازاد"، ئەو خەڵکی شاری قامیشلو بوو و ماوەی دوو ساڵ لە باشوور پێکەوە بووین و ماوەی ساڵێکیش ئەبوو کە هاتبووە ئاڵمان و لە هەرێم شاری برێمن نیشتەجێ ببوو. لەگەڵ ئازاد لە پێوەندی دا بووین. کورد وتەنی خواهەڵناگرێ هەم خۆی و هەم "نازێ" خاتوونی هاوژینی خۆیان لە حەنامان دا پێ خاوەن ماڵ نەبوو.

تەلەفۆنم بۆ کرد و وابزانم لەسەر کاریش بوو، وتی هەر کە گەییشتن ئاگادارم بکەنەوە، لەو شوێنەی دادەبەزن، بۆخۆم دێمە شوێنتانا.

بلیتمان بڕی، گیریان پێ دابووین کە ئەو مناڵە"هێژا"ی یازدە مانگە، دەبێ کورسی تایبەتی بۆ بکڕن یان پارەکەی بدەن، ئەگینا ئاوا نابێ سوار بێ، ئەوە یاسای لەکۆڵ خۆکردنەوە و پارەبەردانەوە بوو و هیچیتر. پارەی نەفەرێکیان بۆ ئەویش لێ ستاندین، کورسیمان هەروا بە چۆڵی دانابوو و هێژا لای دایکی بوو.

که بەرەو برێمن دەڕۆیشتین و بە ناوشاری هامبۆرگدا تێدەپەڕین، ئەو شارە جوان و بەشکۆیەمان دەبینی ئەرخەوان لە رۆیشتن بۆ برێمن خەریک بوو پەشیمان دەبووەوە، ئەیگوت ئاخر چۆن دەبێ ئەو شارە خۆشە بەجێ بێڵین، ئەی ئەگەر هاتوو نەمانتوانی بیبینەوە!

بەرحاڵ پاش دوو سەعات و نیوێ گەییشتینە برێمن و زۆری پێ نەچوو کە هاوڕێ ئازاد هات بەپیریمانەوە، بە کۆڵەپشتییەکەیدا دیار بوو کە راست لەسەر کارەوە هاتبوو. پێک شاد بووین و من کە پاش زیاتر لە ساڵێ نەمدیتبوو، بە دیداری زۆر دڵخۆش بووم.

راستەکەی ئەو کوڕە و زۆرێ لەو دۆستە رۆژئاواییانەی دیکەم کە لە باشوور ناسیبوونم، لە باشترین هاوڕێیەکانم بوون.

زۆربەی لاوانی رۆژئاوا زانیاری و وشیاریی باشیان لەسەر بواری نیشتمانی و نەتەوەیی پارچەکانی دیکەی کوردستان هەبوو، زۆرێ لەوان هۆگری هونەر بەگشتی و موسیقا و ئەدەبیات بەتایبەتی بوون بەشەر ئەیتوانی زوو لەگەڵیان تێکەڵ ببێ و ببێتە هاوڕێ و هاودەم و لە دۆستییان چێژ وەرگرێ. هاوڕێ ئازاد لە هەولێر جگەرەی زۆر کەم دەکێشا، بەڵام لەوێ وتی توتن و پەڕی دەرهێنا و وتی با جگەرەیەک بپێچم و بڕۆین. بە دەم قسەکردنەوە سەروجگەرەی پێچا و

سواری شتغاسێن بان، واتە وەک ئۆتۆبوسی کارەبایی بووین و رۆیشتین، زۆری پێ نەچوو گەییشتینەجێ.

شوێنی ماڵەکەیان خۆش بوو، دەرکەی کردەوە، چووینەسەر، ئاخر لە تەبەقەی یەک بوون.

نازێ خاتوون هاتە پیریمانەوە، ئەو بەڕاستی ژنێکی تایبەتە، ئەتوانی بڵێی خانمێ، خاتوونێکی خانەدان، دەسو دڵ و دەموچاو کراوە، خۆش روو و خۆش زمان و بەگشتی هەرچی لە خانمیی نازێ خان بڵێی هێشتا کەمە، خوشکانە پێشوازی لە هەموومان کرد. بە چەشنێ کە ئەتوانم بڵێم ماندوویەتی رێگا پڕ ئازار و مەینەتییەکەمان حەسایەوە و بەگشتی هەڵسوکەوتی وەک وتم بەچەشنێ بوو کە هیچکام خۆ بە غەریبە نەزانین.

لەوانەیە بزانن، پاش بڕینی رێگایەکی ناخۆشی نامۆی پڕلە ماندوویەتی، گەییشتنە ماڵێ و حەسانەوەیەک و خواردنێکی خۆش هیوایەکی زۆر گەورە نیە، بەڵام زۆر بەنرخ و حەسێنەر و دڵخۆشکەرە. ئێمە ئەو چرکەساتانەمان وابوو. گەرچی کاک ئازادم باش ئەناسی و لە تایبەتمەندییە جوانەکانی دڵنیا بووم، بەڵام نازێ خاتوونم نەدەناسی، گەرچی ئەمزانی کە نەوەی سەیدای "تیرێژ"ی رۆژئاوا بوون و سەیدای تیرێژیش

پیاوێکی ناودار و شاعێرێکی گەورەی رۆژئاوی کوردستان و موفتییەکی ناوداری هەموو سوریە بوو.

حەمامیان گەرم کردبوو، ئاوێکمان بە خۆدا کرد و هەناسە و پشوویەکمان هاتەوەبەر. بەڵام پێش ئەوە شتێ خۆش روویدا، دیارە من زووتر چووم و پاو گۆرەوێم شووشت، هادی کەمێ دواکەوت. هەر من هاتمەوە، ئەرخەوان تاقەتی نەهێنا و وەستا پەنجەرەکەی کردەوە، بارانیش ئەباری و زۆر سارد بوو و هادی دیار بوو سەرمای بوو، وتی توخوا براژن پەنجەرەکە ببەستە زۆر ساردە. ئەرخەوانیش ئیدی تاقەتی نەهێنا و وتی دەباشە کاک هادی بەخوا گۆرەوێیەکانت زۆر بۆنیان دێ، دەهەستە تۆش ئەو گۆرەوێیانەت بشۆ.

هادیش وتی: نەوەللە براژن کوا گۆرەوێ من بۆنی دێ، ئەوە بۆنی برینجەکەیە. ئەرخەوانیش وتی: دەبەسە کاک هادی، برینجی چی و شتی چی! زۆرم حەز لە برینجە توخوا لە پێش چاومی مەخە. بە هەرحاڵ هەر هەموومان هەندێ پێکەنین و هادیش هەستا و چوو گۆرەوێ شووشتن و دیتمان ئەو بۆن برینجەی ئەو باسی دەکرد بە گۆرەوێیەکانی ئەوەوە رۆیشت.

کاک ئازاد و نازێ خان دوو کچۆڵەی جوان و ژیریان هەبوو کە لەو ماوەیەدا لە ئاڵمان بوون بە باشی فێری ئەو زمانە قورسە ئاڵمانییە ببوون و لە تەلەوزیۆن بەس

چاویان لە بەرنامەی ئاڵمانی ئەکرد. ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام ئەوە بوو کە کاک ئازاد لەبەر ئەوەی منداڵەکانی کوردی بەباشی فێرببن و لەبیری نەکەن، لەماڵ دا قسەکردن بە ئاڵمانی لە نێوان خۆیانی قەدەغە کردبوو. منداڵەکان جوان بە کوردی قسەیان ئەکرد و وابزانم قوتابخانەی زمانی کوردیشی بۆ دیتبوونەوە و ناردبوونیە کۆرسی زمانی کوردی.

نازێ خان کابانی چاکە، ئەو ئێوارەیە چاک خۆی ماندوو کردبوو. خوانێکی گەرم و گوڕ و بەتام و چێژی بۆ حازر کردبووین. خوانێ کە تەنیا ئازیز بۆ ئازیزی ڕێک دەخات. کە درگای ژووری دانیشتنیان ئەکردەوە، بۆن و بەرامەی خواردن ئەو ناوەی ئەتەنییەوە. دوو خاتوونی ئاڵمانیش لەوێ بوون، ئەوان بۆ کاری پێوەندیدار بە منداڵەکانوە هاتبوون. بەڵام وابزانم بۆن و بەرامەی خواردن، ئەوانیشی مەحسوور کردبوو، بۆیە وادیار بوو خۆیان خافڵاند و کاک ئازاد و نازێ خانیش بە خوڵک و خۆی گەرم نەیانهێشت بڕۆن و لە سەر مێزی خواردن لەگەڵ ئێمەیان کۆکردنەوە.

ئاڵمانییەکان و بەگشتی غەربییەکان زۆر خواردنی خۆشیان نیە. ئەگەر لە بەرامبەر کوڵتووری خواردنی شەرقییان دابنێی، هەر زۆر هەژار و کۆڵەوارن. کە

خواردنی شەرقی بنێیتە بەردەستاین، خۆیانی پێ ئەکوژن. من زۆرم دیتوون. مامۆستایەکمان بوو کە خواردنی نیوەڕۆیان یان ئێوارانی دوو پارچە سەمۆن ، نانی تۆست و پارچە پەنێرێک بوو. کە دەشیخوارد، هەستت ئەکرد داخۆ چی دەخوا، لەسەر خوانی هەفت ڕەنگ دانیشتووە. بەڵام ماوەیەک ڕێستۆرانێکی شەرقی لەلایەن قوتابخانەوە تایبەت کرابوو پێمان، بڕوا بکەن قاپێکی هەبوو هێندەی خوانچە(سینی)یەک دەبوو، هێندەی تێدەکرد کە جێی نەدەما. بەهەرحاڵ خواردنە خۆشەکەی نازێ خان تازیەی مێعدەمانی لە ٩ رۆژی رێگامان شکاند.

ئەو شەوە زۆرمان قسە لە سەر کولتوور و ژیان لە ئاڵمان و پەنابەری و تێکەڵاوی لەگەڵ خەڵکی ئەو وڵاتە کرد. کاک ئازاد ئەو شەوە کاک شەهریار نەقشبەندیشی بانگ کرد بۆ لامان. کاک شەهریاریش کوڕێکی زۆر باشە. راوێژی باشی پێداین و گفتوگۆیەکی خۆشمان کرد.

بە هەرحاڵ بەسەرچوو شەو و کاتی خەوتن هات و قەرار وابوو سبەی کاک ئازاد بمانبات و بە ئێدارەی کۆچبەران(ئیمیگرەیشێن)مان بناسێنێ.

سبەی هەستاین و رۆیشتین بۆ ئیمیگرەیشێن. ئەوێ پڕ بوو لە خەڵک. زۆری پێ چوو تا نۆبەمان هات.

ماڵاواییمان لە کاک ئازاد کرد و خۆمان ناساند بەوێ. بەڵام هەر لەوێ کاغەزیان پێ داین و وتیان بڕۆن بۆ هامبۆرگ هاربۆرگ. چووینە بانهۆف(تێرمیناڵی) برێمن و لەوێ کۆمەڵە کەسێکی خۆبەخش لە لایەن حکومەتەوە راسپێردرابوون کە یارمەتی پەنابەران بدەن. بە رێنوێنی ئەوان بلیتیان بۆ بڕین و بە قەتار بەڕێیان کردین بۆ هامبۆرگ هاربۆرگ، واتە یەکەم گەڕەکی دەروازەی شاری هامبۆرگ لە سەر رێگای برێمن.

چووینە ئەوێ وامان زانی هەموو ناخۆشی و سەختییەکان کۆتایی پێ هاتووە. بەڵام ئەوێ دەروازە و ناوەندی وەرگرتنی پەنابەرانی هەرێم شاری هامبۆرگ بوو. بینا(ساختمانێ)کی چەند نهۆمی کە پێشتر نەخۆشخانە بوو و خرابووە خزمەت ئیدارەی کۆچبەرانەوە و پڕپڕ بوو لە پەنابەری تازەهاتوو پێمان وابوو ئیدی هەموو شتێ بە دڵی ئێمە ئەڕوا، لە قەتارەکە دابەزین، کەلوپەلەکانمان هەڵگرت و کۆمەڵە پۆلیسێ لەوێ وەستابوون، دیار بوو کاریان رێنوێنی ئەو پەنابەرە تازە هاتووانە بوو. لێمان پرسین کە ئەو ئەدرەسەمان گەرەکە، وتیان ئەو خەڵکە ئەبینن، ئا لەگەڵ ئەوان بڕۆن. ملی رێگامان گرت تا لە بانهۆفەکەی هاربۆرگ چووینەدەرێ. لەوێ ساختمانێکی چەند نهۆمیمان بینی و شلۆغایی و

قەرەباڵغییەک، بە هەناسەساردیەوە وتم ئەوە خۆیتی و لە ناخی دڵیشەوە هیوام دەخواست هەڵە بم.

خۆمان گەیاندێ، پڕی فارس و کورد و عەرەب بوو، دیتمان چەند کەسێ بە فارسی پێکەوە قسە ئەکەن، لە یەکێکمان پرسی تازە هاتووین، لە کوێ خۆ بناسێنین؟ وتی بڕۆنە ئەوێ، لەوێ هەم ناونووسی ئەکەن و هەمیش دوای ناونووسی دەبێ بڕۆن و ئا لەو ئەنبارە پەتو(بەتانی) و پێخەف و شت وەربگرن! وتم چۆن مەگەر لێرە زوو نامانگوازنەوە؟! وتی بەشێکی بەستراوەتەوە بە زیرەکی خۆتانەوە بەڵام هێندە زووش نا، نەفەر هەیە هەفتەیەک، هەیە مانگێ و هەشە زۆر زیاتر لێرە ماوەتەوە!!!

جێگای چی، ئەو هەموو خەڵکە لەو ناو هۆل و راهڕەو(مەمەڕ) و بەر درگاو شتانەدا دانیشتبوون، پەتویان راخستبوو، خۆیان پان کردبووەوە، لە لایەک چای و لە لایەک نانەڕەقە و لە لایەک چێشت و خواردنی ساردەوەبوو لەناو زەرفی سەفەری(یەکبار مەسرەف)دا لە تەنێشتیان دانرابوو. بەگشتی دۆخەکە بێزارکەر و دڵتەنگ کەر بوو.

ئەوانم لە شوێنێ دانا و وتم هادی تۆ لای ئەوان بە با من ئەو کاغەزانە لە نۆبە دانێم بۆ ناونووسی. شوێنی نۆبەش قەرەباڵغ بوو، بەڵام کاغەزەکانم خستە نۆبەوە.

تاوێکی پێ چوو بانگیان کردین، یەکێ کارتێکی سپییان بۆ دروست کردین و پرێسیان کرد و پێیان داین.

چوومەوە لای ئەوان دیتم ورەیان هەر بە یەکجاری داڕوخاوە، مشەوەش و پەرێشانتر دیارن، وتم چی بووە!؟ هادی بە بێزارییەوە سەرێکی بادا و وتی برا مەپرسە هەر تێداچووین، ئەرخەوان و ئەژینیش نێوچاوانیان وەک بەرخی گورگ دیتوو تۆقیبوو! وتم باشە بڵێن چی بووە؟ زانیاری تازەتان چی هەیە؟! ئاخر زانیاری بەچرکە و خێرا دەهات و هەزاریشیان فلسێکی نەدێنا، چوون زۆربەیان درۆ و دەنگۆ بوون. هەر کامەیان لای خۆیەوە باسی کوڕێکی سلێمانەییان ئەکرد کە هاتووەتە لایان و وتووەیەتی ئێرە زۆر خراپە و لەوانەیە بە مانگ لێرە بمێیننەوە و دواتریش ئەتاندەنە کەمپێکی دیکە کە وەک زیندان و ئەشکەنجەخانەیە و خواردنی بەشەرت نادەنێ و بەردەوام شەڕە و پێکدادانە و بەگشتی دۆزەخێکی پێشاندابوون. ئەمانیش هێندە بە حەماسەت و مشەوەشییەوە ئەیانگێڕایەوە، چاویان دەرپەڕیبوو و بە زمانی دەست و دەم هەوڵیان ئەدا وێنە ترسناکەکانی گێڕانەوەکەی ئەوم بۆ وێنابکەن. هەرکەس گوێ لێ بووایە، هەر بەجارێ ئەژنۆی ئەشکا!

لەناکاو قسەکەم پێ بڕین، وتم کوا ئەو سەگبابەم پێشاندەن! هەرچی چاومان گێرا نەمانبینیەوە! وتم بیگرم هەر لێرە ئەیدەمە بەر شەق و پێلاقە و داخی هەموو ئە رێگایە بەو سەگبابە ئەڕێژم. بەهەرحاڵ وەک مورووی مار بزر بوو. دوایی کە سەرنجیانم لەسەر بابەتەکە لادا، وتم راست نیە، هەرچی زووتر بەخۆ ئەکەوین و لێرە دەڕۆین.

دواتر ئەیانگێڕایەوە کە ئەو هەتیوە خوێڕی بووە، چەندین جار لەو کەمپانە هەڵاتووە و جارێ لە تێلدڕوو گیری کردبوو و دەستی دڕابوو و وەک کورتانی کەر دووریبوویانەوە!

بەهەرحاڵ چووینە نۆبە لەبەر ئەنبار و پەتوو و پێخەف و کیسەخەومان وەرگرت، هەر لەو ناو (مەمەڕ)راهڕەوەدا جێمان راخست. کوڕێکی کۆمەڵە لەوێ بوو، خەڵکی سنە بوو، ئەتگوت خانە و لە دیوەخان دانیشتووە، لەو ناوەدا پانەو ببووەوە و بە فارسییەکی سنەییانە بەزمی قسەی لەگەڵ فارسەکان گەرم کردبوو.

کە زانی ئێمە کوردین، وتی منیش کۆمەڵەم، وتم یانێ پێشمەرگە بووی، وتی نانا ئەندامم، وتم ئەندامی کام کۆمەڵە، وتی: کۆمەڵەی کاک رەزا کەعبی، دواتر وتی

نانا، ناوی چییه!؟ کاک ئیلخانی زاده! وتم زۆر باشه، بژی.

هۆڵێ له تەنێشتمان بوو، هۆڵی نەخۆشخانەکە بوو، چووین لەوێ جێگامان گرت و بە کورسی(سەندەلی)یە پێکەوە لکاوەکان جێگایەکمان درووست کرد و لێی درێژ بووین بۆ خەوتن. گڵۆپیان کوژاندەوە، ئێمەش کە ئەم جارە زیاتر ماندووی رۆحی بووین، وەنەوز و باوێشکمان زیاتر و پێویستمان به خەو زیاتر بوو، خەوتین، هاتوچۆ بەردەوام تا بەیانی هەر دەبوو و هەبوو. بە هەرجۆرێ نەبێ خەوتین و سبەینێ زوو هەڵیانستاندین بۆ کاروباری نەخۆشخانە. کارەکانمان، واکسێن و تاقیکاری خوێن هەر هەموو تەواو کرد. رۆیشتینە ناو سڕە بۆ ترانسفێر واتە دابەشکردن بەسەر کەمپەکانی دیکەدا.

من و ئەرخەوانیان بۆ ترانسفێر هەڵبژارد، بەڵام ئەژین و هادی لەبەر هێژا دەبووا بمابانەوە. دوو جار وامان بەسەر هات، ئێمەیان ئامادە ئەکرد، بەڵام لەبەر دابڕانی هادی و ئەوان نەدەچووین و ترانسفێرمان هەڵدەوەشاندەوە.

ئاخرەکەی شەوێکیتر لەگەڵ ئەوان ماینەوە. ئەو شەوەش هەر لە نەخۆشخانەکە درێژ بووین بۆ خەوتن.

لەو جۆرە شوێنانەدا مرۆڤ دەبێ زۆر وریا بێ و هیچ نەبێ پارە و پوڵێکی هەبێ، بەباشی ئاگای لێ بێ.

ئەو ناوە پڕی خەڵک بوو. جەماعەتێ تا بەیانی نەدەخەوتن و دەهاتن و دەچوون و جگەرەیان ئەکێشا. بەیانی داهات، سەعات نزیک پێنج بوو، لەناکاو بە دەنگی ئەرخەوانەوە بەخەبەر هاتم. وتی چاوێ لەخۆ بکە بزانە دزیت لێ نەکراوە؟! وتم بۆ چی بووە!؟ وتی تۆ چاو لە جانتاکەی خۆبکە، دزی لە کاک هادی کراوە.

بەهەرحاڵ چاوم لەخۆ کرد، بەڵام هیچ نەبرابوو. ئاخر شەو ئەخەوتم جانتا گچکەکەم لە ژێر جاکەتەوە ئەکردە ملم و بێ خەم بووم. تومەز هادی هەروا لەسەر پشت خەوتووە، جانتاکەشی بە کەمەر و بەرۆکیەوە بووە و کردوویانەتەوە و هەرچی تێدا بووە، بردوویانە. تەنانەت پارە وردەکەش.

ئەژینی فەقیر مۆبایلەکەشی پڕشارژ کردبوو و هادی وتبووی بیدە بەمن هەڵیگرم بۆت. ئەویشی لەو جانتایە دانابوو و ئەویشیان بردبوو. بە هەرحاڵ لەو ناوە هاوار بەرزەو بووەوە، واتە تەنیا هادی نەبوو، دزی لە زۆر کەسی دیکە کرابوو. لەوە دەچوو باندێ، گرووپێکی شارەزا و رێکخراو لەوێ ئەو کارەیان دەکرد. بەو کەتنە زۆر بێ تاقەت بووین بەڵام تازە هیچ نەدەکرا.

هەر کەس لە پاراستنی خۆی و کەلوپەلی بەرپرسیار بوو.

بە هەرحاڵ پارەو مۆبایلی هادی و ئەژین هەموو چوو، بەڵام پەکمان نەکەوت. ئەوەی پێمان مابوو نیوە بە نیوە لەگەڵ ئەوانمان دابەش کرد. ئەو رۆژەش چووینە نۆبەی ترانسفێر، بەڵام دیسان وتیان بە ئێمە، ئێوە دەنێرین، بەڵام دەبێ ئەوان لەبەر منداڵەکە جارێ بمێننەوە.

دیسانەوە خۆمان دواخستەوە و وتمان پێکەوە نەبێ ناڕۆین. بە بەرپرسی ترانسفێرەکانمان وت ئەو دوو ژنە خوشکن، با پێکەوە بین. وتیان نابێ، ئێستاش بکەونە تەک یەک، دواتر هەر لێکتان دادەبڕن.

بەهەرحاڵ ناچار بووین و بە لێک تێگەییشتن لەگەڵ ئەژین و هادی لەوێ جارێ لێک دابڕێین، بەڵام ئیدی هەر سەربە هامبۆرگماینەوە و کەشتیی بەخت و ژیانی داهاتوومان لە بەندەری هامبۆرگ لەنگەری گرت و بووینە هامبۆرگی لە وڵاتی ئاڵمان.

## تێبینی

لەم سەفەرەدا، خۆشی، ناخۆشی، دڵگرانی و زۆر شتی دیکەمان هاتەڕێ، بەڵام گرینگ ئەوە بوو کە بە سەلامەت و سەرکەوتنەوە کەشتیی سەفەرەکەمان لەو هەموو گێژاو و شەپۆل و زریانە گەیاندە کەناری ئارامیی. ئەو سەفەرە بۆ هەموومان نائاسایی بوو، بۆیە پێویستە هەر هەمووومان لێک ببوورێین.

بە هەموو کەموکوڕییەکانیشەوە، سپاس بۆ هاوکاری و هاوڕێیی هەر هەموو هاوسەفەرەکانمان و هیوامە ساغ و سەلامەت و سەرکەوتوو درێژە بە ژیان بدەن.

ئامانجی سەرەکیم لە نووسینەوەی ئەم بەسەرهاتانە یارمەتیدان و بەرچاوڕوونییە بەوانەی ئامانجێکی وایان ئەکەوێتەپێش.

ئەمە چیرۆکی سەفەرێکی ١٣ رۆژە بوو کە لێرەدا کۆتایی هات. بەڵام زۆر شتی دیکە ماوە و هەیە کە پاش گەییشتنمان رووی داوە، هی دوور و نزیک، دۆستان و ئاشنایان، ناو کەمپ و دەرەوەی کەمپ، پیاوەتی کردنمان و وەڵامدانەوەی بە ناپیاوەتی و... ، هەر هەمووی ئەنووسمەوە و بە پێی پێخۆش بوون و گونجاویی زەمەن و کات، وەک ئەم بەسەرهاتە، بەبێ گوێدانە دڵئێشان وبەبێ هیچ چەشنە سانسۆرێ بڵاوی ئەکەمەوە و هەندێکیشی لای خۆم هەڵدەگرم بۆ لەبیرنەچوونەوە و لەوانەشە بۆ داهاتوو چاپ کردن...

پێویستە، لە ناخی دڵمەوە سپاسی هاوڕێ و هاوژین و هاوخۆشی و ناخۆشی ژیانم، رەفێقی چرکەساتەکانم، "ئەرخەوان خاتوون"ی بێ وێنە بکەم کە لەم سەفەرەدا زۆری تاڵی و سوێری کێشا کە نەیکێشابوو، زۆری شتی دیت کە نەیدیتبوو و زۆر بەسەرنەهاتووی بەسەر هات. لەکورتیدا بەبێ ئەو زۆر شت نەدەکرا و نەدەبوو و سەراپای سەرکەوتنی ژیانم لەگەڵ ئەو هاوبەشە.

## (کۆتایی)